# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٣٠)- (١٦)ی ئەیلوولی ٢٠٢٤



**بەخشان زەنگەنە:**

## بازنەی گفتوگۆ پلاتفۆرمێکی کراوەیە بۆ نمایشکردنی جیاوازییەکان و گفتوگۆی ڕاشکاوانە و ڕەخنەی جددی



**دڵشاد میران:**

## ململانێی ناتەندوستی حزبەکان لە کوردستان پرسە نیشتمانییەکانی خستووەتە دەستی بێگانە

# لە بازنەی گفتوگۆ پێکەوە بیر دەکەینەوە بۆ گەیشتن بە میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکان






# سەردانی دووەم بۆ سعوودیا لە ١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥

١٣١

لەسەر بانگهێشتی فەرمیی شا عەبدوڵڵا عەبدولعەزیز ڕۆژی ١٢ی نیسانی ٢٠١٠ بە سەردانێک گەیشتینە سعوودیا. لە فڕۆکەخانە پێشوازییەکی گەرموگوڕیان لێ کردین. دواتر هەر لە فڕۆکەخانەوە ڕاستەوخۆ چووین بۆ دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ شا عەبدوڵڵا (خادم الحرمين الشريفين). شا عەبدوڵڵا بە بینینمان خۆشحاڵییەکی زۆری دەربڕی و ویسامی پلەیەکی شا عەبدولعەزیزی پێشکەش کردم و لە ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنیدا گوتی: (ڕێزێکی زۆرمان بۆ تۆ و بنەماڵەکەت هەیە، داوا دەکەم پەیوەندییەکانی نێوان عەبدولعزیز و مەلا مستەفا بپارێزین کە وەک ئەمانەت بۆمان ماوەتەوە و بەردەوام بین لەسەر پەیوەندییەکان. داوا دەکەم تۆ ڕۆڵی خۆت بگێڕیت بۆ عێراق و حکوومەتێکی هاوبەش پێک بهێنرێت.) لە بەشێکی کۆبوونەوەکەدا شا عەبدوڵڵا نیگەرانییەکانی خۆی لەمەڕ هێژۆنیی ئێران نیشان دا، هەروەها زۆریش لە مالیکی ناڕازی بوو.

هەر لە ماوەی ئەرکەکەم لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان جارێکی تریش لە ١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥ بە سەردانێکی فەرمی گەیشتینە سعوودیا و لەلایەن شا سەلمانەوە زۆر بەگەرمی پێشوازیمان لێ کرا و، شای سعوودیا ڕێزێکی زۆری گرتین. چەندان جار ئەو وتەیەی دووپات کردەوە کە ئێرە ماڵی خۆتانە. دواتر محەمەد سەلمان، جێنشینی شای سعوودیای ڕاسپارد بۆ کۆبوونەوە لەگەڵمان و گفتوگۆ لەسەر بارودۆخ و پەیوەندییەکان.

# چاپکراوی نوێ





کتێبی ( ڕۆژئاوای کوردستان، سەرۆك بارزانی... پشتیوانی و نیگەرانی لە ئایندە) بڵاوکراوەیە لە نووسینی ( ئاسۆ عەلی فەرەج)، کتێبەکە هەوڵێکە بۆ ئاشکراکردن و پەردەلادان لەسەر هەڵە و پشتگوێخستنی ئامانجە نەتەوەییەکان لەلایەن گروپەکانی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە. کە دەرفەتێکی مێژووی گەورە لە ئارادا بوو بۆ ئەوەی ئەزمونی ڕۆژئاوای کوردستان بە ئاراستەی سەرکەوتن هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵام بە داخەوە ئەم گروپانە بوونە هۆی لەدەستدانی ئەم هەلە و کۆسپ و تەگەرەیان دروست کرد و ڕێگر بوون لەوەی لەم بەشەی کوردستاندا خەونی گەورەی نەتەوەی بەدی بهێنرێت و بەرەوپێشببردرێت. هەڵەی ئەم لایەنانە- کە لەم کتێبەدا ئاماژەی پێکراوە- ئەوەبوو کە پەنایان بردبەر ئەنجامدانی ڕێککەوتنی نهێنی و ژێر بە ژێر لەگەڵ دوژمناندا، و بەم شێوەیە کارێکیان کرد کە هەم چارەنوسی پرسی کوردیان لە ڕۆژئاوا کوردستاندا ڕووبەڕووی مەترسی کردەوە و هەم هاوڵاتییانی خۆشیان کردە قوربانی.

بەشێکی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ هەوڵ و کۆششە دڵسۆز و خەمخۆرەکانی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ بایەخ و گرنگیدان بە پرسی کورد لە وڵاتی سوریا و کارکردنی بۆ بەدیهێنانی تەبایی و یەکڕیزی لە نێو برایانی ڕۆژئاوای کوردستاندا. بەشێکی کتێبەکە دۆکیۆمێنتارییە و سەلمێنەر و شاهێدیدانێکە بۆ مێژوو، کە چۆن سەرۆك مسعود بارزانی وەك سەرکردەیەکی مەزنی نەتەوەی توانا و کۆششەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ بایەخدان بە پرسی ڕۆژئاوای کوردستان.

پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە نووسەر ( ئاسۆ عەلی فەرەج) دەکەین بۆ ئەم کتێبە گرنگە و هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتر بۆ دەخوازین.

## چاپکراوی نوێ




1st Edition

# Assessment of Failed Federalism in Iraq
## Federal in Name Only

By Hemin R.A. Akreyi

Copyright 2025

د. هێمن ئاکرەیی، ئەندامی دەستەی وانەبێژانە لە بەشی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی کوردستان لە هەولێر. شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی دیاریکراوە کە بریتین لە فیدراڵیزم و سیاسەتی دەرەوە و نەوت و ئاسایش و سیاسەتی گشتی. نووسەری کتێبی (هەڵسەنگاندنێك بۆ فیدراڵیزمی شکستخوارد لە عێراقدا، فیدراڵیزم تەنیا بە ناو)ـە. کتێبەکە لە نۆ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم پێشەکی لەخۆ دەگرێت، بەشی دووەم پێداچوونەوەیە بە ئەدەبیاتی پەیوەست بە فیدراڵیزم لەو کۆمەڵگەیانەی بەدەست دابەشبوونی قووڵەوە دەناڵێنن بەگشتی، و فیدراڵیزم لە عێراقدا بەتایبەتی، لەگەڵ تیشکخستنە سەر

ئالنگارییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی فیدراڵیزم لە کۆمەڵگە پەرتبووەکاندا. هەروەها باسکردن لەو فاکتەرانەی کە سەردەکێشن بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا. بەشی سێیەم تەرخان کراوە بۆ خستنەڕوی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە، کە تێیدا بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت کراوەتەوە سەر پرسی دابەشکردنی دەسەڵات لەو کۆمەڵگەیانەی گرفتارن بەدەست دابەشبوونی قووڵەوە، لەگەڵ باسکردنی پرسی داڕشتنی دەستووری و لایەنە تیۆرییەکانی فیدراڵیزم لەم کۆمەڵگەیانەدا. بەشی چوارەم بەدواداچوون دەکات بۆ خواستی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی و بنەڕەتی دابەشکردنی دەسەڵات، ئەویش لە پێناو تێگەیشتن لەوەی کە بۆچی کورد لە عێراقی دوای سەددامدا کاریان لە پێناوی بەدەستهێنانی پێگەی فیدراڵیدا کرد، هەروەها بۆ تاوتوێکردنی بنەڕەتی سیستمە سیاسییەکە کە گرنگە پرسەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠ کاتێك بۆ یەکەمجار ئۆتۆنۆمی بە کورد بەخشرا. هەروەها ئەم بەشە تاوتوێی ئەو تیۆرانە دەکات کە حوکمرانانی بەغدا گرتیانەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆتۆنۆمیی کورددا. بەشی پێنجەم پەیوەستە بە گفتوگۆکردن لەبارەی پرۆسەی داڕشتنی دەستووری نوێی عێراق و ناکۆکییەکان لەبارەی خاکەوە. کە ئەم دەستوورە بوو پرەنسیپی فیدراڵیزمی لە عێراقدا چەسپاند. ئەگەرچی جێبەجێکردنەکەی بە شێوەیەکی خوازراو نەبوو. هەروەها وردبوونەوە لەخۆ دەگرێت لەبارەی دەرئەنجامەکانی چارەسەرنەکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لە ڕێی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوورەوە. لە هەمان کاتدا ئەم بەشە توێژینەوە لە تێڕوانینی هەندێ لە سەرکردەکان عەرەبەکان لەخۆ دەگرێت، لەبارەی پێداگریی سەرکردایەتیی کوردەوە بۆ چەسپاندنی فیدراڵیزم لە دەستوری نوێدا و ترسی دەسەڵاتدارانی عێراق لەبارەی جێبەجێکردنی دەستوور وەك خۆی. بەشی شەشەم تایبەتە بە شرۆڤەکردنی بونیادی فیدراڵییەوە، کە مێژوویی دژواری پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب لە عێراقدا تێگەیشتن و تێڕوانینی جیاوازی دروست کردووە لە نێو ئەم کۆمەڵگەیاندا لەبارەی سیستمە سیاسییەکەی عێراقەوە. ئەوە بوو سەرکردەکانی کورد لە عێراقی دوای سەددامدا پێداگرییان کرد لەسەر چەسپاندنی فیدراڵیزم لە نێو دەستووردا، ئەویش بۆ ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی تاکڕەویی عەرەب و وەك مەرجێکیشی بۆ مانەوە وەك بەشێك لە عێراق. کەواتە ئەم بەشە تێڕوانینە جیاوازەکان و ئالنگارییە جۆراوجۆرەکان لەخۆ دەگرێت کە پەیوەستن بە جێبەجێکردنی فیدراڵیزمەوە لە عێراقدا. بەشی حەوتەم تەرخان کراوە بۆ تاوتوێکردنی ئالنگارییەکانی پەیوەست بە فیدراڵیزمی داراییەوە، لەگەڵ گفتوگۆکردن لەبارەی کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت، بودجە و دابەشکردنی داهاتەوە، و ئەو ڕووداوە سەرەکییانەی کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر فیدراڵیزم و لە کۆتاییدا بوونەهۆی ئەوەی کورد پەنا بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی ببات. بەشی هەشتەم شرۆڤەکاری و گفتوگۆکردن لەخۆ دەگرێت لەبارەی ئالنگارییە ئەمنییەکانی بەردەم فیدراڵیزم و بزاوتی هەرێمی فیدراڵیی کوردستان بەرەو جیابوونەوە. لەگەڵ باسکردنی ئەو توندوتیژییە تایفەگەرییەی کە عێراق ڕووبەڕووی بووە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە. هەروەها چۆن حوکمڕانیی خراپ و کشانەوەی ئەمریکا کاریگەرییان هەبوو لەسەر سیستمە سیاسییەکە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە فیدراڵیزمەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەم بەشە باس لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دەکات و توێژینەوە دەکات لەبارەی مشتومڕی کوردەوە بۆ هۆکاری مانەوە لە عێراقدا، لە کاتێکدا کە حکومەتی عێراق نە دەتوانێت بیانپارێزێت، نە ئامادەیە ڕێگەیان پێبدات خۆیان خۆیان بپارێزن. بەشی نۆیەمیش دەرئەنجامەکان لەخۆ دەگرێت.

پیرۆزبایی لە د. هێمن ئاکرەیی دەکەین و هیواداراین لە ئەنجامدانی توێژینەوە بە پێزەکانی بەردەوام بێت.




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالّح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
ئارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی سالّح
کارزان کانەبی
رێبین رەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار رەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

ئومێد خۆشناو :



## فریاگوزاریی خێرای گەیاندنی ئاو بۆ شاری هەولێر یەکێکە لە پرۆژە ستراتیژییەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پایتەختی کوردستان

بورهان ئەرگوشی :



## ٥,٠٠٠ مامۆستای گرێبەست کرانە هەمیشەیی و ٣٨,٠٠٠ وانەبێژیش کرانە مامۆستای گرێبەست، ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ بونیادنانی کەرتی پەروەردە

مەلا سەعید مەجید ئەمین کەڵەکچی :



## کورد گەلێکی موسڵمانی ئاشتیخوازە و مێژوویەکی پڕ لە سەروەری هەیە و پێویستی بە حزبی ئیسلامی نییە


نێکۆلاس ڤێرۆن :



## سەرکەوتووترین سزا بلۆککردنی پارەکانی ڕووسیا بووە

سانا سەربەست :

**کاراتێ یارییەکی شەڕانگێزی نییە، تەنیا فێری بەرگری و ئارامگرتنت دەکات**



کوێستان ئەحمەد قادر :



**تەنیا لە سێکتەری ڕێگەوبان و قیرتاوکردن و پڕۆژەکانی شارەوانیدا لە ماوەی کابینەی نۆیەم نزیکەی حەوت ملیار دینار بۆ خەبات خەرج کراوە**

نیان تاهیر :

**پێویستە ئافرەتان چاو لە دەستی کەس نەبن و بەردەوام هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی ببن بە خاوەن کار**



**ئایا زیاد خواردنەوەی قاوە و چای پەستانی خوێن بەرزدەکاتەوە؟**



**فلاش میمۆرییەکی بەهێز لە بواری ئەمنییەوە**



**چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی مۆسکۆ بەڕێوە دەچێت**





# کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی



ڕۆژی ١٠ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢٤ بە ئامادەبوونی د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و، ژمارەیەك لە وەزیر و پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان و عێراق، نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان، دەستەبژێر و ئەکادیمیستی تێکڕای نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، نووسەر و ڕۆژنامەنووسان، ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی کتێبی سێیەمی بازنەی گفتوگۆ بەڕێوە چوو.

بەشەکانی ئەم ڕێوڕەسمە پێکهاتبوون لە نمایشکردنی ڕاپۆرتێکی مەیدانی بۆ هەڵسەنگاندنی گرنگیی گفتوگۆ بۆ ئەمڕۆی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراق، هەروەها پەنێڵێك بە ناونیشانی «گرنگیی گفتوگۆ بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان» بۆ هەردوو بەڕێزان دڵشاد میران و بەخشان زەنگە، پاشانیش خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرایە بەشداربووانی شەش ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ کە لە چوارچێوەی دوو کتێبدا بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی چاپ کرابوون.




د.سالار عوسمان
بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن:

# پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناو مێژوویەکی دەوڵەمەند و بینینێکی باش بۆ ئایندە بازنەی گفتوگۆی کردووەتە پلاتفۆرمێکی کراوە بۆ گفتوگۆی جددی و ڕەخنەی ڕاشکاوانە

لە دەسپێکی ئەم ڕێوڕەسمەدا بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە پەیڤێکدا زۆر بە گەرمی بە خێرهاتنی میوانەکانی کرد و، پاشان لەسەر ئامانج لە کردنەوەی پلاتفورمێکی کراوە بە ناوی «بازنەی گفتوگۆ» گوتی: «لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی٢٠٢٣، بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بڕیاری دا، پلاتفورمێکی کراوە بە ناوی «بازنەی گفتوگۆ» بخاتە سەرپێ، بۆ ئەوەی جیاوازییەکان کۆ بکاتەوە و، ئەوەی دوورە کە لەلای پارتی دیموکراتی کوردستان نزیکە، نزیکتر بکاتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دیدگا و ڕوانگەی پارتی بۆ ژیان و نیشتمانسازی، دوور و نزیك لەیەك مەودا دەبینێت، کە ئەویش کوردستان و ئامانجەکانیەتی، ئەم پلاتفۆرمە دامەزرا بۆ ئەوەی هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان لەژێر چەتری ڕێبازی بارزانیدا گفتوگۆ بکەن و لە پانتاییەکی تەندروستدا ڕەخنەکانیان پێشکەش بکەن».

لە بەشێکی دیکەی پەیڤەکەیدا هەڵوەستەی لەسەر ئامانجێکی دیکەی ئەم پلاتفۆرمە کردەوە، کە ئەویش «پێکەوە بیرکردنەوەیە»، لەم بارەیەوە گوتی: «ئەم پلاتفۆرمە پێی گرت و گەورە بوو، بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە ئەو بەرپرسیاریەتییە لە ئەستۆ بگرین کە پێی دەگوترێت ((پێکەوە بیرکردنەوە)) بەرپرسێتی پێکەوە کارکردن، بۆ ئەوەی بگەینە ((بەرپرسێتی گەیشتن بە چارەسەر)) کە لە ڕێگەی گفتوگۆوە ئەم چارەسەرە بەرهەم دێت، لەم چوارچێوەیەدا ئەزموونی ئەم پلاتفۆرمە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، تەنیا گفتوگۆ دەستمان دەگرێت بۆ چارەسەری گرفت و ئاریشەکانمان، هیچ کۆمەڵگەیەك خاڵی نییە لە گرفت و ئاریشە، بەڵام هەر بە دیالۆگ و گفتوگۆ چارەسەر دەکرێن، ئەم هەنگاوەی لە دروشمەوە کرد بە پەیڤ و بوونە کردار و ئێستا کۆی ١٨ ئەڵقەی گفتوگۆ لە شەش کتێبدا بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی لە بەردەستتاندایە و ئەمڕۆ لەم مەراسیمەدا شەش ئەڵقەی دوایینی ئەم گفتوگۆیانە لە دوو کتێبدا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەشتان دەکرێت.»

سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو ١٨ گفتوگۆیەی کە بووەتە ناوەڕۆکی ئەم شەش کتێبە، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ئاماژەی بەوە کرد، کە کتێبی یەکەمی بازنەی گفتوگۆ بە ناونیشانی «گفتوگۆ لەگەڵ ناڕەزایی خەڵك» پێشکەش کرا، ئەم ناونیشانە ئەوە بە هەمووان دەڵێت کە لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا دیدگایەك هەیە بەوەی پێویستە گفتوگۆ لەسەر ناڕەزایی و گازندەی خەڵك بکرێت و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

کتێبی دووەمی بازنەی گفتوگۆ بە ناونیشانی «ئالنگارییەکانی ئاسایشی نیشتمانی» بوو، ئەو ئالنگارییانەی بەردەوام لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، بۆ ئەمەش پارتی دیموکراتی کوردستان شانی داوەتە بەر ئەم ئالنگارییانە، کە خەڵکانی دیکە زۆر دوورن لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی ئەم ئالنگارییانە، بۆیە ئێمە ویستمان بیکەینە بابەت و مژار و گفتوگۆی جددی لەسەر بکەین، ئەم دوو کتێبە ئێستا بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لە ناو کتێبخانەی کوردستاندان.

کتێبی سێیەمی بازنەی گفتوگۆ کە لەم مەراسیمەدا پێشکەشتان دەکەین، ناونیشانەکەی زۆر گرنگە «کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی»، لە واقیعی ئێستای پرۆسەی سیاسیدا، کوردستان وەك «خاك، مێژوو، جوگرافیا، حوکمڕانی، پەرلەمان، حکومەت، دۆز»، پڕە لە ململانێ، پرسیاری گرنگ ئەوەیە چۆن لە ناو ئەم ململانێیەدا باش ببینین؟ چۆن بتوانین دروست بپەڕینەوە بۆ چارەسەر؟ لەم کتێبەدا گفتوگۆکان بەو ئاراستەیەن کە پێشنیار و ڕاسپاردەی هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق لەخۆی گرتووە و چەندین ڕاسپاردە و پێشنیاری هەمەجۆریشی لەخۆ گرتووە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە.

بازنەی گفتوگۆ، وەك پلاتفۆرمێکی کراوە و ئازاد، گفتوگۆ لە دوای گفتوگۆ فەزای خۆی فراوانتر کرد، جیا لەوەی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بووە سەکۆیەك بۆ تێکڕای

**کتێبی یەکەمی بازنەی گفتوگۆ بە ناونیشانی «گفتوگۆ لەگەڵ ناڕەزایی خەڵک» پێشکەش کرا، ئەم ناونیشانە ئەوە بە هەمووان دەڵێت کە لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا دیدگایەک هەیە بەوەی پێویستە گفتوگۆ لەسەر ناڕەزایی و گازندەی خەڵک بکرێت و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە**

**پارتی دیموکراتی کوردستان شانی داوەتە بەر ئەم ئالنگارییانە، کە خەڵکانی دیکە زۆر دوورن لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی ئەم ئالنگارییانە**

**ئاستی بەرزی گفتوکان و ڕاشکاویی ڕەخنەکان لە ئاستێکدان، کە دەبێت ببنە کردار و حزب و حکومەت لە کوردستان بیکاتە بەرنامەی کار و لە پەیڤەوە بیانکاتە کردار**



بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکانی لایەنەکانی کوردستان و دید و تێڕوانینی کۆی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، لە هەمان کاتدا هەنگاوی هەڵگرت بۆ ئەوەی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی عێراق (بە سوننە و شیعە)وە، بەشداریی ئەم گفتوگۆیانە بکەن و زەمینەیەك دروست ببێت بۆ ئەوەی کێشەکانی تێکڕای عێراق و کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ئاماژەی بەوە کرد «لە ناو ئەم سێ کتێبەی بازنەی گفتوگۆ کە ژمارەی لاپەڕەکانی ١٤٦٣ لاپەڕەیە، ١٤٠ میوان لە سەرتاسەری کوردستان و عێراق، لەو پەڕی جیاوازی لە پارتی دیموکراتی کوردستان تا دەگاتە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەشدارییان تێدا کردووە، زیاتر لە دەیان هەزار هاووڵاتی لە تەواوی جوگرافیای بەرینی کوردستاندا هەر لە زاخۆوە هەتا مەندەلی بەشدارییان لە ڕاپرسییەکانماندا کردووە، بۆ پێکەوە گرێدانەوەی ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان لەگەڵ گفتوگۆکانی بازنەی گفتوگۆدا، بەشداربووانی گفتوگۆکان، کەسایەتیی دەستەبژێر و ئەکادیمیست و سیاسەتمەدار و نیشتمانپەروەر لێدوانیان بۆ ڕاپۆرتە مەیدانییەکانی بازنەی گفتوگۆ داوە، لە ناو گفتوگۆکاندا لەسەر سکرین بۆ ئامادەبووان نمایش کراوە.

کردنەوەی ئەم پلاتفۆرمە کراوەیە بۆ گفتوگۆی ئازاد لەسەر پرسە هەستیارەکانی ئەم نیشتمانە و، هێنانەکایەی فەزایەك بۆ ڕەخنەی جدی و دەست خستنە برینەکان، بە ڕادەیەك جێگەی سەرسامیی میوانەکانی بازنەی گفتوگۆ بووە، کە بەشێك لە میوانانی لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی عێراق (بە سوننە و شیعە)وە، لەگەڵ خۆیاندا کامێرا و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی خۆیان هێنابوو، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی تایبەتی



ڤیدیۆیی بۆ کەناڵە عەرەبییەکانی عێراق لەسەر گرنگیی بازنەی گفتوگۆ ئامادە بکەن، لە ناو گفتوگۆکاندا پێیان گوتین ناوەرۆکی ئەم گفتوگۆیانەی بازنەی گفتوگۆ دەکەینە ڕاپۆرت و بەرزی دەکەینەوە بۆ کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان جێگەی شانازییە بۆ بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە کەسایەتی و سیاسەتمەداری تەواوی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و کەسایەتیی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، هەڵسەنگاندنیان بۆ گفتوگۆکان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی پێمان دەڵێن «لە ٣٠ساڵی ڕابردوودا هیچ حزبێکی سیاسی نەیتوانیوە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق هەنگاو بەم ئاراستەیە هەڵبگرێت، ئاستی بەرزی گفتوگۆکان و ڕاشکاویی ڕەخنەکان لە ئاستێکدان، کە دەبێت ببنە کردار و حزب و حکومەت لە کوردستان بیکاتە بەرنامەی کار و لە پەیڤەوە بیانکاتە کردار»، لەسەر ئاستی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، وێڕای پشتگیریی تەواویان بۆ «بازنەی گفتوگۆ»، شانازی دەکەین کە پێیان گوتین: «ئەمە تەرجەمەی ڕاستەقینەی ڕێبازی بارزانییە، لەبەر ئەوەی ڕێبازی بارزانی گفتوگۆ و یەکتری قبووڵکردنە».

لەم چوارچێوەیەدا و لە بەشێکی پەیڤەکەیدا د.سالار عوسمان گوتی: «بە بەرپرسیارێتییەوە ئەم قسەیە دەکەین، کە باشترین گفتوگۆی ئەم قۆناغە لەناو بازنەی گفتوگۆدا ئەنجام دراوە. ئەوە لۆژیك و سیاسەتی پارتی و بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە بە ئەقڵێکی هێمن و دڵێکی گەرم، بە پشتبەستن بە مێژوویەکی دەوڵەمەند و بینینێکی باش بۆ ئایندە، بازنەی گفتوگۆی کردووەتە پلاتفۆرمێکی ئازاد بۆ گفتوگۆی جددی و ڕەخنەی ڕاشکاوانە و، ئەم پلاتفۆرمە بەردەوامە و لە ئایندەشدا هەر بەردەوام دەبێت».


KDP
1946

# گرنگیی گفتوگۆ بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان

# پانێڵی بازنەی گفتوگۆ

«گرنگیی گفتوگۆ بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان»، ناونیشانی ئەو پەنێڵە بوو کە لە ڕێورەسمی دابەشکردنی کتێبی سێیەمی بازنەی گفتوگۆ «کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی» بەڕێوەچوو بۆ هەر یەك لە بەڕێزان:

- دڵشاد میران دیپلۆمات و سیاسەتمەدار.
- پەخشان زەنگەنە سیاسەتمەدار و ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان.

لەم پەنێڵەدا بێجگە لە گفتوگۆی هەردوو بەڕێزان لەسەر «گرنگیی گفتوگۆ بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان»، بەشێك لە ئامادەبووانی ڕێورەسمەکەش بە لێدوان و پێشنیار و ڕاسپاردەی گرنگ ناوەڕۆکی پانێڵەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

ئەم پانێڵە لەلایەن شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ بەڕێوەبردرا.





**پەخشان زەنگەنە**

**سیاسەتمەدار و ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان:**

# باشترین ئامراز بۆ تێپەڕاندنی ئاڵنگارییەکان گفتوگۆی جددییە لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان

**بازنەی گفتوگۆ پلاتفۆرمێکی کراوەیە بۆ نمایشکردنی جیاوازییەکان**

پێش ئەوەی قسە لەسەر «گرنگیی گفتوگۆ بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان» بکات، پەخشان زەنگەنە گوتی: «بە پێویستی دەزانم زۆر سوپاسی بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەم، کە دەرفەتی ئازادانەی بۆ تێکرای بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان ڕەخساندووە کە لەسەر بابەتە هەستیارەکان بە ڕاشکاوی گفتوگۆ بکەن و ڕەخنە و پێشنیاری جددی و ڕاسپاردەی گرنگ بخەنەڕوو. وەك خۆم بەشداریم لە گفتوگۆکانی «بازنەی گفتوگۆ» کردووە و زۆر سوپاسیان دەکەم کە بۆ ئەو گفتوگۆ گرنگە بانگهێشتیان کردووم و بەشداریم تێدا کردووە».

سەبارەت بە گرنگیی گفتوگۆ بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە ئێستا کە کوردستان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە، بەڕێزیان بەمجۆرە چووە ناو بابەتەکە «ئەم بابەتە (گرنگیی گفتوگۆ)، پرسیاری ئێستا و دوێنێ و سەردەمی پێشمەرگایەتیی شاخ و تەواوی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانە، ئەمەش لەبەر ئەو هۆکارەیە کە دەتوانم بڵێم هەمیشە هێزە سیاسییەکانی کوردستان پێویستیان بەوە بووە کە جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە، بوونی «گفتوگۆ» لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوانیان چەند گرنگە.

ئەگەر سەیری بارودۆخی ئێستا هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا ڕاشکاوانە دەڵێم: لە ناو ئەو هەموو ئالنگارییانەی دەوریان گرتووین، لە بارودۆخێکداین کەس حەسوودیمان پێ نابات.

کوردستانێك بە چەندین جۆر مینچێن کراوە، ڕووبەڕووی ئالنگاری هەمەجۆر بووەتەوە وەك ئاستی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی عێراق، ئاگرێك لە ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبینین کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پریشکەکانی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت. دەوڵەت نین هەتا پشتیوانیی نێودەوڵەتیمان هەبێت، خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز نین، کە ئەم ئابوورییە بەکار بهێنین بۆ تێپەڕاندنی ئالنگارییەکان، چەندین فاکتەری دیکەش هەن. هەر بۆیە ئەگەر لەناو ئەم کێڵگە بە مین چێنراوەدا سەیری خۆمان بکەین، دەبینین بێجگە لە گفتوگۆ و یەکتری قبووڵکردن ئامرازێکی دیکەمان بە دەستەوە نییە، بۆیە دەبێت هەموومان بگەینە ئەو قەناعەتەی بۆ ئەم قۆناغە پێویستمان بە گفتوگۆ و یەکدەنگییە.

من ناڵێم «یەکبوون» لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان بەو جیاوازییانەوە جوانە، ناشڵێم «ببین بە یەك»، لەبەر ئەوەی ئەوە مەحاڵە و هەرگیز نابین بە یەك.

بۆ ئەم بارودۆخە قسەیەکی هاوڕێ عەزیز محەمەد یادی بەخێر بە بیر دەهێنمەوە، کە هەموو کات جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە بەوەی دەبێت «لەناو ئەو هەموو کێشە و ئالنگاریانەدا پانتاییەك بدۆزینەوە پێکەوە کۆمان بکاتەوە»، بەتایبەتی ئەو پرسانەی پەیوەندی بە چارەنووس و ئایندەی ئەم نیشتمانەوە هەیە، ئەمەش بەو مانایەی دەبێت حزبە سیاسییەکان دەستبەرداری هەندێك دەستکەوتی حزبیی خۆیان ببن و دەبێت ڕەهەندە نیشتمانییەکان کۆمان بکاتەوە.

هەر بۆ نموونە پرۆسەی ڕیفراندۆم ئەگەر نەڵێم هەمووش، ئەوا بەشی هەرە زۆری حزب و لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستانی پێکەوە کۆکردەوە، هەموو پێکەوە بەبێ ئەوەی بپرسین، سەر بە کام حزبین، یان کام نەتەوە و ئایین، هەموو چووینە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بە «بەڵێ» دەنگمان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، هەروەها لە نووسینەوەی دەستووری عێراق و پاشانیش بۆ دەنگدان لەسەر پەسەندکردنی دەستوورەکە دیسان هەموومانی پێکەوە کۆکردەوە و زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەشدارییان لە ڕاپرسیی دەستووردا کرد.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆ ئێستا پانتاییەك هەموومان پێکەوە کۆ ناکاتەوە؟، وەك دەڵێن «ساڵێك گفتوگۆ لە کاتژمێرێك شەڕ باشترە»، بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە بۆچی ناتوانین پێکەوە گفتوگۆی ڕاشکاوانە بکەین؟ ئایا کێشەکانی نێوانمان هێندە قووڵن، هێندە جیاوازی فیکرین، جیاوازی سیاسیمان بەو ئاستەیە نەتوانین پێکەوە گفتوگۆ بکەین؟ بەداخەوە زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم: ئەو جیاوازییانە هیچیان بەربەست نین بۆ ئەوەی نەتوانین پێکەوە گفتوگۆ بکەین، بەڵکو بەرژەوەندی پەرستی و تێڕوانینی تەسکی حزبەکانە کە ڕێگرن؟

**دەبێت حزبە سیاسییەکان دەستبەرداری هەندێک دەستکەوتی حزبیی خۆیان ببن و دەبێت ڕەهەندە نیشتمانییەکان کۆمان بکاتەوە**

**ئێستا لە بەغدا نەک تەنیا هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی لە فیدراڵییەت پاشگەز ببنەوە و بمانگێڕنەوە بۆ سەنترالی، بەڵکو هەوڵ هەیە یەکێک لە مەزهەبەکان (شیعە) دەیەوێت حوکمڕانی هەموو عێراق بکات**

**دەبێت حزبەکان بەشی ئەوەی تێدا بهێڵنەوە کە سبەی دوای هەڵبژاردن ڕوویان بێت پێکەوە دابنیشنەوە**

### بارودۆخی کوردستان دەڵەمەیە بەرگەی زەمانی زبری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ناگرێت

لەبەشێکی دیکەی پەیڤەکانیدا و سەبارەت بە هەستیاری ئەم قۆناغەی هەرێمی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، پەخشان زەنگەنە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە «هەموومان دەزانین لە بارودۆخی ئێستا کوردستان دەڵەمەیە، لەوانەیە هەندێك بڵێن دەڵەمەی چی؟ ئەزموونی کوردستان تەمەنی زیاتر لە ٣٠ ساڵە، بەڵام من دەڵێم: «دەڵەمەیە»، بەو مانایەی هێشتا ئەزموونەکە کامڵ نەبووە و خۆی نەگرتووە، ئێمە لە هەستیارترین قۆناغداین، پەیوەندییەکانمان زۆر باش نین. ئێستا لە بەغدا نەك تەنیا هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی لە فیدراڵییەت پاشگەز ببنەوە و بمانگێڕنەوە بۆ سەنتراڵی، بەڵکو هەوڵ هەیە یەکێك لە مەزهەبەکان (شیعە) دەیەوێت حوکمڕانی هەموو عێراق بکات، بێگومان ئەمەش پاشخانێکی مێژوویی هەیە و دەستی دەرەکیشی لە پشتە، لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، پەیوەندیی نێوان حزبە سیاسییەکان باش نییە، لێرەوەش بەرەو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی کوردستان دەچین، دەبینین هەر حزبەو بە لای خۆی دەبات و دەست دەکرێت بە گوتنی قسەی زبر و نەشیاو بە یەکتری، وەك ئەوەی جارێکی دیکە پێکەوە کۆ نەبنەوە، حزبەکان دەبێت ئەو واقیعەیان لەبەر چاو بێت، هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، هەڵبژاردنی دەوڵەتێکی وەك ئەمریکا نییە، لەوێ دوای هەڵبژاردن کاندیدی یەك حزبە دەبێتە سەرۆك کۆمار و پاشان حکومەت دروست دەکات، کاندیدەکان یەکتری نابیننەوە و پێکەوە کار ناکەن، بەڵام بە حوکمی واقیعی سیاسیی کوردستان، کە دوو زۆنە، حزبێك بە تەنیا ناتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، ئەوا سبەی دەبێت پێکەوە دابنیشن و گفتوگۆ بکەن، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە، دەبێت حزبەکان بەشی ئەوەی تێدا بهێڵنەوە کە سبەی دوای هەڵبژاردن رووبەڕووی بێت پێکەوە دابنیشنەوە.

ئەو زمانە زبرەی کە پێش راگەیاندنی فەرمیی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە حزبەکانەوە گوێبیستی دەبین، بە ڕاستی جێگەی شەرمەزارییە و کاریگەری قووڵی دەبێت لەسەر دڵنیایی و متمانەی گەلی کوردستان بە پرۆسەی هەڵبژاردن، دەبێتە هۆکاری ئەوەی گەلی کوردستان لەناو خۆیدا دابەش بێت و شوێن ئەو زمانە زبر و ناشارستانییە بکەون، کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی گەل متمانەی بە هیچ شتێك نەمێنێت. هەروەها کێشەی سەرەکیی ئەم زمانە زبرە لەسەر کاندیدانی ئافرەتە کە بە جۆرێك هێرشیان دەکرێتە سەر کەرامەت و پێگەی کۆمەڵایەتییان بریندار دەکەن. لەمەش زیاتر کە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم، حزبە سیاسییەکان کە بەم زمانی زبر و بریندارکەر و خراپە دەستیان داوەتە هەڵمەتی هەڵبژاردن، دەبێت ئەوەیان لەبەر چاو بێت، کۆمەڵگەی ئێمە لەناو یەك خێزاندا، لەناو خزم و کەسوکارماندا، ئەندام و لایەنگری تێکڕای حزبەکانی کوردستان بوونیان هەیە، بۆیە ئەگەر بەم زمانە زبرە هەڵمەت بکرێت، شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە لەبەر یەك هەڵدەوەشێت.

ئەوجا با هەڵوەستەیەك لە سەر ناوی ئەو کاندیدانە بکەین کە حزبە سیاسییەکان بۆ دەنگ کۆکردنەوە کاندیدیان کردوون و سبەینێ دەیانکەنە ئەندامی پەرلەمان، کە پەرلەمان باڵاترین دەسەڵاتی وڵاتە، ئەو خەڵکە ئاست نزمە کە سبەی حزبەکان دەیانکەنە ئەندام پەرلەمان، سبەی لەناو پەرلەماندا سەرۆکی حکومەت بانگهێشت دەکات و پرسیاری ئاراستە دەکات، وەزیر بانگهێشت دەکات و لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات.

لە دوماهیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، ئێمە داوای ئەوە ناکەین کە هەڵبژاردنێکی ١٠٠٪ پاك و بێگەرد لە کوردستان ئەنجام دەدرێت، بەڵکو داوای ئەوە دەکەین هەڵبژاردنێك ئەنجام بدەین، نزیك بێت لە هەڵبژاردنی گەلێکی تینوو بۆ «دیموکراتی، ژیانێکی ئازاد و نزیك بێت لە خواستی گەل». بۆیە هیوادارم حزبە سیاسییەکان بیر لە هەموو ڕەهەندەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردستان بکەنەوە، واز لەو زمانە زبرە ناشارستانییە بهێنن، بۆ ئەوەی ڕێزێك بۆ کۆمەڵگە و ژیانی سیاسی و حزبایەتی لە کوردستاندا بمێنێت.

**ئەو زمانە زبرەی کە پێش راگەیاندنی فەرمیی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە حزبەکانەوە گوێبیستی دەبین، بە ڕاستی جێگەی شەرمەزارییە و کاریگەری قووڵی دەبێت لەسەر دڵنیایی و متمانەی گەلی کوردستان بە پرۆسەی هەڵبژاردن**

**کێشەی سەرەکیی ئەم زمانە زبرە لەسەر کاندیدانی ئافرەتە کە بە جۆرێك هێرشیان دەکرێتە سەر کەرامەت و پێگەی کۆمەڵایەتییان بریندار دەکەن**



## دڵشاد میران

دیپلۆمات و سیاسەتمەدار:

# ململانێی ناتەندوستی حزبی لە کوردستان پرسە نیشتمانییەکانی خستووەتە دەستی بێگانە

**بەغدا بە بەرنامە مافەکانی گەلی کوردستانی پشتگوێ خستووە**

سەبارەت بە گرنگیی ئۆرگانی «بازنەی گفتوگۆ»ی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و گرنگیی گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی دڵشاد میران گوتی: «پێش هەموو شت دەستخۆشی لە بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، بە ڕاستی پلاتفۆرمێکی ئازاد و کراوەیە بۆ گفتوگۆ و خۆم بەشدار بووم لە گفتوگۆکانی ئەم بازنەیە و ئێستاش خۆم بە شەرەفمەند دەزانم کە بانگهێشت کراوم بۆ ئەوەی لەم پانێڵە گرنگەدا یەکێك بم لەو بەشداربووانەی قسە لەسەر گرنگیی گفتوگۆ بکەم.

ئاشکرایە گفتوگۆ واتە «پێکەوە بیرکردنەوە»، بۆیە سوودێکی یەکجار زۆری هەیە و، ئەگەر نەتوانێت کێشەکانیش چارەسەر بکات، بەڵام زەمینەیەك دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی پێکەوە میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەکان دەستنیشان بکەین. لەم خاڵەوە ئەگەر باس لە گفتوگۆی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بکەین، ئەوا لە ئێستادا گەیشتووینەتە ئەو خاڵەی کە لەلایەن هێزە سیاسییەکانی عێراق کە ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، مافە دەستوورییەکانی هەرێم پشتگوێ خراون، لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو مەبەستم ئەوەیە ئەوەی پێی دەگوترێت «عێراق»، حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق ئەوەیان پەیڕەو کردووە و بە بەرنامە مافەکانی خەڵکی کوردستانیان پشتگوێ خستووە، بە واقیعیش دەیبینین، ئەوە باری مووچە بڕینی فەرمانبەرانی کوردستانە، ئەوە بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە و زۆر لایەنی دیکەش.

بەڵام خاڵی گەوهەری و گرنگ کە پێویستە هەڵوەستەی جددی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە پرسەکە پەیوەندی بە ناوخۆی پرۆسەی سیاسیی

**نەک هەر لەگەڵ حکومەتی عێراق، بەڵکو لەگەڵ هەر لایەنێکی دیکەی هەرێمی و نیودەوڵەتیش ئێمە گفتوگۆ بکەین، ئەوا لەو ڕوانگەیەوە سەیرمان دەکەن، ئێمە لەناوخۆی خۆماندا چەند یەکگرتووین**

**کۆی کێشەکانی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئێمە لە ناوخۆماندا پەرتەوازەین و یەکگرتوو نین**

**گەورەترین هەڵەی ئێمە ئەوە بوو، کێشەکانی هەرێمی کوردستانمان بردە بەغدا بۆ ئەوەی لەوێ چارەسەریان بکەین**

**لە هەرێمی کوردستان، پرسە نیشتمانییەکان خراونەتە شوێنی دەستکەوتی حزبی، بە ناوی ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنە، دەیەوێت هەموو کوردستان تێك بدات و هەرێمی کوردستان بوونی نەمێنێت**

هەرێمی کوردستانەوە هەیە، لەبەر ئەوەی نەك هەر لەگەڵ حکومەتی عێراق، بەڵکو لەگەڵ هەر لایەنێکی دیکەی هەرێمی و نیودەوڵەتیش ئێمە گفتوگۆ بکەین، ئەوا لەو ڕوانگەیەوە سەیرمان دەکەن، ئێمە لەناوخۆی خۆماندا چەند یەکگرتووین، کە هەڵوێستی یەکگرتوومان نەبوو، بەرانبەر هەوڵ دەدات سوود لەو پەرتەوازییە وەربگرێت و گفتوگۆکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی یەکلایی بکاتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا، کۆی کێشەکانی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئێمە لە ناوخۆماندا پەرتەوازەین و یەکگرتوو نین. هەر بۆ نموونە لایەنێکی سیاسی هەوڵ دەدات کە کوردستان پێش بکەوێت، مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بەدەست بهێنێت و پێشێل نەکرێن، ژێرخانەکانی ئەم وڵاتە دووبارە بونیاد بنرێنەوە، ئەگەر لایەنێکی سیاسیی دیکە هەوڵ بدات ئاستەنگ بۆ ئەم ئاراستەیە دروست بکات و ببێتە ڕێگر بۆ بەدیهێنانی ئەم دەستکەوتانە، ئەوا پرۆسەکە سەرکەوتوو نابێت. بەداخەوە کێشەی ئەم گەلە قارەمان و گەورەیە، ئەوەیە پرسە نیشتمانییەکانمان خستووەتە بەردەستی بێگانە، گەورەترین هەڵەی ئێمە ئەوە بوو، کێشەکانی هەرێمی کوردستانمان بردە بەغدا بۆ ئەوەی لەوێ چارەسەریان بکەین، بۆیە ئەوانیش بە سینگێکی فراوانەوە لێیان وەرگرتین، چۆن مەبەستیان بوو، بەو جۆرە چارەسەریان کرد و، سەرەنجام شکۆی هەرێم و گەلی کوردستان زەرەری کرد.

**کۆی هێزە سیاسییە عەرەبەکانی عێراق بڕوایان بە سیستمی فیدراڵی نییە**

ئومێدی هەموو خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئەوە هەڵچنراوە کە لایەنە سیاسییە عەرەبەکانی عێراق بە (سوننە و شیعە)وە بگەنە قەناعەت کە سیستمی فیدراڵی واتە فرەیی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە، بەڵام هەتا ئێستا ئەم قەناعەتە بوونی نییە و لەم بارەوە دڵشاد میران دەڵێت: «هەموو ئەو لایەنە سیاسییە عەرەبانە (بە شیعە و سوننەوە) کە ئێستا لە دەسەڵاتدان لە عێراقدا (بە ئیسلامی و غەیرە ئیسلامییەوە)، هەتا ئێستا نە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە بڕوایان بە سیستمی فیدراڵی هەبێت و دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی بونیاد بنرێتەوە، ئەمەش بەو مانایەی نەگەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەم نیشتمانە پێکهاتووە لە دوو نەتەوەی سەرەکی (کورد و عەرەب) و لە کۆمەڵێك پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی جیاواز پێکهاتووە. بۆیە هەموو هەوڵێك دەدەن، هەوڵەکانیشیان بەردەوامن بۆ ئەوەی بمانگێڕنەوە بۆ سەنتراڵی و لەمەش خراپتر هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی عێراق بکەنە دەوڵەتێکی ئیسلامی.

بەداخەوە ئەم سێ چەمکە (هاوسەنگی، هاوبەشی، پێکەوەسازان) کە لە سەرەتای دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق کۆی لایەنە سیاسییەکان لەسەر ڕێککەوتوون و لە دەستووریشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، ساڵ لە دوای ساڵ لاوازتر کراوە، هۆکاری سەرەکییش کە زەمینەی ڕەخساندووە لایەنەکانی عێراق ئەم پرەنسیپە ژێر پێ بخەن، پەیوەندی بە پەرتەوازەیی خۆمان و پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستانەوە هەیە. کاتی خۆی کە تا ڕاددەیەك وێڕای جیاوازیی نێوان حزبەکان، جۆرێك لە یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستی لە نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستان هەبوو، لایەنە عێراقییەکان نەیاندەتوانی پێشێلی ئەم پرەنسیپانە بکەن، بەڵام کە پەرتەوازەیی دروست بوو، ئیدی ئەو زەمینەیە دروست بوو کە بە ئاشکرا ئەو پرەنسیپانە پێشێل بکرێن.

کێشەی سەرەکیی ئێمە ئەوەیە هەتا ئێستا لەناو حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا، حزب هەیە جیاوازی لە نێوان پرسە نیشتمانییەکان و دەستکەوتی حزبی خۆیان ناکەن. پرسە نیشتمانییەکان پیرۆزن. با سەیری وڵاتانی دەرودراوسێی خۆمان بکەین، دەبینین لایەنی سیاسی هەیە، ئەوپەڕی ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتە، بەڵام وڵاتەکەی خۆی خۆش دەوێت و کارێك ناکات، شکۆی وڵاتەکەی بێتە خوارەوە.

لەناو خۆی عێراقدا، با سەیری پارێزگایەکی وەك پارێزگای بەسرا بکەین، کە ئەو کێشەی نەبوونی خزمەتگوزاریانەیان هەیە، بەڵام کە خۆپیشاندان دەکەن، ئاڵای عێراق بەرز دەکەنەوە و سووکایەتی بە ئاڵای وڵاتەکەی خۆیان ناکەن.

بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان، پرسە نیشتمانییەکان خراونەتە شوێنی دەستکەوتی حزبی، بە ناوی ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنە، دەیەوێت هەموو کوردستان تێك بدات و هەرێمی کوردستان بوونی نەمێنێت.

### پێویستمان بەوەیە پلاتفۆڕمی گفتوگۆکان فراوانتر بکرێت

ئەزموونی «بازنەی گفتوگۆ» کە بەشی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە، گرنگە فراوانتر بکرێت. گرنگە زۆر لایەن و خەڵکی دیکە بێنە ناو ئەم گفتوگۆیانە بۆ ئەوەی ئەم پەیڤ و بۆچوونانەی ئاڵوگۆڕ دەکرێن بکرێنە کردار و بچەسپێنرێن، واتە بیکەینە میکانیزمێك بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئەم بارودۆخە هەبێت و هێوری بکەینەوە.

گفتوگۆ وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد واتە «پێکەوە بیرکردنەوە»، ئەگەر پێکەوە بیرمان کردەوە، لێکتێگەیشتنی هاوبەش لە نێوانمان دروست دەبێت و هەنگاو بۆ ئەوە هەڵدەگرین لەسەر پرسە نیشتمانییەکان یەك هەڵوێست و یەکگرتوو بین، لەم حاڵەتەدا کە بەغداش دەبینێ لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا جۆرێك لە یەکڕیزی و یەکگرتوویی هەیە، ناتوانێت وەك ئێستا مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، دەبێت ئەوەش بخەینە بەرچاو کاتێك باسی لایەنە سیاسییەکانی عێراق دەکەین (بە سوننە و شیعەوە) ئەوانیش لەناوخۆی خۆیان بێ کێشە و گرفت نین، ئەوانیش ململانێ و کێشەیان لەگەڵ یەکدی هەیە، بۆیە ئەگەر لایەنی کوردستانی یەك هەڵوێست بێت، ئەوا ئەوانیش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، یان بەدەستهێنانی دەستکەوتێك بۆ خۆیان ناچار دەبن سازش لەگەڵ لایەنی کوردستانی بکەن و ئەوەی ئێستا دژایەتی دەکەن، سبەی پشتگیری دەکەن.

لە دوماهیدا دەخوازم ئاماژە بەوە بکەم، کە وێڕای ئەوەی بارودۆخەکە ئاڵۆزە، بەڵام پرسەکە وای بەسەر نەهاتووە دەستی لێ بشۆین. ڕاستە لە عێراقدا نەوەی تازەی سیاسی پەیدا بوون، کە ئاگاداری خەباتی سیاسیی هاوبەش و نەهامەتییەکانی عێراق نەبوون و، ئەم نەوە تازەیە بۆچوونێکی دیکەیان هەیە، بەڵام ئەگەر پرۆسەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا یەکهەڵوێست و یەکگرتوو بێت لەسەر پرسە نیشتمانییەکان، ئەوا ئومێد زۆرە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆری ئامانجەکانمان بەدەست بهێنین».



**خەڵات شوانی**

**ڕاگەیاندکار:**

## بارودۆخی ئێستای کوردستان پێویستی بەوەیە کوردایەتی بکەین، نەک حزبایەتی

ئومێدی ئێمە ئەوەیە کۆی ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان لە خزمەتی وڵاتی خۆمانەوە دەست پێبکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەی پشتگوێ خستنی خاك و بەها بەرزەکانی نیشتمان و چڕکردنەوەی کۆی پرسەکان لە ململانێی حزبە سیاسییەکاندا هیچ سوودێك ناگەیەنێت، بە پێچەوانەوە زیانێکی گەورە بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت.

گرنگە بایەخ بە گەنجان بدرێت و بە گیانی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی پەروەردەیان بکەین، بۆ ئەوەی زەمینەیەك بێتە ئاراوە، بە گیانی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی ئەم وڵاتەی خۆمان ئاوەدان بکەینەوە و بەرەو پێشی بەرین.

**د.سەباح خۆشناو پسپۆری بواری و دارایی گشتی:**

## کێشەکانی هەرێمی کوردستان بە دارشتنی پلانی ستراتیژی چارەسەر دەبن



چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان پێویستی بە پلانی ستراتیژی هەیە، ئەمەش واتە «شرۆڤەکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان و دیاریکردنی دەرفەت و ئالنگارییەکان. ئەم پلانە ستراتیژییە دەرگامان بۆ دەکاتەوە لە گشت بوارەکانی کۆمەڵگەدا، وەك ئابوری، دارایی، کارگێری، سەربازی، ئاسایش و پۆلیس» تا خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خۆمان بزانین، هەروەها بزانین دەرفەتەکانمان چین و ئەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە چین.

ئێمە زۆر جار پێشنیازی ئەوەمان کردووە کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە بۆردێکی ڕاوێژکاری هەیە بۆ هەردوو ئاستی یاساداتان کە پەرلەمانە و هەروەها بۆ ئاستی جێبەجێکردن کە حکومەتە، بەداخەوە لە ئێستادا حزبەکان خەڵکی پسپۆڕ کاندید ناکەن بۆ ئەوەی لە پەرلەماندا ڕۆڵی خۆیان بگێرن، بەتایبەتی کە لە ئێستای کوردستاندا بە دەیان و سەدان پسپۆڕمان لە هەموو بوارەکانی «یاسا، دەستوور، یاسای دەستووری، زانستی سیاسەت، ئابووری، دارایی و.. هتد» هەیە.

**د.محەمەد بازیانی وتەبێژی فەرمیی بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامی کوردستان:**

## ئەم قۆناغەی ئێستای کوردستان پێویستیی بە دەستپێشخەریی گەورەی کاك مسعود بارزانی هەیە



بۆ بارودۆخی ئێستا کوردستان، ئەنجامدانی ئەم جۆرە گفتوگۆیانە زۆر پێویستن، بەتایبەتی لە ئێستادا هەتا دانوستاندن و لەگەڵ یەکدی بکەین و لەیەك نزیك ببینەوە و لێکتێگەیشتن هەبێت و ئاگاداری بیروبۆچوونی یەکتری بین، زەمینەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دێتە ئاراوە.

بۆ ئەم قۆناغە هەستیارەی پێیدا تێدەپەڕین، گرنگە ئەو پرسیارە بکەین کە «چی پێویستە لەسەرمان بیکەین؟» لەگەڵ ئەوەی کێشەکانمان زۆرن، بەڵام ئێمە پێویستمان بە دەستپێشخەریی گەورە پیاوانی ئەم وڵاتە هەیە. لە زمانی عەرەبیدا پەندێك هەیە دەڵێت: «و تصغر في عين العظيم العظائم وتكبر في عين الصغير صغارها»، ئەمە مانای ئەوەیە لە چاوی پیاوانی گەورەدا شتی زۆر گەورە، بچووك دەبێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەبەر ئەوەی ئەقڵ و لۆژیکێکی گەورەی هەیە، دەتوانێت کێشە گەورەکان بچووك بکاتەوە و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە.

پێموا نییە ئێمە لە کوردستاندا ژمارەیەك گەورە پیاوی لەو جۆرەمان نەبێت، بۆیە وەك پێشنیارێك بۆ ئەم دانیشتنە، پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئێمە لە کوردستان ١٠٠ کەسایەتی لەو پیاوە گەورانە هەڵبژێرین کە هیچ پێویستان بە پلە و پۆست و پارە نەبێت، با ئەم ١٠٠ کەسایەتییە ڕاوێژیان پێ بکەین، کە من دڵنیام ڕاوێژی ئەو گەورە پیاوانە ئاکامی باشی لێ دەکەوێتەوە.

دەستپێشخەرییەك بکرێت لەلایەن کاك مسعود بارزانی، لەبەر ئەوەی کاك مسعود بارزانی وەك ئەزموونی مێژوویی خۆی و پێگەی لەناو سەرکردایەتیی سیاسیی ئێستا، پێویستە بەرپرسیان ئەو دەستپێشخەرییە بکات. هەر بۆیە ئێمە ئەگەر هاوسەنگی هەبێت بەرانبەر بە یەك، ئەوا کاك باقڵ دەڵێت «کاك مسعود بارزانی مامی منە»، بۆیە ئەگەر بە چاوی مام و برازایی مامەڵە بکرێت، دەگەینە قەناعەتێکی هاوبەشی باش.

### پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم پسپۆڕی مێژوو لە زانکۆی سەلاحەدین:

## لە هیچ سەردەمێکدا سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان گفتوگۆ و دانوستاندنی ڕەت نەکردووەتەوە



بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، سەرکردایەتیی سیاسی بڕوایەکی قووڵی بەوە هەبووە کە دەبێت کێشەکان بە گفتوگۆ و دانوستاندن چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە. ئەگەر سەیری ڕابەرایەتیی جەنابی مستەفا بارزانی بکەین، ئەوا هەرگیز لە هیچ شۆڕشێکدا دەرگای گفتوگۆ و دانوستاندنی ڕەت نەکردووەتەوە، بەپێچەوانەوە هەموو کات پێشوازی لێ کردووە و هەوڵی داوە کێشەکان بە گفتوگۆ و دانوستاندن چارەسەر بکرێن، بەڵام ئەگەر هەموو دەرگاکانی گفتوگۆ و دانوستاندن بە ڕوومان‌دا داخرابن، ئەوە بە ناچاری پەنا بۆ شۆڕش و خەباتی چەکداری براوە، بۆ ئەوەی بەرگری لە مافە ڕەواکانی خۆمان بکەین. بۆیە گرنگە ئێستاش کۆی حزبە سیاسییەکانی کوردستان پەنا بۆ گفتوگۆ بەرن لەگەڵ یەکتری و کۆتایی بە کێشە و ململانێیەکانی نێو خۆیان بهێنن، بۆ ئەوەی یەکڕیز و یەکگرتوویی لەناو ماڵی کوردستاندا دروست ببێتەوە.

### عادل مەلا ساڵح ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی سۆشیال دیموکراتی کوردستان:

## پێویستمان بە ئەنجوومەنێکی سیاسیی هەیە بۆ ئەوەی هاوکاریی دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان بکات



پێش هەموو شتێك وەك یەکێك لەو بەشداربووانەی بەشداریی گفتوگۆکانم کردووە، دەستخۆشی لە «بازنەی گفتوگۆ»ی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، سوودێکی زۆرم لەو گفتوگۆیانە و ئەو کتێبانەش بینیووە کە کۆی گفتوگۆکانی تێدا کۆدەکەنەوە و چاپی دەکەن، بۆ ئەو کەسانەی پسپۆڕن لە سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا دەتوانن سوودێکی هێجگار زۆر لەو گفتوگۆیانە وەربگرن و وەك سەرچاوە بەکاری بهێننەوە، لەبەر ئەوەی دید و بۆچوونی زۆربەی لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقیشی کۆ کردووەتەوە.

لە ئێستادا ئێمە هەموومان واقیعی تاڵی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەبینین، لایەنی کوردی و کوردستانی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا بۆ ئەوەی سەرلەنوێ عێراق بونیاد بنرێتەوە و ئەم وڵاتە ببێتە خاوەنی دامەزراوەی کارای خۆی، هەروەها توانی بەشدارییەکی کارا بکات لە نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، کە دەتوانم بڵێم لە مێژووی دروستبوونی عێراقەوە دەستووری لەوە باشتر نەنووسراوە و دەنگی لەسەر نەدراوە، لە یەکەمین پەرلەمانی عێراق دوای ساڵی ٢٠٠٥ ئێمە ڕێژەیەکی زۆر باشی کورسیمان لە ناو پەرلەمانی عێراقدا هەبوو.

بەڵام جێگەی داخە بە هۆی ناتەبایی و پەرتەوازەیی نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕۆڵی کورد لە عێراقدا لاواز بووە، بۆیە بۆ ئەم قۆناغە پێویستمان بە ئەنجوومەنێکی سیاسیی هەیە، ئەم ئەنجوومەنە جێگەی دامەزراوە شەرعییەکانی کوردستانی وەك «سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان، حکومەت» ناگرێتەوە، بەڵکو وەك ئەنجوومەنێك ڕاوێژی لەگەڵدا دەکرێت.



## گرنگیی گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

# ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ

بۆ ڕێوڕەسمی دابەشکردنی سێیەمین کتێبی بازنەی گفتوگۆ بە ناونیشانی «کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی»، جیا لەوەی پانێڵێك بۆ هەردوو بەڕێزان «دڵشاد میران و پەخشان زەنگەنە» ئامادە کرابوو، لە هەمان کاتدا بازنەی گفتوگۆ ڕاپۆرتێکی مەیدانیی لەگەڵ ژمارەیەك لەو سیاسەتمەدار و پیاوانی ئایینی و ئەکادیمیستانە ئامادە کردبوو کە بەشداریی ئەو شەش گفتوگۆیانەیان کردبوو، کە لە کتێبیی ئەم جارەدا چاپ کراون.

گرنگیی گفتوگۆ بۆ هەرێمی کوردستان کە پەرتەوازەیی جێگەی یەك هەڵوێستیی لایەنە سیاسییەکانی گرتووەتەوە، هەروەها بۆ دەوڵەتی عێراق کە ئێمە وەك هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك کێشەی کەڵەکەبووی هەڵپەسێردراومان لەگەڵیدا هەیە، تەنیا میکانیزمە بۆ ئەوەی زەمینەیەك بڕەخسێنین و ئەو کێشانە چارەسەر بکەین. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە مەیدانییە سەبارەت بە «گرنگیی گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان» بەم جۆرە دید و بۆچوونی خۆیان خستووەتە ڕوو:

د.کاوە مەحموود سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان:

# گفتوگۆ کاتێک سەرکەوتوو دەبێت کە هەردوولا بڕوایان بە گرنگیی گفتوگۆ هەبێت



بۆ ئێستا پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق کە کۆمەڵێك کێشە بە هەڵواسراوی ماونەتەوە بێ چارەسەر، بێگومان گفتوگۆ زۆر گرنگە، بەڵام گرنگیشە هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەین کە گفتوگۆ «دانوستاندن» نییە، ئەوەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا بەڕێوە دەچێت، بە مەزندەی من هێندەی پەیوەندیی بە دانوستاندنەوە هەیە، هێندە پەیوەندیی بە گفتوگۆوە نییە. هەردوولا دانوستاندن دەکەن لەسەر کۆمەڵێك کێشە کە هەتا ئێستا چارەسەر نەکراون، یان یەکلایی نەکراونەتەوە.

گفتوگۆ بە یەك لایەن ناکرێت، بەڵکو بە دوو لایەن دەکرێت، مەرجیشە کە هەردوو لایەنەکە بڕوایان بە گفتوگۆ هەبێت و ئامادە بن پێکەوە گفتوگۆ بکەن، نەك لایەنێك پێشوەختە هەڵوێستێکی نەگۆڕی هەبێت و بیەوێت بیسەپێنێت بەسەر بەرانبەردا، بە پێچەوانەوە دەبێت هەردوولا ئامادە بن کە لە ئاکامی ئەو گفتوگۆیە گۆڕانکاری بەسەر هەندێك هەڵویستی پێشتری خۆیاندا بهێنن.

لایەنێکی دیکە کە بۆ سەرکەوتنی گفتوگۆ گرنگە، هەڵبژاردنی بابەتی گفتوگۆکەیە، بۆ ئەمەش گرنگە تەنیا دوو لایەن بە تەنیا لەسەر ئەم گرفتە گفتوگۆ نەکەن، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە مافەکانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، زۆر گرنگە لایەنی سێیەم وەك ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لەو گفتوگۆیانەدا ئامادە بن، بۆ ئەوەی هاریکار بن و لە خاڵێکدا بگەنە دەرەنجامێکی سەرکەوتوو.

د. ئەڤین بامەڕنی ڕاگری کۆلێژی یاسا لە زانکۆی دهۆک:

# حکومەتی عێراق وەک هاووڵاتی پلە دوو مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیانی کوردستان دەکات



کێشەی سەرەکیی ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق بە پلەی یەکەم ئەوەیە کە پابەندین بە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ـەوە کە هەموو عێراقییەکان دەنگیان لەسەری داوە و پەسەندیان کردووە. هەر بۆ نموونە ئەگەر سەیری ماددەی ١٥ی دەستوورەکە بکەین کە تیایدا هاتووە «هەموو تاکێك مافی ژیان و ئاسایش و ئازادیی هەیە و نابێت لێی بێبەش، یان سنووردار بکرێت، تەنیا بە پێی یاسا و بە پشتبەستن بە بڕیاری دادگای تایبەتمەندەوە نەبێت»، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە «دەبێت بە ئاشتی و گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکرێن، بەتایبەتی کێشەکانی نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو شوێنەشی کە ئەو کێشانە یەکلایی دەکاتەوە دادگای فیدڕاڵییە»، کە لەسەر بنەمای دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ دادەمەزرێت، کە ئێستا لە عێراقدا نیمانە.

پرسیار ئەوەیە، ئایا حکومەتی عێراق بەپێی دەستوور بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵ هاووڵاتیانی کوردستاندا کردووە، بەوەی نابێت مافی ژیان و ئاسایشیان سنووردار بکرێت؟ بەداخەوە لە واقیعدا شتێکی دیکە دەبینین کە بە هیچ شێوەیەك حکومەتی عێراق مامەڵەی یەکسان لەگەڵ هاووڵاتیانی کوردستاندا ناکات و، مافی ژیان کە مووچەی فەرمانبەرانە دەستی بۆ دەبات، یان سنووورداری دەکات، ئەمە ڕاشکاوانە ئەوەمان پێ دەڵێت «حکومەتی عێراق وەك هاووڵاتی پلە دوو مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا دەکات».

ئایدن مەعرووف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان:

## بازنەی گفتوگۆ ئەزموونێکی تازەیە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە



دەستخۆشی لە بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە ماوەی زیاتر لەساڵ و نیوێکە گفتوگۆی ڕاشکاوانە لەسەر پرسەکانی تایبەت بە هەرێم و بەغدا، تایبەت بە کێشەی پێکهاتە و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، کێشەکانی تایبەت بە هەرێم و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەن. من بەشداریم لە گفتوگۆکانی ئەم بازنەیەدا کردووە، بەڕاستی ئەزموونێکی تازەیە کە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە و جیاوازییەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە و کۆمەڵێك پێشنیار و ڕاسپاردە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەرهەم دەهێنێت.

تانیا تاهیر ئەندامی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی سۆشیال دیموکراتی کوردستان:

## بەبێ هەڵوێستی یەکگرتووی کوردستانی هیچ گفتوگۆیەک لە گەڵ حکومەتی عێراق سەرکەوتوو نابێت



لە هەموو قۆناغە سیاسییەکانی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، هەموو کات گفتوگۆ یەکێك بووە لە بنەما سەرەکییەکانی سەرکەوتنی هەموو پرۆسە سیاسییەکان، بێگومان هەم لەسەر ئاستی کۆی پرۆسەی سیاسیی عێراق و هەمیش لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا.

سەبارەت بەو هێزە سیاسییانەی کوردستان کە چاویان لەوەیە دەسەڵاتی ئەم هەرێمەیان لابێت و خۆیان دەسەڵاتی ئەم هەرێمە بەڕێوەبەرن و بڕیار لەسەر ئایندەی ئەم نیشتمانە بدەن، ئەوا دەبێت پێش هەموو شت خۆیان کۆك بن، پێش ئەوەی بچنە بەغدا بۆ ئەوەی داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن، دەبێت هەڵوێستێکی هاوبەش و یەکگرتوویان هەبێت، بۆ ئەوەی لە بەغدا سەنگیان هەبێت و بتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن، بەبێ بوونی ئەم لێکتێگەیشتن و یەکهەڵوێستییە گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق هەرگیز سەرکەوتوو نابن.

قەشە ئیشایا داود فیلیبس بەرپرسی کەنیسەی مارگۆرگیسی ڕۆژهەڵات لە هەولێر:

## گفتوگۆ کاتێک سەرکەوتوو دەبێت کە ڕاستگۆیی و متمانە هەبێت



لە ئێستادا کە کۆمەڵێك کێشەی هەڵواسراو و بێ چارەسەر لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا ماونەتەوە، لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستە پێداگری لەسەر گفتوگۆ بکەینەوە. ئەگەر سەیری کێشەکانی نێوانیان بکەین، هەست ناکرێت بەو ئاستە قورس بن کە چارەسەریان مەحاڵ بێت، چەند دوا بخرێن، یان چارەسەرکردنیان پشتگوێ بخرێت، سەرەنجام هەر دەبێت بە گفتوگۆ چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەر چاوبگرین کە گفتوگۆ ئەو کاتە سەرکەوتوو دەبێت کە دوو مەرجی پێشوەختەی تیادا بێت، ئەویش ئەوەیە دەبێت ڕاستگۆیی و متمانە لە گفتوگۆکاندا هەبێت، کاتێك گفتوگۆ لەسەر کێشەیەکی تایبەت دەکرێت، دەبێت پسپۆڕ و تایبەتمەندانی ئەو کێشەیە لە ناو گفتوگۆکەدا ئامادەییان هەبێت.

پ.د.شێرزاد زەکەریا ئوستادی مێژوو لە زانکۆی زاخۆ:

## گفتوگۆ گرنگ و پێویستە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق لەو ڕاستییە تێبگات کە ناتوانێت هەموو شتێک بەسەر ئیرادەی خەڵکی کوردستاندا فەرز بکات



ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، هەر کاتێك کێشە و ئاریشەکانی نێوان کوردستان و حکومەتی عێراق گەیشتبنە بنبەست، پەنا بۆ شەڕ براوە، بەڵام ئەو مێژووە ئەوەی سەلماندووە کە شەڕ نەیتوانیوە کێشەکان چارەسەر بکات و سەرەنجام جارێکی دیکە گەڕاونەتەوە بۆ گفتوگۆ، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە کێشەکان چارەسەر بکرێن، بۆ ئەمەش باشترین نموونە ئەزموونی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە، حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق لە سەرەتا و لەچەند وێستگەیەکی ئەو مێژووەدا ئامادە نەبوون، لەگەڵ شۆڕش دانوستاندن بکەن و کێشەکان چارەسەر بکەن، هەتا قارەمانیەتی شۆڕشی ئەیلوول، حکومەتی عێراقی گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر تەنیا ٢٥ پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان بوونیان هەبێت، ئەوا نە عێراق سەقامگیری بە خۆیەوە دەبینێت نە کوردستانیش، بۆیە سەرەنجام ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی عێراق ئیمزا کرا.

بۆ پرۆسەی سیاسیی ئێستای عێراقیش گفتوگۆ زۆر گرنگ و پێویستە، ئەگەر بە شێوەیەکی ئەقڵانی گفتوگۆ لەسەر کێشەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە خاڵە ناکۆکەکان زیاترە، بۆیە ئێستاش جارێکی دیکە پێویستە لایەنە عێراقییەکان بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەوەی دەیانەوێت ناتوانن بەسەر ئیرادەی هەرێمی کوردستاندا بیسەپێنن و فەرزی بکەن، دەبێت ئەوە ڕەچاو بکەن، ئێستا هەرێمی کوردستان نەك هەر لەسەر ئاستی عێراق، بەڵکو لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش شکۆ و پێگەی خۆی هەیە.



ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر بۆ گوڵان:

# فریاگوزاریی خێرای گەیاندنی ئاو بۆ شاری هەولێر یەکێکە لە پڕۆژە ستراتیژییەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پایتەختی کوردستان

**لە ئیدارەدانی قەیرانی ئاودا سەرکەوتوو بووین، کاتی ئەوە هاتووە بەرەو چارەسەری بنەڕەتیی کێشەکە هەنگاو بنێین**

**بەنداو و پۆندەکانی هەولێر پارێزگاکەمان لە وشکەساڵی و کەمئاوی دەپارێزێت**

**هەردوو بەنداوی گۆمەسپان و بەستۆرە لە کۆتایی ئەمساڵدا کارەکانیان تەواو دەبێت**

سێکتەری ئاو و دروستکردنی بەنداوەکان و پڕۆژەکانی ئاوی خواردنەوە بە یەکێک لە پڕۆژە ستراتیژییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، ئەمەش وەکو بەشێک لە پاراستنی ئاسایشی ئاو، بەتایبەتی لە پارێزگای هەولێر و ناو سەنتەری شاری هەولێر، کە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و وشکەساڵی و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی کاریگەریی خراپی دروست کردووە. گۆڤاری گوڵان لەسەر پرسی ئاو و پڕۆژەی فریاگوزاریی خێرای گەیاندنی ئاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی دیدارێکی لەگەڵ ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر ساز دا.



**ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پڕۆژەیەکی ستراتیژی و گەورەدا بۆ هەولێر و هەولێرییەکان، بەردی بناغەی گرنگترین و پێویستترین پڕۆژەکانی کوردستانی بۆ پایتەختی هەرێمی کوردستان دانا**

*** با سەرەتای پرسیارەکەمان لە پڕۆژەی فریاگوزاریی خێرای گەیاندنی ئاو بۆ پایتەختی هەرێمی کوردستان دەست پێبکەین، دەکرێت باسێکی ئەم پڕۆژە گرنگەمان بۆ بکەیت؟**

- ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پڕۆژەیەکی ستراتیژی و گەورەدا بۆ هەولێر و هەولێرییەکان، بەردی بناغەی گرنگترین و پێویستترین پڕۆژەکانی کوردستانی بۆ پایتەختی هەرێمی کوردستان دانا، لەو شارەی کە چەندین ساڵە لە وەرزی هاویندا گرفتی کەمئاوی هەیە، لەم بارودۆخەدا سەرۆکی حکومەت مژدە گەورەکەی بە دانیشتووانی هەولێر دا، کە لە سات و کاتێکی دژواری قەیرانی داراییدا بەردی بناغەی پڕۆژەکەی دانا و ڕێگەی نەدا چیتر جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژە گرنگە دوابکەوێت، ئەویش پڕۆژەی فریاگوزاریی خێرایە بۆ چارەسەری کێشەی کەمئاویی پایتەخت، تێچووی ئەم پڕۆژەیە ٤٧٩ ملیۆن دۆلارە و بڕیارە بە ٥٥٠ ڕۆژ بە کۆمپانیا و دەستی کاری نێوخۆییەوە تەواو بکرێت، ئەم پڕۆژەیە ٢٠ هەزار مەتر سێجا ئاو لە کاتژمێرێکدا دەپاڵێوێت و ڕۆژانە ٤٨٠ هەزار مەتر سێجا ئاو دەداتە هەولێر، کە دوو بەرانبەری پڕۆژەی ئیفراز ٣ی هەولێرە، بەمەش گەڕەکەکانی نێوان شەقامی ١٢٠ مەتری و ١٥٠ مەتری و هەریەك لە بنەسڵاوە و دارەتوو و کەسنەزان و پیرزین و شاوێس و بەحرکە و عەنکاوە و سێبیران ئاوی پاکی خاوێنیان دەگاتێ و، زیاتر لە ١٠٠٠ بیری ئاوی خواردنەوە دەکوژێتەوە و ئاوی ژێر زەوی دەپارێزرێت، کێشەی ئاوی هەولێر تا چەندین ساڵ کۆتایی دێت و چیتر ئەوەندە موزایەدە بەم کێشەیەوە ناکرێت کە بە یەك دوو تەنکەر ئاو بیانەوێت چارەسەری کێشەیەکی لەم شێوەیە بکەن. لەلایەکی دیکەوە هەر لەسەر فەرمانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆژەی ئاوی قوشتەپە جێبەجێ دەکرێت، کە توانای بەرهەمهێنانی ٧٢ هەزار مەتر سێجا ئاوی خواردنەوەی دەبێت و ئاوی قەزای قوشتەپە و بیستانە و زیاتر لە ٦٠ گوند دابین دەکات. بێگومان وەرگرتنی ئاوی پڕۆژەکە لە زێی بچووك دەست پێدەکات و ئاوەکە



دەپاڵێورێت و پاك دەكرێتەوە، كاری فلتەركردن و كلۆری بۆ دەكرێت و بە ستانداری ڕێكخراوی جیهانی (WHO) جێبەجێ دەكرێت. لەم پرۆژەیەدا ٢٠٠ كیلۆمەتر بۆڕیی سپایرۆڵ و ٢٨٠ كیلۆمەتر بۆڕی ئەسلین بە تیرەی ١٦٠ و ٢٢٠ و ٢٥٠ ملیم بەكار دەهێنرێت، هەر ئەمەش نا، ئێمە لە هەولێر لە هەموو وەرزێكی گەرما و كەم ئاویدا بە پلان و بەرنامە چەندین بیری نوێمان لێداوە و بیری كۆنمان نۆژەن كردووەتەوە، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو زیاتر لە ١٠٠ بیری نوێی ئاوی خواردنەوەی لێدرا، بەڵام ئەمساڵ ٢٥٪ی ئەو بیرانە وشكی كردبوو، بۆیە ئێمە بە سوودوەرگرتن لە پرۆژەی ئاوی سەر زەوی لە پرۆژەی ئاوی ئیفراز یەك و دوو و سێ پرۆژەی فراوانكردنمان كرد، ئەو گەڕەكانەشی كێشەكەی تێدا ئاڵۆز بووە، لە ڕێگەی تەنكەرەوە ئاوی خواردنەوەمان بۆ دابین كردوون، ئێمە بە كردار كارمان بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری كردووە، نەك وەكو زۆر لایەن كە هەوڵیان داوە ئازار و مەینەتییەكانی خەڵك بكەنە بانگەشە و پڕوپاگەندەی ئیعلامیی خۆیان و لە ناخەوە خوازیاری بەردەوامیی ئەو كێشە و گرفتانە بن.

ئەم پرۆژانەش لە چوارچێوەی ئەو پرۆژانەی حكومەتی هەرێمی كوردستان دێت كە بۆ بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی هەرێم لە تەمەنی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا جێبەجێ كراون. لە گەرمای هاوینی ئەمساڵدا و لە كاتی دەركەوتنی گرفتی كەمئاوی لە هەندێك لە گەڕەكەكانی هەولێردا، لەگەڵ جێگری پارێزگار و بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر فراوانكردنێكمان بۆ پرۆژەی ئاوی ئیفراز سێی هەولێر كرد، دوای دیراسەتكردن ٢٠ ملیار دینار بە ڕەزامەندیی سەرۆكی حكومەت تەرخان كرا بۆ گۆڕینی بۆڕییەكان و بە خۆشحاڵییەوە ئەو شوێنانەی شكستی تێدا بوو چارەسەر كران، هاوكات بۆ فراوانكردنی پرۆژەكە و زیادكردنی بەرهەمهێنانی ئاو لە ئیفراز دوو ئیفراز سێ چارەسەر كرا و ڕێژەی بەرهەمهێنانی ئاومان بە بڕی ٢٥٠٠ مەتر سێجا ئاو لە كاتژمێرێكدا بە توانای ٣٠٠ بیری ئاوی خواردنەوە زیاتر كرد.

**كێشەی ئاوی هەولێر تا چەندین ساڵ كۆتایی دێت و چیتر ئەوەندە موزایەدە بەم كێشەیەوە ناكرێت كە بە یەک دوو تەنكەر ئاو بیانەوێت چارەسەری كێشەیەكی لەم شێوەیە بكەن**

بە شێوەیەکی گشتی لە ئیدارەدانی قەیرانی ئاودا سەرکەوتوو بووین، کاتی ئەوە هاتووە بەرەو چارەسەری بنەڕەتیی کێشەکە هەنگاو بنێین و قۆناغ بە قۆناغ لەسەر بودجەی پارێزگای هەولێر و ئەو پاڵپشتی و هاوکارییەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی کردووین، بەردەوام دەبین.

**ئێمە بە کردار کارمان بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری کردووە، نەک وەکو زۆر لایەن کە هەوڵیان داوە ئازار و مەینەتییەکانی خەڵک بکەنە بانگەشە و پڕوپاگەندەی ئیعلامیی خۆیان و لە ناخەوە خوازیاری بەردەوامیی ئەو کێشە و گرفتانە بن**

ئەمساڵیش بە کۆمەڵێك چاکسازی و ڕێکار و هەنگاوی بوێرانەوە توانیمان ئیدارەی کێشەی کەمئاوی لە وەرزی هاویندا بدەین، بۆ نموونە لە ڕێگەی کۆمەڵێك چاکسازییەوە لە ئاوی ئیفرازدا توانیمان کۆی گشتیی ئاوی نێردراو بۆ شاری هەولێر لە (١٠٤٠٠) مەتر سێجا / لە کاتژمێرێکدا بەرزبکەینەوە بۆ (١٤٦٠٠) مەتر سێجا لە کاتژمێرێکدا، واتا لە کۆی گشتیی ئاوی نێردراو لە ڕۆژێکدا (٢٤٩٦٠)مەتر سێجا بەرز بوویەوە بۆ (٣٥٠٤٠٠) مەتر سێجا لە کاتژمێرێکدا. سەبارەت بە لێدانی بیری نوێ و نۆژەنکردنەوەی بیرە کۆنەکانی ئاوی خواردنەوە و ڕاکێشانی تۆڕی ئاوی خواردنەوەی نوێ و دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ چەندین بیر لەسەر بوودجەی پارێزگا، هەڵمەتێکی گەورە کراوە و بە پێویستی دەزانم سوپاسی کرێکار و فەرمانبەرەکانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێر و دەوروبەر بکەم، کە بە ڕاستی خەمخۆری چارەسەرکردنی کێشەکان بوون لەو گەڕەك و ناوچانەی لە وەرزی ئەمساڵی گەرمادا گرفتی کەم ئاوی تێیدا سەری هەڵدا.

**بە پێویستی دەزانم سوپاسی کرێکار و فەرمانبەرەکانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێر و دەوروبەر بکەم، کە بە ڕاستی خەمخۆری چارەسەرکردنی کێشەکان بوون لەو گەڕەک و ناوچانەی لە وەرزی ئەمساڵی گەرمادا گرفتی کەم ئاوی تێیدا سەری هەڵدا**

*** هەر لە بواری ئەمبارکردن و گلدانەوەی ئاوی باراناو لە سنووری پارێزگای هەولێر و دەوروبەری سەنتەری شاری هەولێر، ژمارەیەکی زۆری بەنداو و پۆند دروست کراون و هەندێکیشی لە قۆناغی جێبەجێکردندایە، ئایا دەکرێت باسێکی ئەو بەنداو و پۆندانەمان بۆ بکەیت لە سنووری پارێزگای هەولێر و دەوروبەری و ناو سەنتەری شاری هەولێر؟**

- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا یەکێك لە کارنامە وەزارییەکەی ڕێزدار مەسرور بارزانی کارکردن بوو بۆ «بەکارهێنانی سەرچاوە ئاوییەکان و دروستکردنی بەنداوە وەرزی و هەمیشەییەکان بۆ گلدانەوەی ئاوی پێویست بۆ بووژانەوەی کشتوکاڵ و زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی لە هەرێم...»، لەم ڕوانگەیەوە دروستکردنی بەنداو و پۆندەکان بەشێکی گرنگ و ستراتیژیی کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەت بوو، ئەوەی پەیوەندی بە سنووری پارێزگای هەولێرەوە هەیە لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو بەنداو و پۆندانە دەکەین:

دروستکردنی بەنداوی گۆمەسپان: ئەم بەنداوە بە یەکەمین بەنداوی هەولێر و سێیەم گەورەترین بەنداوی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، کە بە ٢٤ کاتژمێری و بە شەویش کاری تێدا دەکرێت و کارەکانی بەرەو کۆتایی دەچێت و، پێش هاتنی وەرزی بارانبارینی ئەمساڵ کۆتایی بە کارەکانی دێت. ئەم بەنداوە کە بە تێچووی ٩٥ ملیار دینار دروست دەکرێت، ٧٠ مەتر بەرزە و درێژییەکەی ٥١٢ مەترە و ١١٥ ملیۆن مەتر سێجا باراناو گل دەداتەوە.

بەنداوی بەستۆرە: بە گوژمەی ٢٣ ملیار دینار جێبەجێ دەکرێت و درێژییەکەی ٥٦٠ مەترە و بەرزییەکەی ٢٠ مەترە، توانای گلدانەوەی ٢٠ ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە، تا ئێستا زیاتر لە ملیۆنێك مەتر سێجا ئاوی تێدا گل دراوەتەوە و ٩٥٪ی کارەکانی تەواو کراوە، لەکۆتایی ئەمساڵدا بە ڕێژەی ١٠٠٪ کارەکانی کۆتایی دێت.

دانانی بەردی بناغەی پۆندی زانکۆی نێودەوڵەتیی بەریتانی لە هەولێر: کە بە درێژیی ١٨٠ مەتر و پانیی ٨٠ مەتر و توانای گلدانەوەی ملیۆنێك مەتر سێجا ئاوی بە قوڵایی ١٧ مەتر هەیە.

بەنداوی شەوگێڕ: کە توانای گلدانەوەی دوو ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە بە ڕووبەری ٢٣٠ هەزار مەتر دووجا تەواوکراوە.

بەنداوی چەمرگە: کە بە یەکێك لە بەنداوە تەواوکراوەکان لە دەشتی هەولێر دادەنرێت و توانای گلدانەوەی ١,٢ ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە و ١٨ مەتر بەرزە و درێژییەکەی ٢٦٢ مەترە.

- بەنداوی ئاقووبان: بە گوژمەی ٨,١ ملیار دینار و بە توانای ٢,٦ ملیۆن مەتر سێجا لە شارۆچکەی شەقڵاوە تەواو کراوە.

پۆندی بنەسڵاوە: کە بە گوژمەی سێ ملیار و ٩٠٠ ملیۆن دینار دەست بە جێبەجێکردنی کراوە.

ئەمانە و چەندین پۆندی دیکە لە پارێزگای هەولێر کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە و بە تەواوبوونی ئەم پۆندانە کە خۆی لە ٢٥ پۆند دەدات، ئەمبارێکی گەورەی ئاومان دەبێت و بۆ وەرزی زستان و بارانبارینیش زۆر شوێن لە لافاو دەپارێزێت و کۆگای ئاوی ژێرزەوی تا ڕاددەیەکی باش قەرەبوو دەکاتەوە، دەکرێت بە سەدان پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە و کشتوکاڵی و ئاودێری و گەشتیاری لەسەر ئەم بەنداو و پۆندانە دروست بکەین و دەستی کارێکی زۆر لێی سوودمەند ببێت.

دەشتی هەولێر و قوشتەپە و زۆر ناوچەی دیکە ئاوی ژێرزەوی بە ڕاددەیەك دابەزیوە، کە بەردەوام دەبێت بیرەکانی ئاوی خواردنەوە نۆژەن بکرێنەوە، بۆیە بەنداو و پۆندەکان سوودیان زۆرە، لەوانە:

١- گلدانەوەی ئاوی باران و چەم و زێیەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان.

٢- بەرزکردنەوەی ئاستی ئاوی ژێر زەوی و پارێزگاریکردنی ئەم سەرچاوەیە بە پشتبەستن بە بەکارهێنانی ئاوی بەنداو و پۆندەکان.

٣- بەکارهێنانی ئاوی بەنداو و پۆندەکان بۆ کاری کشتوکاڵ و گەشتیاری.



*** کەواتە جگە لە کۆکردنەوەی ئاو و گلدانەوەی ئاوی بارانبارین سوودی دیکە لەم بەنداو و پۆندانەوە وەردەگیرێن. گرنگترین ئەو پڕۆژانە چین کە لە بەرنامە و پلاندایە لەسەر ئەم بەنداو و پۆندانە دروست بکرێت؟**

- سوودی بەنداو و پۆندەکان، بەتایبەتی بۆ پارێزگای هەولێر و دەشتی هەولێر و تەواوی پارێزگای هەولێر زۆرە، بەتایبەتی کە ئێمە خاوەنی سێ بەنداوی گەورەین کە دووکان و دەربەندیخان و دهۆکە و هیچ لەم بەنداوانە ناکەوێتە ناو سنووری پارێزگای هەولێرەوە، لە کاتێکدا پارێزگای هەولێر بە هۆی گۆڕانکاریی کەشوهەواو وشکەساڵی و کەمئاوییەوە کاریگەریی توندی لەسەر کەمبوونەوەی ئاوی سەر زەوی و دابەزینی ئاوی ژێرزەوی لەسەر دروست بووە، لە

٤- دەوڵەمەندکردنی پاراستنی سامانی ماسی و ئاژەڵداری.

٥- کەمکردنەوەی کاریگەری و شوێنەوارەکانی لافاو لە وەرزی بارانبارینددا.

٦- دامەزراندنی پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە و پاڵاوتنی و ڕاکێشانی بۆ ناوچەکانی نیشتەجێبوونی نزیك لە بەنداو و پۆندەکان.

٧- دابینکردنی هەلی کار لە پڕۆژەکانی ماسی و گەشتیاری و کشتوکاڵیدا.

بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانیش لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر هێڵین تاوەکو لە ڕووی ڕێگەوبان و شەقام و کارەبا و شارەوانی و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانەوە کار بۆ بونیادنانی ژێرخانی دەوروبەری بەنداو و پۆندەکان بکەین، لە ڕووی کردارییشەوە دەستمان کردووە بە ڕاکێشانی

ڕێگەوبان و نۆژەنکردنەوەی ڕێگەکان و دابینکردنی بەنجە ماسی، دەمەوێت لە ڕێگەی گۆڤارەکەشتانەوە ئاماژە بەوە بکەم بەو پێیەی زۆر لە بەنداو و پۆندەکان نزیکن لە سەنتەری شاری هەولێرە کە گەورەترین پێگەی چڕیی دانیشتووانی هەرێمە، بۆیە لە ڕووی کەڵکی ئابووریی گەشتیارییەوە زۆر کاریگەریی لەسەر خێرا بووژانەوەی کەرتی گەشتیاری لەم بەنداوانە هەیە.

*** سەرۆکی حکومەت باسی لە پڕۆژەی ڕیسایکلینی ئاوی قورس کرد، ئایا ئەم پڕۆژەیە بڕیارە جێبەجێ بکرێت؟**

- لە مەراسیمی کردنەوەی پڕۆژەی خێرای چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاویی هەولێر، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی لە خێرا جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیەش کرد، هەڵبەتە پڕۆژەی ڕیسایکلینی ئاو بۆ پاراستنی ژینگە و پیسبوونی ئاوی ژێر زەوی گرنگیی لە ڕادەبەدەری هەیە، ئەمە بێگومان بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی، بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵ و ئاودانی درەخت و ئاودانی سەوزاییدا گرنگیی خۆی هەیە، بۆیە بە تەئکید ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ دەکەین، چونکە جگە لە سوودوەرگرتن لە بەکارهێنانەوەی ئەم ئاوە بۆ کەرتی کشتوکاڵ و ئاودانی درەخت و دروستکردنی پشتێنەی سەوزایی، بۆ ژینگە و پاراستن و پاکڕاگرتنی سەرچاوەکانی ئاویش گرنگە، تاوەکو ئاوی ئاوەڕۆکان نەڕژێتەوە ناو ئاوی ڕووبار و زێ و چەمەکان.

*** پڕۆژەی ئیفراز چواری هەولێر بە کوێ گەیشت، ئایا توانراوە بە هاوکاریی قەرزی سندووقی سعودییە پڕۆژەکە جێبەجێ بکرێت؟**

- هەڵبەتە ئێمە جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئیفراز چوارمان پشتگوێ نەخستووە، کە بە هەر هۆکارێك بێت لە لایەن ئەو کۆمپانیایەی بڕیار بوو جێبەجێ بکرێت، ئەنجام نەدرا، لە ڕێگەی سندووقی قەرزی سعودییەوە هەوڵەکانمان چڕ کردبووەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژە گرنگە، بە خۆشحاڵییەوە لە لایەن ئەوانەوە ڕەزامەندی درابوو، بەڵام ئەمیش پێویستی بە ڕەزامەندیی وەزارەتی دارایی عێراق هەبوو، کە بەداخەوە ئەوان هاوکار نەبوون، لەگەڵ ئەمەشدا پڕۆژەی فریاگوزاریی چارەسەرکردنی خێرای کەمئاویی پایتەخت بەشێکی زۆری ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات.



**بەنداوی گۆمەسپان بە یەکەمین بەنداوی هەولێر و سێیەم گەورەترین بەنداوی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، کە بە ٢٤ کاتژمێری و بە شەویش کاری تێدا دەکرێت و کارەکانی بەرەو کۆتایی دەچێت**

**بەنداوی بەستۆرە بە گوژمەی ٢٣ ملیار دینار جێبەجێ دەکرێت و درێژییەکەی ٥٦٠ مەترە و بەرزییەکەی ٢٠ مەترە، توانای گلدانەوەی ٢٠ ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە**

**لە دەشتی هەولێر و قوشتەپە و زۆر ناوچەی دیکە ئاوی ژێرزەوی بە ڕادەیەک دابەزیوە، کە بەردەوام دەبێت بیرەکانی ئاوی خواردنەوە نۆژەن بکرێنەوە، بۆیە بەنداو و پۆندەکان سوودیان زۆرە**



بورهان ئەرگوشی
ڕاوێژكاری پێشكەوتووی پەروەردە بۆ گوڵان:

# ٥,٠٠٠ مامۆستای گرێبەست كرانە هەمیشەیی و ٣٨,٠٠٠ وانەبێژیش كرانە مامۆستای گرێبەست، ئەمە دەستكەوتێكی گەورەیە بۆ بونیادنانی كەرتی پەروەردە

**لە قوتابخانەكان توانرا سێ دەوامی نەمێنێت و ژمارەیەكی زۆری بینایەی نوێی قوتابخانە دروست بكرێن**

■

**بەردی بناغەی ١٣ قوتابخانەی نوێ لە هەولێر و دەوروبەری بەم نزیكانە دادەنرێت**

■

**لە ٢٥ی ئەم مانگە زەنگی ساڵی نوێی خوێندن لێ دەدرێت و ئەمساڵیش بە هەر شێوازێك بێت بە سەركەوتوویی پرۆسەكە بەڕێوەدەبەین**



**دامەزراندنی ٤٣،٠٠٠ مامۆستای گرێبەست و هەمیشەیی دەستکەوتێکی دیکەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و نموونەیەکی بەرچاوە لەو گەشەیەی لە چوار ساڵی ڕابردوو کەرتی پەروەردە بەخۆیەوە بینیوە. ئەمە وێڕای هەموو ئالنگاری و ئەو ئاستەنگانەی لە بەردەم ڕەوشی پەروەردە دادەنرێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و گرنگیی دامەزراندنی ئەم ژمارە زۆرەی مامۆستایان، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ بورهان عەبدوڵڵا ئەرگوشی ڕاوێژکاری پێشکەوتووی وەزارەتی پەروەردە ساز دا.**

* پێش ئەوەی بچینە ناو ڕەوشی پەروەردە و ئەو پرۆژە و کارانەی لە ماوەی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون، دەمانەوێت وەکو کەسێکی بە ئەزموون باسی گرنگیی دامەزراندنی ئەو ژمارە زۆرەی وانەبێژانمان بۆ بکەیت کە بە فەرمانێکی سەرۆک وەزیران کرانە مامۆستای گرێبەست؟

- پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەینەوە، دەمەوێت باسێکی خۆڕاگری و سەرکەوتوویی کەرتی پەروەردە و فێرکردنتان بۆ بکەین، کە وێڕای پەتای کۆرۆنا و بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی گرفتی سیاسی، نەیانتوانی ڕێگری لە سەرکەوتنەکانی کەرتی پەروەردە و فێرکردن بکەن. ئەوان خوازیاری ئەوە بوون، لە ڕێگەی دژایەتیکردنی حکومەتەوە شکست بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بهێنن، ئەو هەرێمەی بە خوێنی شەهیدان و قوربانیی گەلەکەمان بەدەست هاتووە، بەڵام حکومەتێکی خۆڕاگر و تیمێکی

**وێڕای پەتای کۆرۆنا و بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی گرفتی سیاسی، نەیانتوانی ڕێگری لە سەرکەوتنەکانی کەرتی پەروەردە و فێرکردن بکەن**

سەرکەوتوو بە پاڵپشتیی سەرۆکی حکومەت دۆخەکەی پێچەوانە کردەوە و کارەکان بە باشی بەڕێوەچوون و بەسەر هەموو ئەو تەنگ و چەڵەمانەشدا زاڵ بووین کە دروست کران، یان هاتوونەتە پێشەوە، ئەمەش هەمووی لە چوارچێوەی ئەو بیروباوەڕەدایە کە لە پەرەپێدانی پەروەردە و فێرکردن هەموو گۆڕانکارییەکان دێتە ئاراوە، کە وێڕای دروستکردنی دەیان قوتابخانە و ڕاهێنان و پەرەپێدانی تواناکانی مامۆستایان، مۆژدە گەورەکە هات و بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٥,٠٠٠ مامۆستای گرێبەستی کردە مامۆستای هەمیشەیی و٣٨,٠٠٠ وانەبێژی بە فەرمانێك کردە مامۆستای گرێبەست، بەمەش ٤٣,٠٠٠ مامۆستای دامەزراند. پێشتر هەندێك کەسی بەرژەوەندیخواز و دژایەتیکەری کابینەکە هانی ئەم مامۆستایانەیان دەدا خۆپیشاندان و بایکۆت بکەن، ئەوەتا لە ئێستادا کاتێك وانەبێژەکان دەبنە گرێبەست و مامۆستا گرێبەستەکانیش دەکرێنە مامۆستای هەمیشەیی، خەفەت دەخۆن و لێدوانی سەیر و سەمەرە دەدەن، چونکە ئەوان ئازار و مەینەتییەکان و داواکاریی مامۆستایان و خەڵکیان تەنیا بۆ موزایەدە دەویست. ئەوە بوو ئەم کەسە نابەرپرسانە زیانیان بە منداڵەکانی خەڵك گەیاند و بە پاساو و بیانووی جۆراوجۆر زیانیان بە ئاستی خوێندنی جگەرگۆشەکانمان گەیاند. بۆیە ئێمە لە کەرتی پەروەردەو لەسەر فەرمان و ڕاسپاردەکانی سەرۆك وەزیران تا کەرتی پەروەردە بەهێز نەکەین و پێداچوونەوەی دروستی پڕۆگرامەکانی خوێندن و دابینکردنی کوالێتییەکی باشتری خوێندن نەکەین، بەردەوام دەبین ناوەستین.

**زۆر بابەت و پڕۆگرام دەستکاری کران بۆ ئەوەی قوتابی وەکو کەسایەتییەکی سەردەمیانە بونیاد بنرێت**

*** لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا کەرتی پەروەردە وەکو ئەوەی باست کرد، ڕووبەڕووی پەتای کۆرۆنا و قەیرانی دارایی و بایکۆتی دەوامی خوێندن لە پارێزگای سلێمانی بووەوە. ئایا تاچەند توانیتان ڕێگا نەدەن نەوەکانمان لەو بارودۆخە سەختانەدا لە خوێندن دابڕێن؟**

- ڕێزدار مسرور بارزانی لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی کابینە وەزارییەکەیدا هەڵمەتی بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریی پەروەردە و فێرکردن و پێداچوونەوەی بە پڕۆگرامەکانی پەروەردەیی و گونجاندنی ناوەڕۆکەکانی دا. بەڕێزیان مەبەستی بوو نەوەی داهاتووی ئەم وڵاتە لەم کەرتە پەروەردەیی و فێرکردنە دانەبڕێن و هەستی ئینتمایان بۆ نەتەوە و نیشتمان زیاتر بەرز بکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە وەزارەتی پەروەردە ئەرکێکی قورسی کەوتە سەر شان، بەتایبەتی لەگەڵ دەستپێکی دەستبەکاربوونی کابینەکە کە کەوتینە ناو پەتای کۆرۆنا و کەرەنتینە و دواتریش قەیرانی داراییەوە، لەگەڵ ئەمەشدا وەزارەتی پەروەردە بەو پێیەی بەرپرسی فەرمییە لەم پرۆسەیە و بە پاڵپشتیی ڕێزدار مەسرور بارزانی توانی هەنگاوی باش بچێتە پێشەوە، لە کۆرۆنادا کە بۆ ئێمە دوو جار گرفت بوو، بەوەی قەیرانی داراییشمان هەبوو. هەر لەو سەردەمەدا وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشەنگ بوو لە ناوچەکەدا کە ڕێگای نەدا پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن پەکی بکەوێت و پلاتفۆرمی تایبەتی دروست کرد. هەرچی وانە هەبوو بە شێوەی ئۆنلاین و ڤیدیۆیی بەخش کران و قوتابیان سوودێکی زۆریان لێ وەرگرت و لە ماوەیەکی پێوانەیی ژمارەی پێویستی وانەکان بە کوالێتییەکی باش خرایە بەردەستی قوتابیان، جگە لەمەش تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك و ڕادیۆی پەروەردەییش دانران. بە هەمان شێوە سیستەمی پەروەردە بە شێوەیەك پێش خرا، قوتابی و خێزان بەردەوام لەسەر هێڵ بن و خزمەتگوزاریی پێشکەشیان بکرێت و مامۆستا وەکو پاڵپشتیکار بەردەوام بتوانێت، وەڵامی پرسیارەکانی قوتابی بداتەوە، لەو کاتەی قوتابی نەیدەتوانی وەکو پێویست لەناو پۆلدا بێت، کاتێکیش دۆخەکە ئاسایی بووەوە و هەموو ئەو پشکەوتنانەی لە بواری تەکنەلۆژیا لەو زەمەنەدا لەبەردەستدا بوون، تاکو ئێستاش سوودیان لێوەردەگیرێت. بۆیە وێڕای هەموو ئاستەنگەکان وەزارەتی پەروەردە بەردەوامە لە پێشخستن و پەرەپێدانی کەرتی پەروەردە و فێرکردن و لەو کاتانەشی گرفتی حزبایەتی و سیاسی بۆ کەرتەکە دروست دەکرا، بەڵام دڵسۆزیی مامۆستایان و خۆڕاگریی فەرمانبەران و خەمخۆرییان بۆ تێکەڵنەکردنی ئەم کەرتە بە ئەجیندە و هزر و ئایدیۆلۆژیای نامۆ و توندوتیژی و بەرزڕاگرتنی بۆنە

نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و ڕێزگرتن لەهەموو جوانییەکانی نیشتمان و قوربانییەکان، ڕێگا نەدرا مەرام و ئەجندەی تەسك و بەرژەوەندیی حزبی، یان کەمتەرخەمیی کەسانێك و هەست نەکرن بە بەرپرسیارێتی، زیان بە پرۆسەی خوێندن بگەیەنێت، کە بەداخەوە سیاسەتکردن بەدەر نەبوو لە بایکۆتکردنی مامۆستایانی پارێزگای سلێمانی، بەڵام کەسانی دڵسۆز و مامۆستایانی خەمخۆر ڕێگایان نەدا ئایندەی قوتابیان و ڕەنجی ساڵێکی خوێندنیان بەفیڕۆ بڕوات و قوتابی و دوارۆژیان خستە سەرووی هەموو مەرام و ئەجیندایەکی دەرەکییەوە.

*** پرۆگرامەکانی خوێندن کە بگونجێت لەگەڵ ستاندارە جیهانییەکان بە یەکێك لە تەحەدداکانی بەردەم کەرتی پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت. ئایا تا چەند توانراوە پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندندا بکرێت؟**

- هەموو ئەو هەڵە و نەگونجاندنەی کە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا چ لە ڕووی زمانەوانی، چ زانستی هەبوون، لەم کابینەیەدا پێداچوونەوەیان بۆ کرا، کە لەگەڵ ستاندارە باوەکان بگونجێت، بە شێوەیەك زۆر بابەت و پرۆگرام دەستکاری کران بۆ ئەوەی قوتابی وەکو کەسایەتییەکی سەردەمیانە بونیاد بنرێت. تا ڕاددەیەکی زۆر هەڵەی زمانەوانی نەما، لەمەش گرنگتر لە ئێستادا لە بابەتە زانستییەکان بە کادیری خۆماڵی و توانای کوردانە گەیشتووینەتە پۆلی چوارەم و بەردەوام دەبین، بە شێوازێکی زۆر زانستییانە و هونەرییانە کتێبەکان ئامادە کراون و خراونەتە بەردەستی قوتابیان. هەروەها بابەتی نوێ خراونەتە ڕوو، بۆ نموونە بابەتی دەروونناسیی گشتی لە پۆلی هەشتدا وەکو تێست دوو ساڵە دەخوێندرێت و لەپۆلی ١٠ دەروونناسیی نەوجەوان دانراوە کە دەستپێشخەرییەکە هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا پێشەنگە، هەروەها لە بوونی بابەتی بەهاکان و کارامە کۆمەڵایەتییەکان وای کردووە، هەرێمی کوردستان هەنگاوێك لەپێشتر بێت لە عێراق و وڵاتانی ناوچەکە. لە بواری ڕاهێنانی مامۆستایانیشدا وەزیری پەروەردە بەرنامەی بەتواناکردنی مامۆستایانی بە سەرکەوتوویی جێبەجێ کرد، کە ڕاهێنانیان لەسەر میتۆدی نوێی وانەوتنەوە و بەکارهێنانی تەکنیك و شێوازی هاوچەرخ کە ٦٠٠ ڕاهێنەری ڕاهێنەرانی لەخۆ گرتبوو، لە ئێستادا سەردانی قوتابخانەکان دەکەن، بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لە بواری ئیدارەدانی پۆل و شێوازە نوێیەکانی وانەوتنەوە.

*** لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمدا لە سەرجەم پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و شار و شارۆچکەکان گرفتی نەبوونی بینایەی قوتابخانە و کۆنیی قوتابخانەکان هەبوو. بۆ کەمکردنەوەی شوێنەواری ئەم گرفتە چیتان کردووە؟**

- لە چەند هەڵمەتێکدا ژمارەیەکی زۆری قوتابخانە دروست کران و ژمارەیەکی دیکەی بینایەی قوتابخانەش نۆژەن کرانەوە، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی گرفتی کەمیی قوتابخانەکان و زۆریی ژمارەی قوتابیان لەناو پۆلەکانی خوێندن، کە بە هۆی قەیرانی داراییەوە نەتوانرابوو بەپێی پێویست قوتابخانەی نوێ دروست بکرێت. ڕێکخراوەکان و بزنێسکارانی کورد ڕۆڵێکی باشیان هەبووە و شانبەشانی ئەو ژمارە قوتابخانانەی وەزارەتی پەروەردە دەستی بە بونیاتنانی کردبوون، لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانرا سێ دەوامی نەمێنێت و ژمارەیەکی زۆری بینایەی نوێی قوتابخانە دروست بکرێن، هێندەی کابینەکانی دیکە کە بارودۆخ ئاسایی بوون بینای قوتابخانە دروست کراون، بەپاڵپشتیی ڕاستەوخۆی نووسینگەی سەرۆك وەزیران و وەبەرهێنەران، لە نوێترین هەنگاودا لەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی ١٣ باڵەخانەی قوتابخانە لە هەولێر و دەوروبەری دادەنێت، کە لە ڕێگەی وەبەرهێنەران و پاڵپشتی و هاندانی سەرۆکی حکومەتەوە جێبەجێ دەکرێن.

لە ٢٥ی ئەم مانگە یەکەم زەنگی ساڵی نوێی خوێندن لێ دەدەین و هەموو ئامادەکارییەکان کراوە بۆ ئەوەی ساڵێکی سەرکەوتووی پەروەردە و خوێندن بەڕێ بکەین. لەو ڕۆژەدا لەناو پرۆسەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانداین، ئومێدەوارم کەرتی پەروەردە تێکەڵ بە ململانێی حزبی و دژایەتیکردنی هەرێم و کابینەکە نەکەن، چونکە ئەم کابینەیە بەردەوام دەبێت و ساڵی نوێی خوێندن بە باشی بەڕێ دەکەین.

**بوونی بابەتی بەهاکان و کارامە کۆمەڵایەتییەکان وای کردووە، هەرێمی کوردستان هەنگاوێک لەپێشتر بێت لە عێراق و وڵاتانی ناوچەکە**

**ڕێگا نەدرا مەرام و ئەجندەی تەسک و بەرژەوەندیی حزبی، یان کەمتەرخەمیی کەسانێک و هەست نەکرن بە بەرپرسیارێتی، زیان بە پرۆسەی خوێندن بگەیەنێت**




**کوێستان ئەحمەد قادر**
**قایمقامی قەزای خەبات بۆ گوڵان :**

# تەنیا لە سێکتەری ڕێگەوبان و قیرتاوکردن و پڕۆژەکانی شارەوانیدا لە ماوەی کابینەی نۆیەم نزیکەی حەوت ملیار دینار بۆ خەبات خەرج کراوە

# گەورەترین پڕۆژەی ستراتیژیی ئاودێری لە سنووری قەزای خەبات هەیە، کە ڕووبەری هەزار دۆنم زەوی بەراو دەکات

# پلان و بەرنامە هەیە کە پڕۆژەیەکی ستراتیژیی گەشتیاری لەسەر زێی گەورە لە سنووری قەزای خەبات ئەنجام بدرێت

**قەزای خەبات بە دووریی (٣٧)کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری هەولێرەوە، قەزاکە دەکەوێتە سەر زێی گەورە و بە ناوچەیەکی کشتوکاڵیی گرنگ و گەشتیاری ناسراوە، چەندین ساڵە گەورەترین پڕۆژەی ئاودێریی بۆ دروست کراوە و دارستانێکی بەرفراوانی لێیە، کە ڕووبەرەکەی (٤٠٠) دۆنم زەوییە و لە ڕووی گەشتیارییەوە سوودی لێ وەردەگیرێت، کە لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە دروست کراوە. جیا لە سەنتەری قەزا، دوو ناحییە بە ناوەکانی (ڕزگاری و کەورگۆسك) و سێ کۆمەڵگە و (٣٦) گوند لەسەر ئەو قەزایەن، ژمارەی تێکڕای دانیشتووانی سنوورەکە (١٦٧٥٨٥)کەس و ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە (٨١٠٠٠ ) کەسە. ڕووبەری گشتیی قەزای خەبات (٢٧٥١٣٧) دۆنمە، کە دەکاتە (٦٨٧)کم٢. لە ڕێککەوتی ٢٠٠٤/١١/١٠ بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٣٧١) خەبات کراوە بە قەزا. لە پاش بەقەزابوونی خەبات پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لە ڕووی چڕیی دانیشتووان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە گشتییەکانەوە لە چەندین گەڕەك بە ناوەکانی (هەنجیرۆك، ئاشتی١، ئاشتی٢، ئاشتی٣ و ڕزگاری، کانی مام سنج، کۆمەڵگەی ئیداری، کشتوکاڵ، باستام، سەروەران و شەهیدان و کادیران و کۆنەکەڵەك) پێك هاتووە، بۆ قسەکردن لەسەر گرنگترین ئەو پڕۆژانەی قەزای خەبات کە لە سەردەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دراون، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ کوێستان ئەحمەد قادر قایمقامی قەزای خەبات ئەنجام دا.**

*** خەبات فراوانبوونێکی گەورە بە خۆیەوە دەبینێت، سەرەتا دەکرێت بزانین ئەو کار و پڕۆژە گرنگ و ستراتیژییانە چین کە لە کابینەی نۆیەمدا بۆ قەزاکە ئەنجام دراون؟**

- لە سنوورەکەدا چەندین پڕۆژەی ئابووری و پیشەسازیی گرنگ هەن، کە لەسەر ئاستی پایتەخت و هەرێمی کوردستان سوودی لێ وەردەگیرێت، وەك پاڵاوتگەی نەوت، پڕۆژەی ئاوی ئیفراز، کە ئاو بۆ بەشێکی زۆری هاووڵاتییانی پارێزگای هەولێر دابین دەکات، هەروەها وێستگەی هەڵمیی کارەبای خەبات و چەندان پڕۆژە و کارگەکانی (ئاسن، کۆلا، ئەمباری نەوت، کارگەی شیرەمەنی ) هەن. لەم دواییانەشدا جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مسرور بارزانی بەردی بناغەی پڕۆژەیەکی تایبەت بە ئاوی لە کۆمەڵگەی سێبیران سەر بە ناحیەی ڕزگاری لە سنوری قەزای خەبات دانا، کە بە تەواوبوونی بۆ ماوەی ٣٠ ساڵی دیکە هەولێر گرفتی کەمئاویی نابێت. هاوکات لەو کابینەیەدا

**لە سنوورەکەدا چەندین پڕۆژەی ئابووری و پیشەسازیی گرنگ هەن، کە لەسەر ئاستی پایتەخت و هەرێمی کوردستان سوودی لێ وەردەگیرێت، وەک پاڵاوتگەی نەوت، پڕۆژەی ئاوی ئیفراز، کە ئاو بۆ بەشێکی زۆری هاووڵاتییانی پارێزگای هەولێر دابین دەکات**



**ڕێزدار مسرور بارزانی بەردی بناغەی پرۆژەیەکی تایبەت بە ئاوی لە کۆمەڵگەی سێبیران سەر بە ناحیەی ڕزگاری لە سنوری قەزای خەبات دانا، کە بە تەواوبوونی بۆ ماوەی ٣٠ ساڵی دیکە هەولێر گرفتی کەمئاویی نابێت**

لە هەموو سێکتەرە خزمەتگوزارییەکاندا چەندین کار و پرۆژەی پەیوەست و ڕاستەوخۆ بە ژیانی هاووڵاتیانی قەزای خەبات جێبەجێ کراون، کە لێرەدا ئاماژە بە چەند داتایەك دەکەین. لە ساڵی ٢٠٢٠ بڕی زیاتر لە چوار ملیار دینار بۆ چەندین پرۆژە لە سێکتەری جیا جیا خەرج کراوە، لە ساڵی ٢٠٢١ بە هەمان شێوە بۆ ئەو پرۆژە جۆراوجۆرانەی جێبەجێکراون، ئەوە زیاتر لە چوار ملیار و ٨١٤ ملیۆن دینار تەرخان کرابوو، لە ساڵی ٢٠٢٢ش بڕی زیاتر لە چوار ملیار و ٦٣٢ ملیۆن دینار خەرج کراوە. بۆ ساڵی ٢٠٢٤ بەپێی ئەو بەرنامە و پلانەی دانراوە، بڕیارە بە بڕی نۆ ملیار دینار پرۆژە بۆ قەزای خەبات و سنوورەکەی ئەنجام بدرێت.

*** ئایا لە سێکتەری ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆ لە سەنتەری قەزا و ناوچەکەدا هیچ کێشەیەك هەیە؟ ئەی ئەو پرۆژانە چین لەو بوارانەدا کە لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستاندا بۆتان کرابێت؟**

- بە هەوڵی هەموو دامودەزگا پەیوەندیدارەکان نەمانهێشتووە هاووڵاتیان ڕووبەڕووی کێشەی کەمئاوی، یان بێئاوی ببنەوە، هەروەها لەم دواییانەشدا ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی پرۆژەیەکی تایبەت بە ئاوی لەژێر ناوی پرۆژەی فریاگوزاریی خێرای گەیاندنی ئاو بۆ شاری هەولێر دانا، کە بە تەواوبوونی بۆ ماوەی ٣٠ ساڵی دیکە هەولێر گرفتی ئاوی نابێت. پرۆژەکە بە گوژمەی ٤٧٩ ملیۆن دۆلار لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت و بە ڕێژەی ١٠٠٪ی کێشەی کەمئاوی لە سنووری پارێزگای هەولێر چارەسەر دەکات، هەروەها توانای بەرهەمهێنانی ٢٠ هەزار مەتر سێجا ئاوی لە کاتژمێرێکدا هەیە، دوو وێستگە لە نێو یەك چوارچێوەدایە، ئەگەر هەر کێشەیەك بۆ وێستگەیەکیان دروست ببێت، وێستگەکەی دیکە کار دەکات. هەروەها بە دەیان پرۆژەی گەورە و مامناوەند و بچووك بۆ زیاتر پەرەپێدان بە سێکتەری ئاوی خواردنەوە ئەنجام دراون، بۆ نموونە لە چەندین گەڕەك تۆڕی نوێی ئاو دانراوە، یان نۆژەن کراوەتەوە، ئەمە جیا لەوەی کە چەندین بیر کە وشکیان کردبوو، بیری بەدیلیان بۆ لێدراوەتەوە، هەروەها هەر لەم کابینەیەدا (١٩) بیری ئاوی خواردنەوە و ( ١١ ) بیری بەدیلیش لێدراوە، نزیکەی (٤٠کم) تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە دابین کراوە، بە

**بە هەوڵی هەموو دامودەزگا پەیوەندیدارەکان نەمانهێشتووە هاووڵاتیان ڕووبەڕووی کێشەی کەمئاوی، یان بێئاوی ببنەوە**



شێوەیەکی گشتی (٤٢) پرۆژە بەو دوو لایەنەوە بە گوژمەی نزیکەی یەك ملیار و نیو دینار لە ماوەی ئەو کابینەیەدا بۆ قەزا و ناحییە و هەموو سنوورەکە جێبەجێ کراون.

*** ئایا لە بواری پەروەردە و خوێندندا کێشەتان هەیە، بەتایبەتی لە بینایەی قوتابخانەدا، چونکە لەم چوار ساڵەدا لەو سنوورە چەندین قوتابخانە بۆ قەزای خەبات و سنوورەکە دروست کراون؟**

- بەشێکی بینای قوتابخانەکان لە سنووری قەزای خەبات کۆن بوون و پێویستە نۆژەن بکرێنەوە، ئەمە جیا لەوەی دەیان قوتابخانە کاری نۆژەنکردنەوەیان بۆ ئەنجام دراوە، هەروەها لە ساڵی ڕابردوودا بەردی بناغەی چەند قوتابخانە لە سنوورەکەمان دانراون، پێنج قوتابخانەی نوێش دروست کراون و (١٥) قوتابخانەش نۆژەن کراونەتەوە و قوتابخانەیەکی (١٨)پۆلی لە سەنتەری قەزای خەبات بە بڕی یەك ملیار و سێ سەد و نەوەت ملیۆن دینار دروست کراوە، هەروەها دوو قوتابخانەی ١٢ پۆلی بە بڕی دوو ملیار و پێنج سەد ملیۆن دینار دروست کراون، بەرنامە و پلانیش دانراوە چەند قوتابخانەیەکی دیکەش دروست بکرێن و نۆژەن بکرێنەوە، بەتایبەتی کە تا ئێستاش کێشەی پەروەردە بەتایبەتی لە ڕووی بینایەوە لە گوندەکان و تەواوی سنوورەکەدا هەیە.

*** لە تۆڕی ڕێگەوبان و چاککردن و قیرتاو و کۆنکرێتکردنی کۆڵان و شەقامەکانی ناو سەنتەری قەزا و ناحییەکە چیتان بۆ کراوە؟ ئایا ئەو ڕێگە سەرەکییەی نێوان قەزاکە و هەولێر کە دوو سایدیشە، پێویستی بە چاککردن نییە؟**

- بەردەوام پرۆژەی جۆراوجۆری قیرتاوکردن و کۆنکرێتکردن لە سنوورەکەمان جێبەجێ دەکرێن، ئەو جۆرە پرۆژانەش بە قەبارەی بچووك و گەورە و بەرفراوان بەردەوام دەبن، بە خۆشحاڵییەوە ئەمساڵ لەسەر فەرمانی جەنابی سەرۆك وەزیران بڕیاری نۆژەنکردنەوە و ڕێکخستنەوەی دووسایدی نێوان (خەبات – هەولێر) درا کە لە ئێستادا دەست کراوە بە کارەکانی، هەروەها داوای چاککردنی ڕیگەی (خەبات – کەورگۆسك) کراوە، لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا دەست بە چاککردنی ڕێگای (خەبات – سفەیە)ش دەکرێت، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاککردن و پاراستنی ڕیگەوبانی هەولێرەوە جێبەجێ دەکرێت. بە شێوەیەکی گشتی لە کابینەی

**لە ساڵی ڕابردوودا بەردی بناغەی چەند قوتابخانە لە سنوورەکەمان دانراون، پێنج قوتابخانەی نوێش دروست کراون و (١٥) قوتابخانەش نۆژەن کراونەتەوە**

**ئەمساڵ لەسەر فەرمانی جەنابی سەرۆک وەزیران بڕیاری نۆژەنکردنەوە و ڕێکخستنەوەی دووسایدی نێوان (خەبات – هەولێر) درا کە لە ئێستادا دەست کراوە بە کارەکانی**

**لە کابینەی نۆیەمدا لە کەرتی ڕێگەوباندا شارەوانی (٥٦) پڕۆژەی جۆراوجۆری بە بڕی نزیکەی حەوت ملیار دینار بۆ جێبەجێ کردووە**

نۆیەمدا لە کەرتی ڕێگەوباندا شارەوانی (٥٦) پڕۆژەی جۆراوجۆری بە بڕی نزیکەی حەوت ملیار دینار جێبەجێ کردووە.

*** لە بواری کارەبادا چیتان بۆ کراوە و چەند پارە تەرخان کراوە بۆ ئەم بوارە گرنگە، بەتایبەتی کە ئێوە لە چەند ناحییەی سەر بە قەزای خەبات کێشەی گواستنەوەی کارەباتان هەیە؟**

- لە قەزای خەبات وێستگەی هەڵمیی کارەبای خەبات هەیە، وێستگەکە جیا لە چارەسەری بارزۆریی سەر تۆڕەکانی کارەبا دەکات. هەروەها چەندین پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی هێڵی کارەبا لەم کابینەیەدا خراونەتە بەرنامەی کار و جێبەجێش کراون، هەروەها دانانی تۆڕی ڕووناکی لە سەنتەری قەزاکە ئەنجام دراوە، بەشێوەیەکی گشتی لەم کابینەیەدا لە قەزای خەبات و تەواوی سنوورەکە (١٩) کار و پڕۆژەی جۆراوجۆر لە سێکتەری کارەبادا بە بڕی زیاتر لە سێ ملیار و٤٨٨ ملیۆن دینار جێبەجێ کراوە.



خەبات، کارەبا بۆسەر تۆڕی گشتیی کارەبای نیشتمانی زیاد دەکات. هەروەها بەردەوام خواستی زیاتر لەسەر کارەبا هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە هەمیشە لەسەر هێڵین بۆ دابینکردنی خواستی هاووڵاتییان سەبارەت بە کارەبا و نەمانهێشتووە لە هیچ شوێنێکی سنوورەکەماندا گرفتی نەبوون، یان پچڕانی کارەبا ڕوو بدات، هەمیشە و بە بەردەوام لە زووترین کاتدا گرفتەکانمان چارەسەر کردووە. لە بوارەکانی کەرتی کارەبادا چەندین کار و پڕۆژەی گرنگ لەم سنوورەدا جێبەجێ کراون، بۆ نموونە: دانانی وێستگەی کارەبای مۆبایل و زیادکردنی چوار فیدەر، کە ئەو کارانە

*** ئێوە کە لەسەر ئاوی زێی گەورەن، هیچ سوودی لێ وەردەگرن؟ بۆچی پڕۆژەی ئاودێری و گەشتیاریی تێدا دروست ناکرێت؟**

- چەندین پڕۆژەی گەورە و ستراتیژی لەسەر زێی گەورە هەن و لە داهاتووشدا پلان و بەرنامە هەیە پڕۆژەی دیکەش لەسەر ئەو زێیە ئەنجام بدرێن، لە ئێستاشدا پلان هەیە پڕۆژەیەکی زۆر گەورە و بەرفراوانی گەشتیاری لەسەر زێی دروست بکرێت، کە جیا لە سوودی بۆ کەرتی گەشتیاری لە ناوچەکە، دەتوانرێت هەلی کاریش بۆ گەنجانی سنوورەکە بڕەخسێنێت و ناوچەکە دەچێتە قۆناغێکی دیکەی گەشتیارییەوە، هەروەها لەسەر زێی گەورە، پڕۆژەی ئاودێری

**هەمیشە لەسەر هێڵین بۆ دابینکردنی خواستی هاووڵاتییان سەبارەت بە کارەبا و نەمانهێشتووە لە هیچ شوێنێکی سنوورەکەماندا گرفتی نەبوون، یان پچڕانی کارەبا ڕوو بدات**

هەیە کە (١٠٠٠ دۆنم) زەویی بەراو هەیە کە لەلایەن (٥٠٠) جووتیارەوە سوودی لێ وەردەگیرێت، هاوکات دیراسەی ئەوە کراوە کە پڕۆژەی ئاودێریی دیکە لە زێی گەورە دروست بکرێت، تاوەکو زیاتر سوود لەو ئاوە زۆرە ببینرێت، هەروەها پڕۆژەی ئیفرازەکانی ئاوی خواردنەوەی شاری هەولێریش هەر لە زێی گەورە دروست کراون.

***سنووری قەزاکەتان بە زەویی کشتوکاڵی بەناوبانگە، لەو سنوورەدا چی بۆ جووتیاران کراوە، بەتایبەتی لە ئاودێری و دروستکردنی پۆند و بەنداو و سایلۆ، یان چی لە بەرنامەدا هەیە؟**

- خەبات تا ڕادەیەکی زۆر ناوچەیەکی زۆر لەبارە بۆ کشتووکاڵ، ساڵانە بەروبوومەکانی جیا لە پڕکردنەوەی خواستی قەزاکە، هەناردەی شارەکانی دەوروبەری و تەنانەت عێراقیش دەکرێت. ئێمە هەوڵمان داوە پەین و ماددەکانی پەیوەست بە کشتوکاڵ بۆ جووتیارانمان دابین بکەین، هەروەها هەوڵمان داوە، لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە خانووی پلاستیکی و چەندان پێداویستیی دیکەی تایبەت بە جووتیارانی سنوورەکەمان ببەخشین. شایانی ئاماژەیە کە گەورەترین پرۆژەی ئاودێری لە هەرێمی کوردستان لە سنووری قەزای خەباتدایە، کە بەردەوام دروستکردنی بەربەست و بەرزکردنەوەی ئاستی و خاوێنکردنەوەی دۆڵ و ڕێرەوەکانی ئاوی سەر بە پرۆژەی ئاودێریی بۆ جێبەجێ کراوە، هاوکات دوو پۆند لە سنووری قەزاکە بۆ گلدانەوەی ئاو لە ناحیەی دارەشەکران کە پێشتر سەر بە قەزای خەبات بوو، دروست کراوە، کە بە هەر دوو پۆندەکە زیاتر لە یەك ملیار دیناریان بۆ خەرکراوە.

**لەم کابینەیەدا لە قەزای خەبات و تەواوی سنوورەکە (١٩) کار و پڕۆژەی جۆراوجۆر لە سێکتەری کارەبادا بە بڕی زیاتر لە سێ ملیار و٤٨٨ ملیۆن دینار جێبەجێ کراوە**



*** لە سێتکەری تەندروستیدا چیتان بۆ کراوە؟**

- لەو کەرتەدا کە کەرتێکی زۆر گرنگ و پەیوەستە بە هەموو تاکێك و خەڵکی قەزای خەبات و سنوورەکەوە، شەش پڕۆژەی گرنگ و پێویستی تەندروستی بە گوژمەی (یەك ملیار و ٦٢٣ ملیۆن) دینار لە کابینەی نۆیەمدا بۆ قەزاکەمان جێبەجێ کراوە، بۆ نموونە فراوانکردن و زیادکردنی ژوور و دابینکردنی ئامێر بۆ بنکەی تەندروستیی سارێژ لە سەنتەری قەزاکە، فراوانکردنی بەشێکی بنکەی تەندروستیی کانی قرژاڵە، نۆژەنکردنەوەی بنکەی تەندروستیی مام خالان، چاککردنەوەی بنکەی تەندروستیی قەرەتاجین.

**شەش پڕۆژەی گرنگ و پێویستی تەندروستی بە گوژمەی (یەك ملیار و ٦٢٣ ملیۆن) دینار لە کابینەی نۆیەمدا بۆ قەزاکەمان جێبەجێ کراوە**

نێکۆڵاس ڤێرۆن، توێژەری باڵایە لە ئەنستیتیوتی پێتەرسۆن بۆ ئابووریی نێودەوڵەتی لە واشنتۆن دی سی. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك سیستەمە داراییەکان، چاکسازی دارایی لە جیهاندا، لە نێویاندا دەستپێشخەرییە داراییە جیهانییەکان و ئەو پەرەسەندنانەی لە ئێستادا لە نێو یەکێتیی ئەورووپادا ڕوودەدەن، بەم دواییەش چەندین وتاری نووسیوە لەسەر پرسەکانی تایبەت بە سزا ئابوورییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەسەر ڕووسیا، و بابەتی سڕکردنی یەدەگی بانکی ناوەندیی ڕووسیا لە ئەورووپا. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەندیدار بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و لایەن و ڕەهەندی سزا ئابووری و داراییە سەپێندراوەکان بەسەر ڕووسیادا، بەتایبەتی بلۆککردنی پارەی یەدەگی ڕووسیا لە بانکەکانی وڵاتانی ئەورووپا و هەڵسەنگاندنی ئەوەی تا چ ڕادەیەك دەرئەنجامی خوازراویان لێکەوتەوە.

## نێکۆڵاس ڤێرۆن

توێژەری باڵا لە ئەنستیتیوتی پێتەرسۆن بۆ ئابووریی نێودەوڵەتی لە واشنتۆن دی سی بۆ گوڵان:

# سەرکەوتووترین سزا بلۆککردنی پارەکانی ڕووسیا بووە



# دیمانەی تایبەت

*** سەبارەت بە شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیاوە كە لە ئێستادا شەڕەكە ڕەهەند و دوورایی دیكەی وەرگرتووە لە بواری بەكارهێنانی فڕۆكەی بیفڕۆكەوان و هێرشكردنە سەر ژێرخانی وزە، ئەوا كەمتر باس لە كاریگەریی ئەو سزا ئابووری و داراییانە دەكرێت كە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریكراوی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا سەپاندوویانە بەسەر ڕووسیادا، ئێوە چۆن لە كاریگەریی ئەم سزایانە دەڕوانن؟**

- سەرەتا و هەر بۆ وەبیرهێنانەوەیەك لەبارەی ئەم شەڕەوە، ئەوا دەڵێم پوتین و هەروەها چاودێرەكانی ڕۆژئاواش لە سەرەتادا پێیان وابوو كە ئەم داگیركارییەی ڕووسیا بۆ ئۆكرانیا سەركەوتوو دەبێت. پێیان وابوو كە سوپای ڕووسیا دەتوانێت زۆر بە خێرایی كییێڤ و زۆرێك لە ناوچەكانی دیكەی ئۆكرانیا داگیر بكات، بەڵام ئاشكرایە كە ئەوە ڕووی نەدا. ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسیارەكەتانەوە، ئەوا من دەڵێم كاریگەریی ئەم سزا و ڕێكارانە تێكەڵن، مەبەستم ئەوەیە هەندێ لەم سزایانە بە ڕاددەیەكی گەورە سەركەوتوو بوون لە بەدیهێنانی ئامانجەكانیاندا، بەڵام هەندێكیشان تەواو سەركەوتوو نەبوون. دەمەوێت ئەوەش بخەمەڕوو كە وشە، یان دەستەواژەی سزاكان بەرفراوانە و هەندێ جار ڕەنگە مشتومڕ دروست بێت، لەسەر ئەوەی چ ڕێكارێك بە سزا دادەنرێت و چی بە سزا هەژمار ناكرێت. بۆ نموونە ئێوە لە بڕیاری وڵاتانی ئەورووپا بۆ دەستهەڵگرتن لە كڕینی غازی ڕووسیا بڕوانن، كە لێرەدا پرسیارەكە ئەوەیە، ئایا ئەم بڕیارە خۆی لە خۆیدا سزایە و بەسەر ڕووسیادا سەپێندراوە، یان دەتوانین بڵێین تەنیا بڕیارێكە و پەیوەستە بە دۆخی ناوخۆی ئەم وڵاتانەوە؟ كەواتە دەتوانین لەبارەی سرووشتی بڕیارێكی لەم چەشنەوە مشتومڕ و

**سزا پەیوەندیدارەكان بە بواری بازرگانییەوە- بەتایبەتی ڕێگریكردن لەوەی ڕووسیا بتوانێت هەندێ كەرەستەی دەست بكەوێت بۆ بواری پیشەسازی سەربازی- كاریگەرییان هەبووە**

**لە پەیوەندی بە سزاکانی پەیوەست بە وزەوە، ئەوا بڕیاری وڵاتانی ئەورووپا بۆ ئەوەی چیتر پشتبەستوو نەبن بە وزەی ڕووسیا بە دەستکەوتێکی گەورە لە قەڵەم دەدرێت**

**سزاکانی سەر کەرتی وزەی ڕووسیا نەیتوانیوە داهاتی ڕووسیا لە فرۆشتن و هەناردەکردنی نەوت و غاز کەم بکاتەوە**

گفتوگۆ بکەین، هەرچۆنێك بێت ئەم بڕیارە کاریگەری هەبوو لەسەر کەرتی غازی ڕووسیا و لەسەر گازپرۆم بە دیاریکراوی.

*** ئێوە چاودێرێکی وردی ئەم بوارەن و چەندین وتارتان لەبارەوە نووسیوە. ئایا لە تێڕوانینی ئێوەدا ئەو سزایانە چی بوون کە زۆرترین کاریگەری لەسەر ڕووسیا دروست کردووە؟**

- ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی باس لەم پرسە بکەین، ئەوا من پێم وایە دەکرێت ئاماژە بە ڕێکارێکی دیاریکراو بکەین، کە ئەویش بلۆککردنی یەدەگی بانکی ناوەندیی ڕووسیایە لەلایەن وڵاتانی ئەورووپاوە، کە بە نزیکەی ٣٠٠ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، ئەوەش بە باوەڕی من سەرکەوتووترین سزا و ڕێکار بووە کە لە بەرانبەر ڕووسیادا گیرابێتەبەر، لەبەر ئەوە خودی سەرۆك ڤلادمیر پوتین و ژەنەڕاڵەکانی سوپای ئەو وڵاتە پێیان وابوو کە دەتوانن ئەم پارە وەك سەرچاوەیەك بۆ بەردەوامیدان و درێژەپێدان بە شەڕەکە بەکار بهێنن، کە لە ئێستادا ناتوانرێت بۆ شەڕەکە بەکار بهێنرێت، چونکە بلۆك کراون و ڕێگری لە دەستپێڕاگەیشتنیان کراوە.

*** لایەنێکی دیکەی ئەم سزایانە ڕەهەندی بازرگانییان وەرگرتووە، واتە زۆرێك لە ڕێکار و سزاکان ڕێگریکردن، یان بێبەشکردنی ڕووسیا لە بەدەستهێنانی هەندێ کەرەستە و کاڵا لەخۆ دەگرێت، ئایا چۆن لە کاریگەریی ئەم سزایانە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا پێم وایە سزا پەیوەندیدارەکان بە بواری بازرگانییەوە- بەتایبەتی ڕێگریکردن لەوەی ڕووسیا بتوانێت هەندێ کەرەستەی دەست بکەوێت بۆ بواری پیشەسازی سەربازی- کاریگەرییان هەبووە، ڕاستە ناکرێت بڵێین کە نەبوونەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا ناچار بێت شەڕەکە ڕابگرێت، بەڵام هەندێ ئاستەنگ و زەحمەتی بۆ ڕووسیا دروست کردووە.

*** ئێوە خاڵێکی گرنگتان وروژاند و ئاماژەتان بە بڕیاری وڵاتانی ئەورووپا کرد بۆ ئەوەی چیتر پشت نەبەستن بە هاوردەکردنی نەوت و غازی ڕووسیا. ئایا دەکرێت بڵێین ئەمەش هەنگاوێکی سەرکەوتوو بووە؟ ئایا ئەمە پێچەوانەی پێشبینییەکانی ڕووسیا نەبوو کە پێی وابوو وڵاتانی ئەورووپا هەنگاوێکی لەم چەشنە هەڵناگرن؟**

- بەڵێ، من باوەڕم وایە لە پەیوەندی بە سزاکانی پەیوەست بە وزەوە، ئەوا بڕیاری وڵاتانی ئەورووپا بۆ ئەوەی چیتر پشتبەستوو نەبن بە وزەی ڕووسیا بە دەستکەوتێکی گەورە لە قەڵەم دەدرێت. ئیتر بە چاوپۆشین لەوەی ئایا ئەمە بە سزا دادەنرێت یان نا، چونکە ئەمە زیاتر پرسێکی زەمانەوانییە و پەیوەندی



بەوەوە هەیە، بە چ گوزارشتێك وەسفیان دەكەین. كاتێك دەڵێم كە دەستكەوتی گەورەی هەبووە، ئەوەیە كە سەركەوتنەكە لەوەدا بەرجەستە دەبێت كە بووەتە هۆی ئەوەی وڵاتانی ئەوروپا لە بار و پێگەیەكی لاوازدا نەبن لە ئاست ڕووسیادا لە پەیوەندی بە هاوردەكردن و بەدەستهێنانی وزەوە. بەتایبەتی ئەگەری ئێمە دۆخەكە لە نێوان ئێستا و ساڵی ٢٠٢١دا بەراورد بكەین.

*** بەڵام دەوترێت ئەم هەنگاوانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی داهاتی نەوت و غازی ڕووسیا بە ڕادەیەكی گەورە و بەرچاو كەم ببنەوە، كە چاوەڕوان دەكرا ئەمە ڕووی بدایە و بەو پێیە كاریگەری هەبووایە لەسەر كەمكردنەوەی پاڵنەری ڕووسیا بۆ درێژەدان بە شەڕەكە، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

- دەكرێت بڵێین سزاكانی سەر كەرتی وزەی ڕووسیا نەیتوانیوە داهاتی ڕووسیا لە فرۆشتن و هەناردەكردنی نەوت و غاز كەم بكاتەوە، بە شێوەیەك كە ببێتە هۆی ئەگەری كۆت و بەندكردنی دەستی ڕووسیا. ئەگەر زیاتر ئەمە ڕوون بكەینەوە، ئەوا دەڵێم ڕاستە ئەم ڕێكارانە بوونەتە هۆی ئەوەی تا ڕادەیەك داهاتی فرۆشتنی نەوت و غازی ڕووسیا كەم ببێتەوە، بەڵام ئەم كەمبوونەوەیە بە شێوەیەك نەبووە كە ببێتە هۆی ئەوەی كێشەی دارایی بۆ ڕووسیا دروست بكات، بە چەشنێك كە كاریگەری لەسەر شەڕەكە هەبێت.

*** بەڵام كێشەی ڕێكار و سزاكانی سەر كەرتی وزە ئەوەیە كە دەبێت هاوسەنگی بپارێزێت، یان با بڵێین دەبێت ئەوەش ڕەچاو بكات كە نرخی نەوت و غاز بە چەشنێك بەرز نەكاتەوە كە كاریگەری نەرێنی و نەخوازراوی لێ بكەوێتەوە لەسەر وڵاتانی هاوردەكاری نەوت و غاز، لێكدانەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- بەڵێ، ئەو خاڵەی كە دەبێت لەم ڕووەوە لەبەرچاو بگیرێت و نادیدە نەگیرێت، ئەوەیە كاتێك هەڵسەنگاندن بۆ كاریگەریی ئەم ڕێكارانە دەكەین، ئەوەیە كە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە میانەی ڕێكارەكانیاندا لە دژی كەرتی وزەی ڕووسیا هەوڵی بەدیهێنانی دوو ئامانجی پێكناكۆك دەدەن، چونكە لەلایەكەوە دەیانەوێت تا ئەو ڕادەیەی دەكرێت، داهاتی فرۆشتنی نەوت و غازی ڕووسیا كەم بكەنەوە، لە هەمان كاتدا نایانەوێت ئەم كارە بە چەشنێك ئەنجام بدەن كە ببێتە هۆی شڵەژاندنی بازاڕی نەوت و غاز لە جیهاندا. كەواتە ئەمە دوو ئامانجی دژ بە یەكن. خۆ ئەگەر ئێمە لە وێنە گەورەكە بڕوانین، ئەوا ئەوەی بەدی دەكەین، ئەوەیە كە خودی ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ئەولەوییەت دەدات بە پاراستنی بازاڕی نەوت و غاز و ڕێگریكردن لە شڵەژاندنی ئەم بازاڕە لە بەرانبەر خستنەگەڕی هەوڵەكان بۆ بێبەشكردنی ڕووسیا لە داهاتی فرۆشتنی نەوت و غاز تاوەكو نەتوانێت بەكاری بهێنێت بۆ درێژەدان بە شەڕەكە. هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن و ئەوەمان بۆ لێك دەدەنەوە كە بۆچی ئەم ڕێكارانە كاریگەرییەكی ئەوتۆیان نەبووە، بەتایبەتی ئەگەر لە بڕیاری سەپاندنی نرخێكی دیاریكراو بەسەر كڕینی نەوتی ڕووسیادا بڕوانین، كە بۆمان دەركەوت جیاوازییەكی ئەوتۆی دروست نەكرد و دەرئەنجامی خوازراوی لێ نەكەوتەوە.

**لەلایەكەوە دەیانەوێت تا ئەو ڕادەیەی دەكرێت، داهاتی فرۆشتنی نەوت و غازی ڕووسیا كەم بكەنەوە، لە هەمان كاتدا نایانەوێت ئەم كارە بە چەشنێك ئەنجام بدەن كە ببێتە هۆی شڵەژاندنی بازاڕی نەوت و غاز لە جیهاندا**

**ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ئەولەوییەت دەدات بە پاراستنی بازاڕی نەوت و غاز و ڕێگریكردن لە شڵەژاندنی ئەم بازاڕە**



## پرۆفیسۆر بۆعاز عەتزیلی بۆ گوڵان:

# دەوڵەتانی شکستخواردوو و لاواز سەرچاوەی زۆرێک لە کێشەکانن

پرۆفیسۆر بۆعاز عەتزیلی، زانایەکی سیاسییە و توێژەر و پرۆفیسۆری سیاسەتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن دی سی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ دەدات بە ئاسایشی نێودەوڵەتی بە سەرنج چڕکردنەوە لەسەر سیاسەتی پەیوەست بە سنوورەکان و ناکۆکییەکانی خاك و لایەنە نێودەوڵەتییەکانی لاوازبوونی دەوڵەتەوە. چەندین توێژینەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین ئەنجام داوە. بۆ تیشك خستنەسەر چەند پرسی تایبەت، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، یەکەمیان بۆ تاوتوێکردنی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و پەرەسەندنەکانی ئەم شەڕە، بەتایبەتی پرسی ئەوەی ئایا دەکرێت پارە بلۆککراوەکانی ڕووسیا بدرێتە ئۆکرانیا و ئەو وڵاتەی پێ ئاوەدان بکرێتەوە؟ دووەمیان بابەتی دەوڵەتە شکستخواردووەکان و و دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی بوونی دەوڵەتی شکستخواردوو بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها بابەتی سنوورە نێودەوڵەتییەکان و ناکۆکییەکانی پەیوەست بەم سنوورانەوە.

# دیمانەی تایبەت



*** لەگەڵ درێژەکێشانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، دەبینین پەرەسەندنەکان تەنیا پەیوەست نین بە گۆڕەپانی شەڕەکەوە، بەڵکو دوای ئەوەی یەدەگی بانکی ناوەندیی ڕووسیا لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بلۆك کرا، ئەوا لە ئێستادا مشتومڕێکی زۆر هەیە کە ئەو پارانە بەکار بهێنرێنەوە بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئۆکرانیا، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە تا چ ڕاددەیەك ڕێکارێکی لەم شێوەیە ڕێ پێدراوە لە بواری نێودەوڵەتیدا؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە من کەسێکی تایبەت و پسپۆڕی بواری یاسای نێودەوڵەتی نیم، لەبەر ئەوە ڕەنگە نەتوانم ئەم پرسە لە ڕوانگەی یاساییەوە لێك بدەمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا و ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی لە شەڕەکە بڕوانین، ئەوا ئاشکرایە کە ڕووسیا یاسای نێودەوڵەتی پێشێل کردووە و بەردەوامە لەسەر ئەم پێشێلکارییەش و نەك هەر تەنیا هەڕەشە و مەترسی لەسەر ئۆکرانیا دروست کردووە، بەڵکو بەشێکی خاکی ئەو وڵاتەشی داگیر کردووە، کە ئاشکرایە ئۆکرانیا وڵاتێکی سەربەخۆیە و ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشە، ئەمەش بەو واتایە دێت کە پێشتر ڕووسیا ددانپێدانانی هەبووە بە یاساییبوونی سنوورە نێودەوڵەتییەکانی ئۆکرانیا، بەڵام دواتر دێت و بەشێك لە خاکی ئەم وڵاتە داگیر دەکات و دەستی بەسەردا دەگرێت و دەیکاتە بەشێك لە خاکی خۆی، کە ئەمەش هاوشێوەی ئەو حاڵەتەیە کە تێیدا عێراق هێرشی کردە سەر وڵاتی کوەیت و داگیری کرد.

*** ئێوە ئەم داگیرکارییەی ڕووسیاتان بە داگیرکارییەکەی عێراق بۆ کوەیت شوبهاند.**

**ڕووسیا یاسای نێودەوڵەتی پێشێل کردووە و بەردەوامە لەسەر ئەم پێشێلکارییەش و نەک هەر تەنیا هەڕەشە و مەترسی لەسەر ئۆکرانیا دروست کردووە، بەڵکو بەشێکی خاکی ئەو وڵاتەشی داگیر کردووە**

**ڕووسیا وڵاتێکە کە خاوەنی چەکی ناوکییە، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین کە هەر هێرش و ڕووبەڕووبونەوەیەکی ڕاستەوخۆی نێوان ناتۆ و ڕووسیا مایەی مەترسییەکی زۆر دەبێت**

**توانا سەربازییەکانی حزبوڵڵا زیاتر و گەورەترن لە توانا سەربازییەکان دەوڵەتی لوبنان، بە دووریش ناگیرێت کە تەواوی دەوڵەتی لوبنان ڕابکێشێتە نێو شەڕێکی سەرتاسەرییەوە، ئێستا دۆخەکە بە چەشنێکە کە زیاتر بەرەو ئەم ئەگەرە دەچین**

**تاوەکو شەرعییەت و هێزی دەوڵەتەکە زیاتر بێت، ئەوا زیاتر دەتوانێت ڕێگری لە دروستبوونی کێشە و ناکۆکییەکان بکات**

**لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هاوپەیمانێتییەك دژ بە ڕووسیا پێکناهێنرێت، وەك ئەوەی دژی عێراق پێکهێنرا و بە زەبری هێز عێراق ناچار کرا پاشەکشە بکات و کوەیتیش ڕزگار کرا؟**

- ئێمە دەزانین کە ڕووسیا وڵاتێکی زۆر بەهێزترە، ئەگەر بەراوردی بکەین بە عێراق لە کاتێکدا کە پەلاماری کوەیتی دا و داگیری کرد، هەروەها ڕووسیا وڵاتێکە کە خاوەنی چەکی ناوکییە، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین کە هەر هێرش و ڕووبەڕووبونەوەیەکی ڕاستەوخۆی نێوان ناتۆ و ڕووسیا مایەی مەترسییەکی زۆر دەبێت، هەر لەبەر ئەمەشە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا هەوڵ دەدەن کە ئەم پرسە بە شێوەیەکی دیکە یەکلا بکەنەوە.

*** دەستەواژەیەك هەیە کە ئێوە لە توێژینەوەکانتاندا جەختتان لەسەر کردووەتەوە، ئەویش دەوڵەتی شکستخواردووە، ئایا ئێوە چۆن لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی شکستخواردنی دەوڵەت دەڕوانن؟ ئایا دەکرێت تێوەگلانی دەوڵەتێك لە شەڕێکدا کە دەرئەنجامەکەی مایەی کارەسات و کاولکاری بێت، ئەو وڵاتە بە یەکێك لە نیشانەکانی شکستخواردنی دەوڵەتی لێك بدرێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەم پرسە «دەوڵەتی شکستخواردوو»، سەرچاوەی سەرهەڵدانی کێشە و ناکۆکییە لە زۆرێك لە بەشەکانی جیهان، کە مەرج نییە دەوڵەتەکە تەواو شکستخواردوو بێت، بەڵکو دەکرێت دەوڵەتەکە لاواز بێت بە چەشنێك کە تێیدا بوار و پانتایی بۆ بەهێزبوونی کاراکتەرە نادەوڵەتییەکان دروست بێت و، ئەم کاراکتەرانەش هەندێ بڕیاری هەڵە بدەن، کە بۆی هەیە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەکە نەکات.

*** با پرسیارەکە بە دیاریکراوتر بکەین و پەیوەستی بکەینەوە بە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، کە دەوترێت چەندین دەوڵەتی ئەم ناوچەیە وەسفی شکستخواردوویان بەسەردا جێبەجێ دەبێت و، ئەمەش هەلومەرجێك دەخولقێنێت کە گەلانی ئەم ناوچەیە تووشی نەهامەتی و ناهەمواری دەکاتەوە، لەم بارەیەوە ڕاتان چییە؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنگە لەم ڕووەوە ئاماژە بەو هەموو پشێوییە بکرێت کە شەڕی ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماس لە کەرتی غەززەدا دروستی کردووە، کە ڕەنگە نەتوانین لێرەدا بڵێین ئەوەی لە کەرتی غەززە هەبووە، دەوڵەتێکی شکستخواردوو بووە، چونکە دەوڵەت نەبووە لەوێدا، هەرچۆنێك بێت دەکرێت باس لە ڕووبەڕووبوونەوەکانی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنانی بکەین، هەرچەندە تا ئێستادا ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە هەڵکشانێکی گەورە و بەربڵاوی بەخۆیەوە نەبینیوە. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئەم بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئیسرائیلدا لەلایەن دەوڵەتی لوبنانەوە دەرنەکراوە، بەڵکو ئەوە کاراکتەرێکی نادەوڵەتییە (حزبوڵڵا) کە ئەم بڕیارە دەدات، کە ڕوونە توانا سەربازییەکانی حزبوڵڵا زیاتر و گەورەترن لە توانا سەربازییەکان دەوڵەتی لوبنان، بە دووریش ناگیرێت کە تەواوی دەوڵەتی لوبنان ڕابکێشێتە نێو شەڕێکی سەرتاسەرییەوە، کە ئێستا دۆخەکە بە چەشنێکە کە زیاتر بەرەو ئەم ئەگەرە دەچین. کەواتە لێرەدا ئەوە ڕوونە کە ئەگەر لوبنان وەك دەوڵەت توانای ئەوەی هەبووایە کە سنوورەکانی خۆی وەك پێویست کۆنترۆڵ بکات، ئەوا ڕەنگە بڕیاری ئەوەی نەدایە کە خۆی بخاتە نێو شەڕەکەوە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا. کەواتە ئەگەر زیاتر ئەم پرسە ورد بکەینەوە، ئەوا حزبوڵڵا -کە ئێران دەستڕۆیشتوویەکی زۆری هەیە بەسەریەوە و خودی ئەم حزبەش بەرژەوەندییەکانی ئێران لەبەرچاو دەگرێت-، بڕیاری شەڕ دەدات، نەك سەرۆك وەزیرانی لوبنان.

*** ئێوە لە توێژینەوەکانتاندا باس لە بابەتی سنوورە نێودەوڵەتییەکان دەکەن، کە ئاشکرایە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشە و ناکۆکییەکی زۆر هەیە لەسەر ئەم سنوورانە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە بە یەکێك لە سەرچاوەکانی کێشە و شەڕەکان هەژمار دەکرێت؟**

- با جارێ ئەوە بڵێین کە ئەوەی لە ئارادایە لەم ناوچەیەدا هەلومەرجێکی ئاڵۆزە، دواتر ئەگەر دیقەت بدەین، ئەوا ئەو وڵاتانەی تا ڕاددەیەك بەهێزن، واتە دامەزراوەی پتەو و بەهێزیان هەیە و بەو شێوەیە لە سنوورەکان دەڕوانن، کە جێگیرن و ناگۆڕێن، ئەوا ئەم حاڵەتە سەقامگیری



دێنێتەئاراوە. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە لە ئەورووپای ڕۆژئاوا بڕوانین، و بە دیاریکراوی باسی هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و فەڕەنسا بکەین، ئەوا هەر ئەو ڕاستییەی کە ئەم دوو وڵاتە بڕیاریان داوە کە ناکۆك نەبن لەسەر ئەوەی دەقاودەق سنووری هەر یەکەیان لە کوێدایە- بە چەشنی ئەوەی بە سەدان ساڵ ئەم ناکۆکی و کێشەیەیان هەبوو-، مایەی سەقامگیرییەکی زۆرە. هەروەها دەکرێت بڵێین ئەمە حاڵەتەکەیە لە ئەمریکاش، نەك تەنیا لە ئەمریکای باکوور، بەڵکو لە ئەمریکای باشووریش.

*** کەواتە ئایا دەکرێت بڵێین کە کێشەکە لە خودی سنوورەکاندا نییە، هێندەی ئەوەی پەیوەستە بە بەهێزی و لاوازیی دەوڵەتەکانەوە؟**

- بەڵێ، من پێم وایە کاتێك دەوڵەتێکی لاوازمان دەبێت، واتە خاوەنی حکومەتێکی شەرعیی بەهێز نەبێت، ئەوا هەندێ جار سنوورە جێگیرەکان دەبنە سەرچاوەی ناکۆکی و دروستبوونی کێشە، بە پێچەوانەوە تاوەکو شەرعییەت و هێزی دەوڵەتەکە زیاتر بێت، ئەوا زیاتر دەتوانێت ڕێگری لە دروستبوونی کێشە و ناکۆکییەکان بکات. کەواتە ئەگەر دەوڵەتەکە لاواز بوو، ئەوا ئەگەری کێشە زیاتر دەبێت و ئەگەری ئەوەش زیاتر دەبێت کە کێشەکان لە سنوورەکان بپەڕێنەوە، بۆ نموونە لە حاڵەتی دروستبوونی شەڕی ناوخۆیی لە نێو وڵاتێکدا، ئەوا ڕەنگە ئەو شەڕە پەل بکێشێت بۆ نێو وڵاتانی هاوسنووریش.

*** دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بە هەندێ نموونە بکەیت؟**

- بەڵێ، ئەگەر ئێمە لە کیشوەری ئەفریقا بڕوانین، بۆ نموونە لە کۆنگۆ، و هەندێ وڵاتی دیکە، ئەوا دەبینین کێشەکە لە بوونی سنووری جێگیر و حکومەتی لاوازدایە، کە ئەم دووانەش پێکەوە دۆخێکیان دروست کردووە، کە ڕێگە نادەن سەقامگیری بێتەئاراوە.



مامۆستا مەلا سەعید مەجید ئەمین کەڵەکچی

ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بۆ گوڵان:

# کورد گەلێکی موسڵمانی ئاشتیخوازە و مێژوویەکی پڕ لە سەروەری هەیە و پێویستی بە حزبی ئیسلامی نییە

# ئایینی ئیسلام جگە لەوەی لە توندوتیژی دوورە، هاوکات دژی توندوتیژیشە

**لە پاش ئەوەی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستنبوڵ ڕووخا، ئیخوان موسلیمین و چەندین بیر و بەرنامەی ئیسلامیی دیکە دروست بوون و ئایینی ئیسلامیان دابەشی سەر عیبادەت و سیاسەت کرد. ئەو بیر و بەرنامەیانە لەگەڵ ئەوەن کە مێژووی نەتەوەی دیکە بەسەر کورددا بسەپێنن و لەگەڵ توندوتیژین و هەیانە بەپێی خواستی خۆی فەتوا دەدات. لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ مامۆستا مەلا سەعید مەجید ئەمین کەڵەکچی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و بەڕێوەبەری ئەوقافی قەزای شێخان و وتارخوێن و پێشنوێژ لە ناحیەی کەڵەکچی ئەنجام دا .**

*** لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین لە میسر دامەزرا بۆ دووبارە گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و، دواتر فیکری ئیخوان بووە فیکرێکی جیهانی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش بێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ سیاسی و عیبادەت تا چەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- ئەو خەلافەتە ئیسلامییە کە لە ئەستنبوڵ بۆ زیاتر لە شەش سەدە حوکمی کرد، پێش هەموو شتێك دەتوانین بڵێین ئەوە ئیمراتۆریەتی عوسمانی بوو، تەنیا کراسێکی ئایینی ئیسلامی لەبەر کردبوو، هەر ئەوانیش هۆکار بوون بۆ دروستبوونی چەندین گرووپ و ڕەوتی ئیسلامیی جۆراوجۆر، بەتایبەتی توندڕەوەکان و ئیخوان موسلیمین لە سەرەتادا لە میسر لە پاشان لە چەندین وڵاتی دیکەی ئیسلامی بڵاو بوونەوە و ئەوانە لە هەرێمی کوردستانیش هەن، هەر پاشخان و ئەو ئاراستەیەن، بەتایبەتی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ و چەندانی دیکەیان و ئەو گرووپ و لایەن و حزبە ئیسلامییانە هەر وەکو حزبەکانی دیکە بەرنامە و پەیڕەو و پرۆگرامی تایبەت بە خۆیان هەیە، تەنیا بە ناو پاشگری ئیسلامیان بۆ خۆیان داناوە، ئەگینا دوور و نزیک ئەوە نین کە ئایینی ئیسلام بەپێی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (د.خ) هاتووە. من ناڵێم ئیسلام سیاسەتی تێدا نییە، بەڵکو سیاسەت لە ئیسلامدا واتە بانگەشە و کارکردن بۆ خزمەتی مرۆڤەکان و ئیدارەدانی کۆمەڵگە بۆ خۆشگوزەرانی و پەرپابوونی ئاشتی و لێبوردەیی، بەڵام سیاسەت بەو جۆرەی ئەو گرووپ و لایەن و حزبە ئیسلامییانەی لە دنیا و لە کوردستانی خۆمان دەیکەن هیچ پەیوەندییەکیان بە ئایینی ئیسلامەوە نییە و بەداخەوە ئایینەکەیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دابەشی سەر سیاسەت و عیبادەت کردووە، کە زیاتر بۆ نزیکبوونەوە و گرتنە دەستی دەسەڵات و کورسیی حوکمە لە وڵاتدا، کە ئەو دابەشکردنەش بەو جۆرە هۆکارێکی سەرەکی و مەترسیدارە لەسەر کۆمەڵگە دروست دەکات و بەتایبەتی کۆمەڵگەی ئیسلامی بەرەو سەرلێشێوان و هەڵخەڵەتاندن و ناسەقامگیری دەبەن.

**حزبە ئیسلامییەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە ئایینی ئیسلام نییە و ئایینەکەیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دابەشی سەر سیاسەت و عیبادەت کردووە**

*** بەپێی ئەم مێژووەی ئیخوان موسلیمین، ئەوە دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات و پیرۆزییەکانی نەتەوە بێ بەها دەکەن، لێرەش لە کوردستان دەبینین کە لەو مەدرەسانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتی دەکەن، پرۆگرامەکانیان سڕینەوەی**

**سیاسەت لە ئیسلامدا واتە بانگەشە و کارکردن بۆ خزمەتی مرۆڤەکان و ئیدارەدانی کۆمەڵگە بۆ خۆشگوزەرانی و پەرپابوونی ئاشتی و لێبوردەیی**

**لە ئایینی ئیسلام و لە لای خوای گەورەش خاک و نیشتمان پیرۆزە و دەبێت هەموو تاکێک ڕێز لەو خاکە بگرێت کە لەسەری دەژیت**

**ئەو گرووپانە زۆر بەرنامە و هەوڵیان هەبووە و بەردەوامیشن، بەڵام بە هۆی تێگەیشتنی ئێمە و گەنجەکانمان لە ڕاستی و واقیعی ئایینی ئیسلام نەیانتوانیوە زەفەرمان پێ ببەن**

**لە کۆنەوە تا ئێستاکە چەندین زانا و پیاوی بلیمەت و موفتیی گەورەمان هەبووە و هەیە، کە ئاراستەی کۆمەڵگەی کوردییان بەرەو خزمەتکردنی ئایینی ئیسلام بردووە**

**هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە، هەروەها دەبینین سەرکردەی حزبە ئیسلامییەکان ڕێز لە سروودی ئەی ڕەقیب ناگرن. ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- لە ئایینی ئیسلام و لە لای خوای گەورەش خاک و نیشتمان پیرۆزە و دەبێت هەموو تاکێک ڕێز لەو خاکە بگرێت کە لەسەری دەژیت. خاک و وڵات نەبێت، ئەدی مرۆڤەکان و بەندەکانی خوا لە کوێ خواپەرستیی خۆیان بکەن؟ لەلایەکی دیکەوە لەو کاتەی کە پێغەمبەر (د.خ) لە مەککە کۆچ دەکات بۆ مەدینە، کە لە مەککە دەچێتە دەرەوە ڕادەوەستێت و ڕووی وەردەگێڕێت و دەڵێت: «ئەی مەککە تۆ لەلای من زۆر خۆشەویستی و لە هەموو شتێك خۆشەویستتری، ئەگەر ئەهلی ئەو شارە منیان دەرنەکردبا، من قەت تۆم بەجێ نەدەهێشت»، ئەمەش بەڵگەیە کە وڵات و خاك زۆر پیرۆز و خۆشەویستە لەلای ئیسلام و پێغەمبەر دەفەرموێت «هەر کەسێك لەسەر ماڵ و موڵك و بەرگریلێکردنی بکوژرێت، ئەوە بە شەهید حیساب دەکرێت». بەڵام ئەو حزب و لایەنە سیاسییە ئیسلامییانەی لای خۆمان زۆر مەترسیدارن، بەتایبەتی لەو ڕووەوە کە دەڵێن خاك و نەتەوە و نیشتمان هیچ پەیوەندی بە ئایینەوە نییە، بەڵکو ئەوەی ئەو ئیسلامی سیاسییانە دەیکەن، دوژمنکارییە لەگەڵ ئێمەی کوردی موسڵمان. بەڵگەیەکی دیکە کە لەلای پێغەمبەر ئاماژەی پێکردووە، ڕێزگرتنە لە نەتەوەکان، کە ناوی سەحابەکانی بە ناوی قەومەکانی بانگ کردووە، لەوانە سوهیبی ڕۆمی و جابانی کوردی و.. تاد، کە هەر یەکەی بە ناوی نەتەوە و قەومەکانی بانگکردووە. هەر بۆیە لەسەر ئێمەی کوردیش کە گەلێکی موسڵمان و لەخواترسین، پێویستە و ئەرکە لە سەرمان خاك و نەتەوەی خۆمان بپارێزین و ڕێزیش لە بەها پیرۆزەکانی بگرین، وەکو ئاڵا و سرودی نیشتمانیمان، نەك ئەوەی ئەو ئیسلامی سیاسییانە ئیدیعای بۆ دەکەن کە دوورە لە هەموو بەها بەرز و پیرۆزەکانی ئایینی ئیسلام، بەڵکو ئەو هزر و بەرنامەیە لە دەرەوەی کۆمەڵگەکەمان هێناویانە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و گرووپەکانیانە.

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان، خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەبووە، هەر لە ئەحمەدی خانی تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات و دەیەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکاتەوە، کە ئەویش مێژووی عەرەبییە؟**

- ئێمە وەکو کورد شانازی دەکەین کە لەسەر ئایینی پیرۆزی ئیسلامین و گەلێکی زۆر هەستیار و وردین لە پەیڕەوکردنی هەموو بنەماکانی ئەو ئایینە پاك و ئاشتیخوازە، لەلایەکی دیکەوە ئێمە وەکو گەلی کورد زۆر خزمەتی ئایینی ئیسلامان کردووە، هەر لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی ژمارەیەکی زۆری کورد لەگەڵ ئەو سەرکردە گرنگ و ئازایە بەشدار بوون و ئێستاکەش کەس و نەوەکانی ئەو کوردانە لە شام و ئوردن و میسر و تا دەگاتە ئەفریقاش هەن، بەڵام ئەو کەس و گرووپانەی ئێستا بە ناوی ئیسلام هەوڵ دەدەن کە هەندێ کار و ڕەفتار لە کوردستان جێبەجێ بکەن، یان کەس و گەنجەکانمانی پێ هەڵخەڵەتێنن، ئەوە بە هۆی بیر و هزر و دەستێکی دەرەکییە کە ئەسڵەن بۆ دوژمنایەتی نەتەوەیی و ئیسلامیەتی ئێمەی گەلی کوردە و ئەو گرووپانە زۆر بەرنامە و هەوڵیان هەبووە و بەردەوامیشن، بەڵام بە هۆی تێگەیشتنی ئێمە و گەنجەکانمان لە ڕاستی و واقیعی ئایینی ئیسلام نەیانتوانیوە زەفەرمان پێ ببەن، ئەگینا مەبەستی زۆر مەترسیداریان لەگەڵە، کە یەکێك لەوانە دەیانەوێت مێژووی گەلی کوردی موسڵمان لەبیر بکەین و مێژووی عەرەبمان بەسەر بچەسپێنن، کە ئەمە بە هیچ جۆرێك لە ئایینی ئیسلام ئەو بیرکردنەوە و ڕەفتارە دوژمنکاریانە نییە و سەلماندووشمانە کە ئێمەی کورد لەوان موسڵمانترین و ئەو ئاشووپ و خراپەکارییانە لەلای ئێمە قبووڵکراو نییە و دژایەتی دەکرێت. هەروەها دەبێت ئێمە بەو گرووپە گێرەشێوێنانە بڵێین کە بە ناوی ئیسلام دژایەتی مێژووی گەلی کورد دەکەن، ئێمە وەکو گەلی کورد کە لە سەرەتای ئایینی ئیسلامەوە بە ویست و ڕەزامەندیی خۆمان بووینە موسڵمان و پابەندی هەموو بنەماکانی ئەو ئایینەین و لە کۆنەوە تا ئێستاکە چەندین زانا و پیاوی بلیمەت و

موفتیی گەورەمان هەبووە و هەیە، کە ئاراستەی کۆمەڵگەی کوردییان بەرەو خزمەتکردنی ئایینی ئیسلام بردووە. هەموو سەرکردە و پێشەواکانی شۆڕەشەکانی ڕزگاریخوازی گەلی کورد پیاوانی تێگەیشتوو و ئایینی و خاوەن تەریقەت بوون، هەر لە شێخ سەعیدی پیران و قازی مەحمەد و مەلا مستەفای بارزانی و.. تاد، ئێستاش دەبینین سەرکردەکانی ئێمە وەکو جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی تا ئەو پەڕی پابەندن و پەیڕەوی ئایینی ئیسلام دەکەن، بۆیە ئەو مێژووەی گەلی کورد زۆر باشتر و پاکتر و ئیسلامیترە لەوەی ئەو لایەنانەی وەکو حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان کاری لەسەر دەکەن.

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر لە فیکری ئیخوان موسلیمین و ئیسلامی ئووسوڵی دەکرێت، تەنانەت باس لەوە دەکرێت یەکەم ڕێکخراوی تیرۆریستی لەسەر دەستی سەید قوتب بە ناوی «تەنزیمی سڕی» دامەزراوە. ئایا چاندنی تۆی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگە، تا چەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر دوورە لە توندوتیژی و دژی توندوتیژییشە و ئەوەی کە لەلای گەلی کورد و کوردستان لە کۆن و ئێستا لە هەموو لایەنەکانەوە بەتایبەتی لە پێکەوە ژیان دەبینرێت، ئەوە دەیسەلمێنێت کە گەلی کورد گەلێکی ئاشتیخواز و لێبوردەیە و قبووڵی ئەو توندوتیژییە ناکات کە لەلایان گرووپە ئیسلامییەکان هەوڵی بۆ دەدرێت، چونکە توندوتیژی تەنیاماڵکاولی و نانەوەی پشێوییە لەناو کۆمەڵگەکەمان و ئێمە گەلێکی موسڵمانی دیارین، وەکو کورد قەت کارێك ناکەین لە دەرەوەی پەیڕەو و بەرنامەی ئیسلام بێت و ئەوەی ئەو توندتیژی و دوژمنکارییەی دەیەوێت لەناو کۆمەڵگەکەمان ببینێت، ئەوە خەیاڵی خاوە و هیچ مێژووی نەخوێندووەتەوە و ئاگاداری ڕەوشتی بەرزی سەرکردە و بنەماڵە و تاکی کورد و کوردستان نییە، کە بە هەموو جۆرێك لەگەڵ شەڕ و نانەوەی کێشە و توندوتیژی نین، بەڵکو لە هەموو کات و سەردەمێك ئەگەر بە ئاگر و شەڕ لە دژمان کار کرابێت، ئەوە وەڵامی ئێمە وەکو گەلی کورد تەنیا لێبوردەیی بووە و لە ناخۆشترین ساتەکانی دوژمنکاری و هەوڵدان بۆ لەناوبردن و قڕکردنمان، گەلی کوردی موسڵمان قەت هانای بۆ توندوتیژی نەبردووە و لێبوردە بووە، هەر ئەمەشە دەبینین کە گەلی کورد و کوردستان ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان لە ناوچەکەیەکی گڕگرتوودا زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ هەنگاو دەنێت، کە دوارۆژمان پەنابەخوا هەر ئامانجی کۆتایی و دەوڵەتە. لەلایەکی دیکەوە پێویستە ئەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانە باش بزانن کە کێشەی ئێمەی کورد و کوردستان کێشەیەکی ئایینی نییە، بەڵکو کێشەی خاك و نیشتمانە کە بە ناهەق ئەو وڵاتە بەناو ئیسلامییانەی کە ئێمەیان لە نێوان خۆیان دابەش کردووە و دەمانچەوسێننەوە، هەوڵ دەدەن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان هەر بەو شێوەیە و لەو ئاستە بمێنێت و ئەو حزبە ئیسلامییانەش داردەستی ئەو لایەن و وڵاتانەن کە ئێمە دەچەوسێننەوە، بەڵام لە کارو بەرنامەکانیان کە پیلانێکی ناحەزانەیە سەرکەوتوو نابن بەرانبەرمان. هەر وەکو ئەوەی دیتمان هەندێك بە ناوی وەهابی و بە ناوی سەلەفی و ئسوولی و ئیخوان موسلیمین و... هتد هیچیان لە کار و مەبەستەکانیان نەیانتوانی سەرکەوتوو بن.

*** خاڵێکی دیکەی ترسناك لە فیکری ئیسلامی سیاسی پرسی دووبارە تەفسیرکردنەوەی «فەتوا»دانە، ئیسلامی سیاسی دەڵێت، هەر کەسێك دەتوانێت فەتوا بدات و خەڵك بکوژێت. ئایا ئەمە بێماناکردنی فەتوا و دروستکردنی ئاژاوەوە نییە لە کۆمەڵگە؟**

- فەتوادان زۆر پێویستە بۆ هەموو کۆمەڵگەیەك، بەتایبەتی کۆمەڵگەی موسڵمانان دەبێت بەپێی شەریعەتی ئیسلام فەتوای هەبێت، بەڵام نابێت هیچ کەس و لایەنێك بە بێ شارەزایی و زانستی لە شەریعەتی ئیسلام فەتوا بدات. دەبێت ئەو کەسەی فەتوا دەدات لە پلەی موفتی بێت، واتە کەسێکی شارەزا و زانا و بلیمەت بێت لە هەموو لایەنەکانی ئیسلام و خوێندنەوەی تەواویشی بۆ کۆمەڵگاکە هەبێت، لەپاش ئەوەی کە پرس و ڕاوبۆچوونی چەندین زانای دیکە وەردەگرێت، ئینجا دەبێت فەتوا بدات. فەتوادان بەبێ بنەمای ئیسلامی دەبێتە مەترسییەکی زۆر گەورە.

**کورد گەلێکی ئاشتیخواز و لێبوردەیە و قبووڵی ئەو توندوتیژییە ناکات کە لەلایان گرووپە ئیسلامییەکان هەوڵی بۆ دەدرێت**

**لە ناخۆشترین ساتەکانی دوژمنکاری و هەوڵدان بۆ لەناوبردن و قڕکردنمان، گەلی کوردی موسڵمان قەت هانای بۆ توندوتیژی نەبردووە و لێبوردە بووە**

**ئەو حزبە ئیسلامییانەش داردەستی ئەو لایەن و وڵاتانەن کە ئێمە دەچەوسێننەوە**

**بەتایبەتی کۆمەڵگەی موسڵمانان دەبێت بەپێی شەریعەتی ئیسلام فەتوای هەبێت، بەڵام نابێت هیچ کەس و لایەنێک بە بێ شارەزایی و زانستی لە شەریعەتی ئیسلام فەتوا بدات**






## شلێر عەبدولسەلام:

# پلانم ئەوەیە کارەکەم زیاتر بەرەوپێش ببەم و بەرهەمەکانم بگەنە بازاڕە جیهانییەکان

مایەی هەڵوێستە لەسەر کردن و شانازی کردنە کە ئەمڕۆ زۆرینەی خانمان و کچانی گەنج لە هەرێمی کوردستاندا بوونەتە خاوەنکار و خاوەن داهاتی خۆیان. ئەوان لە نەبوونەوە ئابووریی سەربەخۆی خۆیانیان مسۆگەر کرد و توانا و لێهاتووییان بۆ هەموو جیهان سەلماند. شلێر عەبدولسەلام کچە گەنجێکی دانیشتووی قەزای ڕواندزە و هەر لەو شارەش لەدایك بووە. ماوەی سێ ساڵە بەرهەمەکانی جوانکاری و پاککەرەوە، لە ڕووەك و گوڵ و گژ و گیای سرووشتی کوردستان دروست دەکات و لە ئێستادا شوێنکار و فرۆشگایەکی تایبەت بەخۆی هەیە. لە گفتۆگۆیەکیشی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، بە دڵخۆشییەوە باس لە ئەزموونی کارکردنی بۆ خوێنەران دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی







**بیرۆکەی کارەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بەشداریکردن لە خولی دروستکردنی مادده پاککەرەوەکان لەلایەن ڕێکخراوی (ppo)ی بەریتانی**

**سەرەتای کارەکەم لە ماڵەوە بوو، تاکو توانیم ڕێژەی بەرهەمەکانم زیاتر پەرە پێ بدەم و خواست و داواکاریی زیاتری لەسەر بێت**

**پاڵنەری سەرەکیم ئاوات و ویستی خۆم بوو کە بتوانم بەرهەمێک دروست بکەم کە مۆرکێکی کوردی هەبێت**

شلێر عەبدولسەلام، دانیشتووی قەزای ڕواندزە و دەرچووی بەشی جوگرافیایە لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین، لە ئێستادا مامۆستای وانەبێژە، هاوکات شوێنکار و فرۆشگایەکی تایبەت بە خۆی هەیە و وەك خۆی باسی کرد، ماوەی سێ ساڵە بەرهەمی پاککەرەوە و جوانکاری دروست دەکات و هەر لە بارەی کارەکەشی دەڵێت: «بیرۆکەی کارەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بەشداریکردن لە خولی دروستکردنی مادده پاککەرەوەکان لەلایەن ڕێکخراوی (ppo)ی بەریتانی و دوای تەواوبوونی خولەکە - کە بە سوپاسەوە زۆر بەسوود بوو -، بیرم لەوە کردەوە کە بە جددی کار بکەن. سەرەتای کارەکەشم لە ماڵەوە بوو، تاکو توانیم ڕێژەی بەرهەمەکانم زیاتر پەرە پێ بدەم و خواست و داواکاریی زیاتری لەسەر بێت. دوای بەدەستهێنانی دەرەنجامێکی باش لەلایەن بەکارهێنەرانی بەرهەمەکانم، بڕیارم دا شوێنکار و فرۆشگایەك بنیاد بنێم، کە بتوانم تیایدا بەرهەمەکانم دروست بکەم و بیفرۆشم».

سەبارەت بە چۆنیەتی بژاری کارەکەی و ئامانجی خۆی لەو بوارە گوتی: «بۆ دامەزراندن و بەرەپێشبردنی کارەکەم، پاڵنەری سەرەکیم ئاوات و ویستی خۆم بوو کە بتوانم بەرهەمێك دروست بکەم کە مۆرکێکی کوردی هەبێت، پاڵنەری دووهەمیشم ئەو کەسانە بوون کە بەکارهێنەری بەرهەمەکانم بوون و بەردەوام دەستخۆشی دەرەنجامی زۆر باشم پێ دەڵێنەوە. هەروەها هۆکارێکی زۆر سەرەکیم بۆ ئەم کارە، سرووشتی دەوڵەمەند و پڕ سوودی کوردستانە کە کەرەستەی سەرەکیی منە لە کارەکەم، وەك ئەو ڕووەك و گوڵ و گیایەی لە سرووشتی کوردستان هەیە و سوودی هەیە بۆ پێست و بابەتە پاککەرەوە و جوانکارییەکان و بەرهەمەکانم بریتین لە شامپۆ و سابوون بە چەندین جۆر و پێکهاتەی جیاواز سیرۆمی قژ و سیرۆمی ڕوخسار و کرێمی شێدارکەرەوەی پێست، هەروەها دژە ڕۆژ و شێدارکەرەوەی قژ و ڕوشۆر و بریقەی لێو و بۆ هەموو بەرهەمەکانم جگە لە مادده سەرەکییەکان سوود لە گوڵ و گژوگیای کوردستان وەردەگرم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە هاندەری بۆ بەردەوامبوون لە کارەکەی کێ بووە؟ ئەو خاوەن کارە گوتی: «هاندەری کارەکەم سەرەتا تەنیا خۆم بووم، بەڵام دواتر خانەوادەکەشم هاوکاری و پاڵپشتییان کردم».

لە بارەی ڕەوتی کارکردنی ئافرەتانی کوردستانیش کە بەشێکی زۆریان بوونەتە خاوەنکاری خۆیان، گوتی: «لە ئێستادا ڕەوتی کارکردنی ئافرەتان زۆر باش دەبینم و مایەی دڵخۆشییە کە لە زۆربەی بوارەکان ئافرەتان توانیویانە پێگەی خۆیان جێگیر بکەن و بەهرەکانیان بخەنە گەڕ و خۆیان لایەنی ئابووریی خۆیان بەرەو پێش ببەن».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەش کە لە داهاتوودا چ پلان و بەرنامەیەکت بۆ کارەکەت هەیە؟ گوتی: «بێگومان پلانم ئەوەیە کارەکەم زیاتر بەرەوپێش ببەم و بەرهەمەکانم بگەنە بازاڕە جیهانییەکان و ئاواتم ئەوەیە ڕۆژێك بتوانم لە ڕێگای کارەکەم خزمەتی زیاتر پێشکەش بە نیشتمان و گەلەکەم بکەم و ناوی کوردستان زیاتر بناسێنم».


## نیان تاهیر:

# پێویستە ئافرەتان چاو لە دەستی کەس نەبن و بەردەوام هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی ببن بە خاوەن کار



**نیان تاهیر، کچە گەنجێکی بەسەلیقە و بەتوانایە، وەکو زۆرینەی خانمانی کوردستان خاوەن کاری خۆیەتی و بە دەست و پەنجەکانی بژێویی ژیان پەیدا دەکات. دانیشتووی شاری سلێمانییە و دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی بەشی ژمێرياريیە، لە ئێستادا دووکانێکی تایبەت بە کاری دروومانی هەیە و وەك خۆی باسی دەکات، زیاتر لە چوار ساڵە ئەم کارە دەکات. لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە باسی هەنگاوەکانی کارکردنی بۆ خوێنەران دەکات.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی



نیان تاهیر، دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی بەشی ژمێرياريیە، بەڵام وەك خۆی باسی دەکات، دەرفەتی کاری لە کەرتی گشتی بۆ نەڕەخساوە، بۆیە بڕیاری داوە بۆ کارکردن ڕوو لە کەرتی تایبەت بکات، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «دوای تەواوکردنی خوێندن، ماوەیەك وەکو کارمەند لە یەکەیەکی ناحکوومی کارم کردووە، دواتر بیرم لەوە کردەوە، کارێکی سەربەخۆم هەبێت. هەر لە منداڵییەوە بەهرەی دەستڕەنگینی و کاری دەستیم هەبوو، بەپێیێ لێهاتوویی و ئەزموونی خۆم بەرگدوریم هەڵبژارد. ساڵی ٢٠٢٠دەستم بە کاری بەرگدوریی کرد، ئێستا شوێنی کار و دووکانم هەیە، لەم کارەم بەردەوامم و سوپاس بۆ خوا لە کارەکەم سەرکەوتوو بووم. سەرەتاش کاری چنینیم دەکرد، پێش ئەوەی ئەم کارە هەڵبژێرم. بەگشتی خۆم متمانە و هێزم بە خۆم بەخشی لە کاری دروومان و بۆ ماوەی چوار ساڵە بەردەوامم. هەروەها کاری خێرخوازیم ئەنجام داوە. کاری چنینم کردووە بو نەخۆشخانەی هیوا بۆ منداڵانی توشبوو بە شێرپەنجە کە وەك پڕۆژی خۆم ئەوەم ئەنجام دەدا».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە کەند و کۆسپی بەردەمت لە بواری کارەکەت چی بوون؟ گوتی: «بێگومان هەر کارێك کە دەتەویت دەستی پێ بکەیت، دەبێت پاڵپشتێکت هەبێت و هانت بدەن پشتگیریت بکەن، بۆ ئەوەی لە ئامانجەکەت بەردەوام بیت، منیش بە خۆشحاڵییەوە ماڵەوەمان بەتایبەتی دایك و باوکم و براکەم زۆر پاڵپشتم بوون و لێرەوە سوپاسیان دەکەم.»

سەبارەت بە کارەکەشی زیاتر گوتی: «کارکردنم هەستێکی تایبەتم پێدەبەخشێت، چونکە حەز و خولیای خۆمە ئەو حەز و خولیایەشم تێکەڵی کارەکەم کردووە، لە دڵەوە کارەکان ئەنجام دەدەم، ئەگەر ڕۆژێکیش نەیەمە سەر کار بیری کارەکەم دەکەم». گوتیشی: «وەك ئاشکرایە کارکردن سەرچاوەی پەیداکردنی بژێویی ژیانە و دەبێت هەمووان کار بکەین، دەبێت هەرکەس بەپێی توانا و لێهاتوویی خۆی کارەکان ئەنجام بدات، بەڵام کارێك حەز و خولیای لەگەڵدا بێت، بە دڵنیاییەوە جیاوازە و زیاتر هەوڵی بۆ دەدەیت و زیاتر خۆت ماندوو دەکەیت بۆ ئەوەی پەرەی پێ بدەیت».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەش کە ئایا تاچەند گرنگە ئافرەتان کاربکەن و ئابووریی سەربەخۆیان هەبێت؟ گوتی: «تا ڕاددەیەکی زۆر پێویستە ئافرەتان چاو لە دەستی کەس نەبن و بەردەوام هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی ببن بە خاوەن کار و کۆڵ نەدەن و دوای ئامانجەکەیان بکەون. هەر کەسێکیش ئامانجێکی خۆی هەیە، دەبێت هەوڵی بۆ بدات. بێگومان سەرەتای هەموو کارێکیش زەحمەتە، بەڵام کە ئامانجت هەبوو پێویست دەکات بەردەوام بیت و کۆڵ نەدەیت».

نیان تاهیر لە کۆتایی قسەکانیدا سەبارەت بە پڕۆژەی داهاتووی و ئامانجی گەورەتری لە کارەکەی گوتی: «لە هەوڵدام بۆ ئەوەی کارەکەم زیاتر بناسرێت و پەرەی پێبدەم، تەنانەت بەنیازم بچمە کۆرسی پێشکەوتوو، تاوەکو بتوانم خانمانی دیکەش فێر بکەم و بیانهێنمە ناو کارەکەم. حەز دەکەم سوودێکم بۆ چوار دەورم هەبێت، پڕۆژەشم ئەوەیە فاشیۆنێکی تایبەتیی خۆمم هەبێت».

**هەر لە منداڵییەوە بەهرەی دەستڕەنگینی و کاری دەستیم هەبوو، بەپێیێ لێهاتوویی و ئەزموونی خۆم بەرگدوریم هەڵبژارد**

**ئێستا شوێنی کار و دووکانم هەیە، لەم کارەم بەردەوامم و سوپاس بۆ خوا لە کارەکەم سەرکەوتوو بووم**

**کارێک حەز و خولیای لەگەڵدا بێت، بە دڵنیاییەوە جیاوازە و زیاتر هەوڵی بۆ دەدەیت و زیاتر خۆت ماندوو دەکەیت بۆ ئەوەی پەرەی پێ بدەیت**


# تیپی شانۆیی پادشایی شکسپیر

## (١–٢)

**کاتێ تیپی شانۆیی پادشایی شکسپیر ساڵی ١٩٧٠ شانۆگەری (خەونی نیوەشەوی هاوین) ی لە دەرهێنانی (بیتەر برۆك) لە لەندەن نمایش کرد، ئەم نمایشە بوو بە خاڵێکی وەرچەرخانی نوێ لە مێژووی ئەو تیپەدا، چونکە (برۆك) لەم ئەزموونگەرییە نوێیەیدا، سەراپای فۆرمە تەقلیدییەکانی جارانی لە نمایشکردنی شانۆگەرییەکانی شکسپیردا تێکشکاند .**


**حەیدەر عەبدولڕەحمان**

ئەوەبوو بۆ یەکەم جار کاراکتەرەکانی شکسپیر لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی جەستەی ئەکتەر و دروستکردنی پردێکی پتەوی پەیوەندی لەگەڵ بینەردا، ڕاستەوخۆ جەماوەریان دەدواند،
سینۆگرافیا لە شانۆگەری (خەونی نیوەشەوی هاوین) بریتی بوو لە سەندوقێکی شەش پاڵۆی ڕەنگ سپی، لەگەڵ دوو دەرگا لە پشتەوە،لەبری دارستان و دروستکردنی کەشو هەوای ڕۆمانسی، وەك ئەو شێوازەی جاران بۆ دەرهێنانی ئەم شانۆگەرییە پیادە دەکرا.
برۆك ــ لەو شانۆگەرییەدا ئاشقەکانی کردە کەسانی زۆر ئاسایی و سادە، لەوانەی کە لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی خۆماندا دەیانبینین، بۆیە بینەر لە ڕووی بەرجەستەکردنی هەردوو کەسایەتی (تەتیانا) و (ئاوبیرۆن) تووشی سەرسوڕمان بوو، کاتێ برۆك ئەوانی کردبوو بە هاوچەشنی پەهلەوان بازو و یاریکەرانی سێرك، بەمەش بینەر ڕووبەڕووی ئەتمۆسفیرێکی سیحراوی بوو، چونکە جاران شتی وای لە دەرهێنەرانی دیکەدا نەبینی بوو، بەتایبەت لەسەر شانۆی پادشایی (سترافۆرد ) شوێنی لەدایکبوونی شکسپیردا .
بەم نمایشە تیپی شانۆیی شکسپیری پادشایی، بوو بە خاوەنی پلە و پایەکی بەرزی جیهانی و ناوبانگی ئەو تیپە زیاتر لە جاران پەرەی سەند، کاتێکیش کە شانۆگەریەکەی (بیتەر برۆك) لەسەر شانۆی (بیلی ڕوز) لە برودوای نمایش کرا، لە پڕێکدا و لە کاتی نمایشکردنی شانۆگەریەکەدا کارەبا بڕاو چڕەدوکەڵێك سەراپای هۆڵەکەی داپۆشی، سەرەتا بینەران وا هەستیان کرد، کە ڕووداوێك لە ناو هۆڵە شانۆییەکەدا ڕووی داوە، بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت کە نەخێر ئەو چڕەدوکەڵە دیمەنێکە لە دیمەنەکانی ئەو شانۆگەرییە، بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە بینەران پێش ئەوەش بزانن ئەو ڕووداوە دیمەنێکی شانۆگەرییەکەیە، هیچ لەوان نەیانتوانی وێرای ئەگەری مەترسی، کورسییەکانی خۆیان بەجێ بێڵن، بەڵکو لە چاوەڕوانیدا مانەوە، بەو هیوایەی تەواوی شانۆگەرییەکە ببینن.
ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بۆ ئەو تیپە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو، بۆ تیپی پادشایی شکسپیر، ئەو شۆڕشە ئەزموونگەرییەی ئەو تیپە بەخۆیەوەی بینی، لەدایکبووی ڕێکەوتێك نەبوو، بەڵکو سەرەنجامی کۆمەڵێ ئەزموونی نوێ و توێژینەوەو بەدواداگەڕان بوو، لە کرۆکی هونەری نواندندا.
(برۆك) یەکێك بوو لەو شانۆکارانەی کە بە ئەزموونی دەوڵەمەندی خۆی، لە شەستەکانەوە توانی لەگەڵ کۆمەڵێ ئەکتەری بەتوانستی گەنج لەو تیپەدا دەست پێ بکات، ئەو کات برۆك لەژێر کاریگەریی ئەنتۆنی ئارتۆ و کرۆتۆفسکی کاری دەکرد، ستایلی کارکردنیشی پشتی بە هونەری ئیرتجالی و ئیبتیکاری دەبەست، کە ئەکتەر داهینەری بوو،





بەهاوبەشی لەگەڵ بینەردا لە چوارچیوەی ئەتمۆسفیرێکدا، هاوشێوەی شانۆیی (توندو تیژی ) بەتایبەت ئەو کارانەی بیتەر هۆل، لە سەرەتای کارەکانی تیپی شکسپیر پێشکەشی دەکردن .
کاتێ بیتەر هۆل ساڵی ١٩٦٠ تیپی شکسپیری دامەزراند، کۆمەڵێ ئەکتەری بەتواناو بوێری لە دەوری خۆیدا کۆ کردەوە، ئەگەرچی لەو کاتەدا بە دەیان تیپی شانۆیی هەبوون، بەڵام بیتەر باشترین ئەکتەرە بەتوانستەکانی بۆ تیپەکەی خۆی ڕاکێشا و هەوڵی ئەوەی دا ڕێکخستنێك لەگەڵ حکومەتدا بکات، بۆ پشتگیریی دارایی و بەردەوامبوونی تیپەکەی، بۆ ئەوەی خۆی دوورەپەرێز ڕابگرێت لە شانۆی بازرگانی، کە هەندێك بۆ پەیداکردنی سەرمایە بۆ تیپ هەوڵیان بۆ دەدا، لەلایەکی دیکەوە بۆ یەکەم جار (بیتەر هۆل) هەوڵی دروستکردنی شانۆی نەتەوەیی دا، بەمەش بیتەر بووە خاوەنی یەکەم دەستپێشخەری بۆ دروستکردنی شانۆی دامەزراوەیی لە بەریتانیادا .
بیتەر هۆل ـ هەوڵێکی زۆری دا بۆ پتەوکردنی بنەماکانی شانۆی شکسپیر لە ڕێگەی پێشکەشکردنی کۆمەڵێ بەرهەمی نایابەوە، ئەگەرچی زۆر لە ڕەخنەگران پێیان وایە کە دەستپێکی ڕاستەقینەی ئەو تیپە لەگەڵ پێشکەشکردنی شانۆگەریی (لیر پاشا) ی شکسپیر بووە ساڵی ١٩٦٢ لەلایەن بیتەر برۆکەوە. پێشتریش لەگەڵ شانۆگەری (خەونی نیوەشەوی هاوین) بە هەمان شێوە، بیتەر برۆك هەوڵی ئەوەی داوە کە بینەر ئاوێتەی نمایشی شانۆیی بکات، بۆ ئەوەی ببێت بە پارچەیەك لە جەستەی شانۆ، هەمیشەش بیتەر بایەخی بە دیکۆری زۆر سادە داوە، کە لە چەند پارچە تەنەکەیەکی لاکێشەیی تێپەڕی نەکردووە و هێمای سێ پیاوە دەسەڵاتدارەکان بووە لای ئەو، کەلە ژێر ئەو سێ پارچە تەنەکەیەدا، لە ژێر با و باراندا بە جووڵەی جەستەیی گوزارشتیان لە هەڵچوونی خۆیان دەکرد.
ماوەیەك بوو تیپەکە هەموو ئەو شاکارە جوانانەی لە (سترافۆرد) پێشکەشییان دەکرد، دەیانگواستەوە بۆ لەندەن، بۆ ئەوەی زۆرترین بینەر شانۆگەرییەکانیان ببینێ، ئەوە بوو تیپەکە لە ساڵانی ١٩٦٣و ١٩٦٤و لە ژێر چاودێریی (بیتەر هۆڵ) گەیشتە پۆپەی سەرکەوتن، لە ٤٠٠ـەمین ساڵیادی شکسپیریشدا تیپەکە زۆرترین بەرهەمەکانی شکسپیری بەو بۆنەیەوە لە سترتفۆرد نمایش کرد، لەوانەش شانۆگەرییەکانی (ریچاردی دووەم، هنری چوارەم و هنری پێنجەم و چەند شانۆگەرییەکی دیکە، هەموو ئەو شاکارە نایابانەی شکسپیر بە هاوشێوەی دەستپێکێکی نوێی داهێنان بوو بۆ بیتەر هۆل، بۆ دواندنی بینەرێکی نوێی شانۆ، ئەو هەمیشە بۆ ئەوە کاری دەکرد، کە بینەر بورووژێنێ و هانی بدات پرسیاری لا دروست بێت و خۆی بەدوای وەڵامەکەیدا بگەڕێت، هەروەها (بیتەر) هەمیشە جەختی لەوە دەکردەوە کە ناشێت شکسپیر بە زیندوویەتی نیشان بدەین، ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو و لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا بەراوردیان نەکەین کە ئێستا لە دەوروبەرماندا ڕوو دەدەن .



# چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی مۆسکۆ بەڕێوە دەچێت



ФЕКРИ БАРОШИ
ЧЛЕН ЖЮРИ



ЕЛЕНА ГЛИКМАН
ПРЕДСЕДАТЕЛЬ ЖЮРИ



ШЕРО ХИНДЕ
ЧЛЕН ЖЮРИ



РУГЕШ КИРИЧИ
ЧЛЕН ЖЮРИ



НАВЗАД ШЕХАНИ
ЧЛЕН ЖЮРИ



ИВАН БОЛОТНИКОВ
ПРЕДСЕДАТЕЛЬ ЖЮРИ

ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشە جۆراوجۆرەکانی پێشبڕکێ لەم ڕووداوە سینەماییەدا ناسێندران کە بەرهەمی سینەماکارانی ١٢ وڵاتی جیهان، لەوانە؛ فەڕەنسا، عێراق، تورکیا، ئێران، سووریا، هۆڵەندا، بەلژیکا، دانیمارك، هەرێمی کوردستان لە ڕۆژانی بەڕێوەچوونیدا پەخش دەکرێن.

**ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی «فیلمە سینەماییەکان»**


ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی فیلمە درێژەکان لە چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی مۆسکۆ بریتین لە: خاتوو ئانجلینا نیکۆنۆڤا دەرهێنەر و سیناریۆنووس و بەرهەمهێنەر لە وڵاتی ڕووسیا، کە لە یەکەمین بەشداریی جیهانی خۆیدا لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «ڤێنیز» ئامادەبوو و هەروەها دەرهێنانی فیلمی سینەمایی «بەخێر بێن بۆماڵەوە» و فیلمی سینەمایی «ئەرێی کەسێك کچەکەی منی بینیوە؟» لە کارنامەی هونەریی خۆیدا هەیە، خاتوو «لیانکا گریۆ» ئەکتەر و دەرهێنەر لە وڵاتی ڕووسیا کە بە ڕۆڵبینین لە فیلمەکانی «منداڵانی ژێر ١٦ ساڵ»، «گەڕانەوەی چەکدارەکان» و زنجیرە دراماکانی «بارڤیخا» و«هۆڵمز» ناسراوە و هەروەها «ماکسیم دۆبرۆمیسلۆڤ»بەرهەمهێنەری فیلمە سینەماییەکان، بەڵگەفیلمەکان و زنجیرە دراماکان لە وڵاتی ڕووسیا، سەرۆکی لێژنەی دادوەران، کە لە پرۆژەکانی «مانای ژیان»، «ڕووسیا ـ ئۆدیسە» و»دەرەوی وەرز. حیماسەی لاوان» هاوکاریی کردووە.

**ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی بەڵگەفیلمەکان**

ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی بەڵگەفیلمەکان لەم ڕووداوە سینەماییە کوردییەدا بریتین لە: «توماس سیدریس» لە وڵاتی یۆنان، کە زیاتر لە ٤٠ خەڵاتی نێودەوڵەتی بۆ کاری توێژینەوەییەکانی خۆی لە بواری بەڵگەفیلمدا بەدەست هێناوە، خاتوو «مزگێن ئەرسلان» ڕۆژنامەنووس و دیکۆمێنتسازی کورد لە وڵاتی بەریتانیا، کە بە یەکەمین فیلمی درێژی خۆی بە ناوی «من فڕیم، تۆ مایەوە» خەڵاتی باشترین بەڵگەفیلمی ساڵی لە ئەنجومەنی ڕخنەگرانی فیلمی تورکیا، خەڵاتی گەورەی فێستیڤاڵی بەڵگەفیلمی «ئامەد» و خەڵاتی «مریلا گالێتی» لە وڵاتی ئیتاڵیا بەدەست هێناوە، «ئیڤان بۆلۆتنیکۆڤ» دەرهێنەر، سیناریۆنووس لە وڵاتی ڕووسیا ـ سەرۆکی لێژنەی دادوەران

**چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی «مۆسکۆ» MKFF بە سەرۆکایەتی مامۆستا کەرەم گەردەن زەری، ئاوازدانەر و گۆرانیبێژی ناوداری کوردی دانیشتووی وڵاتی ڕووسیا، بە سەرۆکایەتی خاتوو گولیزەر گەردەن زەری»ئینا تێدژۆڤا»، بە مەبەستی ڕەنگدانەوەی فەرهەنگ، مێژوو و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و زمانەوانی کوردەکان، هەروەها ژیانی مۆدێرنی ئەم نەتەوە ڕەسەنە، بە نمایشی کۆمەڵێك بەرهەم لە بەشی پێشبڕکێی «فیلمی درێژ»، بەشی پێشبڕکێی «بەڵگەفیلم»، بەشی پێشبڕکێی «کورتە فیلم»، بەشی «شەویی سینەمای کوردی»، بەشی «نمایشی باشترین فیلمەکانی ڕووسیا« و پێشانگای کەلتووری و هونەری لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠٢٤ لە شاری مۆسکۆ لە وڵاتی ڕووسیا بەڕێوەدەچێت.**


МАКСИМ ДОБРОМЫСЛОВ
ПРЕДСЕДАТЕЛЬ ЖЮРИ


ЛЯНКА ГРЫУ
ЧЛЕН ЖЮРИ


АНГЕЛИНА НИКОНОВА
ЧЛЕН ЖЮРИ


ЛОГМАН СОХАНВЕР
ПРЕДСЕДАТЕЛЬ ЖЮРИ

### ئەندامانی لیژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی کورتە فیلمە چیرۆکییەکان

ئەندامانی لیژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی کورتە فیلمە چیرۆکییەکان لە چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی «مۆسکۆ» بریتین لە: خاتوو «ئێلێنا گلیکمەن» لە وڵاتی ڕووسیا. سەرۆکی لیژنەی دادوەران،»فێکری بەرۆژی» بەرهەمهێنەر، مۆنتیر و دەرهێنەر لە هەرێمی کوردستان کە دەرهێنانی بۆ فیلمەکانی «خەیاڵی دوای مردن» و «لە لانەی شێر» کردووە، هەروەها «نەوزاد شێخانی» دەرهێنەری ئێزدی کە خەڵاتی «ژان لۆك گۆدار»ی بەدەست هێناوە و بەڵگەفیلمی «کوشتن و بڕینی ڕەش» سەبارەت بە کۆمەڵکوژی ئێزدییەکانی ساز کردووە.

### ئەندامانی لیژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی بەڵگەفیلمە کورتەکان

ئەندامانی لیژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی بەڵگەفیلمە کورتەکان لەم ڕووداوە سینەماییە کوردییەدا بریتین لە: خاتوو ڕووگەش کیریچی ئەکتەر، دەرهێنەر و نووسەر لە باکووری کوردستان، شێرۆ هیندە دەرهێنەر و سیناریۆنووس لە ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها «لوقمان سوخەنوەر» مۆنتێر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ـ سەرۆکی لیژنەی دادوەران، کە مۆنتێری زۆربەی فیلمە ناسراوەکانی سینەمای ئێران و کوردستان، لەوانە؛ «دەنگی باران»، یانە، تەنیا لە ئەستۆدا بووە.

### پێشکەشکردنی خەڵاتی بلووری هەتاوی زێڕین

لە چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی مۆسکۆ، ٣٨ بەرهەم پێکهاتوو لە دوو بەشی پێشبڕکێی لەوانە؛ لە بەشی پێشبڕکێی فیلمە بڵندەکان، ٧ فیلمی سینەمایی و٨ بەڵگەفیلمی درێژ هەروەها لە بەشی پێشبڕکێی کورتە فیلمەکاندا ١٤ کورتە فیلمی چیرۆکی و ٩ بەڵگەفیلمی کورت بۆ بەشداری لە بەشی کۆتایی ئەم فێستیڤاڵە دەستنیشان کراون و بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی کریستاڵی «هەتاوی زێڕین»ی ئەم ڕووداوە سینەماییە لەگەڵ یەکتریی ڕکابەریی دەکەن. خەڵاتی هەتاوی زێڕین ستایلێکی کریستاڵ، بە هێمای هەتاوی زێڕینە و ئەم خەڵاتە گرینگە لە پێنج بەشدا، لەوانە؛ باشترین فیلمی درێژی سینەمایی، باشترین بەڵگەفیلمی بڵند، باشترین کورتە فیلمی چیرۆکی، باشترین بەڵگەفیلمی کورت و هەروەها خەڵاتی هاوبەشی لە سینەمای کوردیدا بە براوەکان پێشکەش دەکرێت.


МИЗГИН АРСАЛАН
ЧЛЕН ЖЮРИ


ТОМАС СИДЕРИС
ЧЛЕН ЖЮРИ

سانا سەربەست

یاریزانی کاراتێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# کاراتێ یارییەکی شەڕانگێزی نییە، تەنیا فێری بەرگری و ئارامگرتنت دەکات



**یانەکانی پارێزگای سلێمانی هەموو کات پێشەنگ بوون لە دروستکردنی یاریزانی یارییە تاکەکاندا، یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی دەدات لە سەرجەم یارییە جۆراوجۆرەکاندا، تیپی کاراتێی کچانی یانەکەش یەکێکن لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق، ساڵانە لەکاتی کردنەوەی پاڵەوانێتیە جۆراوجۆرەکاندا بەردەوام لە کێبڕکێدابوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق و دەرەوەی عێراقیش، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەی هەڵەبجەی شەهید (سانا سەربەست)ـە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٩ی پارێزگای سلێمانییە و ئێستاش بەردەوامە لەگەڵ تیپەکەی، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد.**

*** چ پاڵنەرێك وای لێ کردی بێیتە نێو جیهانی وەرزشییەوە؟**

- هەر لە منداڵییەوە حەزێکی تایبەتم هەبووە بۆ وەرزش و لەو بوارەدا چالاك بووم.

*** لە نێو ژمارەیەك وەرزشی جۆراوجۆردا چۆن بوو یاریی کاراتێت هەڵبژارد؟**

- یەکەم هۆکاری من بۆ هەڵبژاردنی یاریی کاراتێ ئەو ڕێزگرتنە بوو کە فێری یاریزانی دەکات، لە مەنداڵییەوە ئارەزووی تێکەڵبوونی هونەرە جەنگییەکانم هەبووە.

***هەست ناکەیت یارییەکی قورست هەڵبژاردوە کە زیاتر کێبڕکییە؟**

- کاراتێ یارییەکی شەڕانگێزی نییە، تەنیا فێری بەرگری و ئارامگرتنت دەکات، ڕاستە قورسە، بەڵام هەر ئەو قورسییە هێزێکی زۆرمان پێ دەبەخشێت بۆ بەردەوامبوون و باوەڕبەخۆ بوون.

*** ئاستی یارییەکانی کاراتێ چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- لە ئێستادا کاراتێ یارییەکی پێشکەوتوو و جیهانییە و لە کوردستانیش گرنگییەکی باشی پێ دراوە.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

-پێویستە پاڵەوانێتی زیاتر بکرێتەوە لە ناوەخۆداو، گرنگیی زیاتر بە یاریزان و تێچووەکانی بدرێت بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە، بۆ ئەوی ئێمەش وەك وڵاتانی دنیا پێشبکەوین.

*** دەڵێن بەشێك لە یانەکانی کوردستان تیپی کاراتێی کچانیان لە یانەکانیاا پشتگوێ خستووە و بگرە تیپیان هەر نییە؟**

-ڕاستە بەڵام لە ئێستادا لە بەشێك لە یانەکانی گرنگی باش بە کچان دەدرێت و بەخۆشحاڵییەوە ژمارەی یاریزانانی کچ زیاتر بووە.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە پاڵەوانێك؟**

- دەمەوێ بەردەوام بم و ئاستی خۆم زیاتر بەرەوپێش ببەم و بەشداری لە پاڵەوانێتییە جیهانییەکاندا بکەم..

*** سەرکەوتن چ هەستێك بە یاریزان دەبەخشێ؟**

- بۆ ئێمەی یاریزان کە هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین و خۆمان ماندوو دەکەین، سەرکەوتن بۆ ئێمە چێژێکی تایبەتی هەیە و ماندوو بوونمان لە بیر دەباتەوە.

*** کێ بە ڕکابەری خۆت دەزانی؟**

- هیچ کەسێك ئێمە هەموومان هاوڕێی یەکترین و هەوڵ بۆ سەرکەوتن دەدەین.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- هیوادارم لە داهاتوودا ئەنجامی هەوڵەکانم ببینمەوە و بگەمە ئاستێك کە ببمە مایەی شانازی بۆ وڵاتەکەم و ڕاهێنەرەکانم.

*** بۆچی کچان بە کەمی ڕوو لەم وەرزشە دەکەن؟**

- کچان ڕێگریی زیاتریان هەیە لە ڕووی کۆمەڵگە و خێزانییەوە، هیوادارم لە داهاتوودا ئەو ڕێگریانەش نەمێنێ و بەڕاستی لە یارییەکە تێبگەن.

*** هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە لە یانەکانی دیکە؟**

-من گرێبەستم لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی هەیە، لە داهاتووشدا لەگەڵیان بەردەوام دەبم، چونکە پێم وایە باشترین جێگەیە بۆ پێشکەوتنی یاریزان.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟**

- سوپاسی خێزانەکەم دەکەم هەموو کاتێك پشتگیرییان کردم و هەمیشە هانم دەدەن بۆ ئەنجامی باشتر و متمانەیان پێم هەیە.

*** ئەگەرلە کۆتاییدا شتێکت ماوە ؟**

- سوپاسی تایبەتی ئێوە دەکەم کە گرنگی بە جیهانی وەرزش دەدەن، سوپاس بۆ ڕاهێنەری تیپەکەمان زۆر ماندووە لەگەڵماندا و هەوڵی بەرەوپێشچوونی یاریی کاراتێ دەدات لە کوردستان، سوپاس بۆ یانەی پێشمەرگە بۆ خزمەتی ئەم یارییە.






# یانەی هەولێر بۆ خولی کوردستان پشت بە ڕاهێنەرێکی کورد دەبەستێ

یانەی وەرزشیی هەولێر دەیەوێت ئەم وەرزە هەر زوو دەست بە ئامادەکارییەکان بکات بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، کە وابڕیارە مانگی ١١ی ئەمساڵ یارییەکانی دەست پێ بکات، کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر هەر چەندە بەنیاز بوو محەمەد کازمی هێرشبەری پێشووی یانەکەی بکاتە ڕاهێنەر بۆ خولی کوردستان، بەڵام دواتر بڕیارەکەی گۆڕی و تیپی تۆپی پێی یانەکەی لە خولی نایابی کوردستان دایە دەستی (شوان ئەنوەر)ی ڕاهێنەری پێشووی یانەی پەروەردە، هەروەها هەریەك لە هۆگر عوسمان و هێرش عەزیزی وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەر و ڕاهێنەری گۆڵپارێز دەستنیشان کرد، لە ئێستادا دەستەی ڕاهێنەران لە هەوڵی دیاریکردنی یاریزانانداન بۆ تیپی یەکەمی خولی کوردستان تا بتوانن ئەنجامی شایستە لەم وەرزە بەدەست بهێنن. لە تیپی خولی کوردستان یانەی هەولێر زیاتر پشت بەو یاریزانانە دەبەستێ کە کوردن و خەڵکی شارەکەن جگە لە هێنانی و سەرخستنی یاریزانانی لاوانی یانەکە، کارگێڕیی تازەی یانەکە لە هەوڵی ئەوەدان گرنگیی بە تیپی خولی نایابی کوردستانیش بدەن وەکو خولی عێراقی و، ببنە یانەیەکی ڕکابەر لە خولەکانی کوردستاندا، جگە لەوەش یاریزان بەرهەم بهێنن بۆ تیپی خولی ئەستێرەکانی عێراقی.

# سەیدسادق تووشی گرفتی دارایی و یاریزان دەبێتەوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی سەید سادق کە وەرزی ڕابردووی خولی نایابی یانەکانی کوردستان توانی خۆی لە ڕیزی یانە گەورەکانی کوردستان بهێڵێتەوە، بەڵام ئەم وەرزە تووشی گرفتێکی سەختی دارایی بوونەتەوە، هەر بەم هۆکارەش ژمارەیەکی زۆری یاریزانانی یانەکە ڕیزی تیپەکەیان جێهێشتووە، تاکو ئێستاش هیچ دەرگای هاوکارییان لێ نەکراوەتەوە بۆ ئەوەی لە گرفتی داراییەکان ڕزگاریان بکەن، بۆ وەرزی نوێ خولەکانی کوردستان و عێراقیش هەریەك لە یاریزانان (یادگار ئیبراهیم، محەمەد سەباح، جوامێر کەریم، هەڵوێست کەمال، هەمزە سەباح، نەجمەدین عوسمان، ڕێبەند کەمال، بەندەن هەڵۆ، سەعید حوسێن، بیلال عەلی ) ڕیزی یانەکەیان جێهێشتووە و گرێبەستیان لەگەڵ یانەکانی دیکە مۆر کردووە، سەرۆکی یانەکەش ئاماژەی بەوە کردووە کەوا لە قەیرانێکی سەختی دارایی دان و ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بن، ناتوانن تەنانەت بەشداریی خولی نایابی یانەکانی کوردستانیش بکەن، تاکو ئێستاش هیچ لایەن و شوێنێك دەرگای هاوکاریی بۆ نەکردونەتەوە و یانەکەش لە چاوەڕوانی دەستپێکی خێردان بۆ ئەوەی بتوانن ئەم وەرزە یانەکە بگەینە کەناری ئارامی لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان و هەرچی زووە دەست بە ئامادەکارییەکانیان بکەن بۆ ئەم خولە.



# یانەی ناسرییە یەک پێکهاتەی کوردی بردووە

دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی ناسرییەی باشووری عێراق، بۆ ئەم وەرزە دەیەوێت چاو لە یانەی گەرمە بکات، کە وەرزی ڕابردوو بە ژمارەیەك لە یاریزانانی کورد توانیان خۆیان بگەیەننە ڕیزی یانە پیشەگەرەکانی عێراقی، بۆ ئەم وەرزەش یانەی ناسرییە لە خولی نایابی عێراقی بەشدارە و چاوی لەوەیە بتوانێ پلێتی سەرکەوتن بۆ خولی ئەستێرەکانی عێراقی بەدەست بهێنێت، دوای هێنانی ڕەوەند عەبدولخالقی ڕاهێنەری پێشووی یانەی هەندرێن وەك بەڕێوەبەری تیپی تۆپی پێی یانەکە، ئەم ڕاهێنەرە کوردەش ژمارەیەك یاریزانی کوردی ڕازی کردووە بۆ ئەوەی گرێبەست لەگەڵ یانەی ناسرییە مۆربکەن، ١٢ یاریزانی کوردی شاری هەولێر لە ڕیزی ئەو یاریزانانەدان کەوا گرێبەستیان لەگەڵ یانەی ناسرییە مۆرکردووە، بۆ ئەوەی ئەم وەرزە شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەن، لە ناو یاریزانە کوردەکانیشدا هەریەك لە ئەستێرەکانی شاری هەولێر (هەردی سیامەند، بارزان شێرزاد، دلێر حاتەم، بارزان ئەکرم، گۆران عەلی، هێمن نازم ) و چەندین ئەسێترەی دیکەی شاری هەولێر گرێبەستی فەرمییان لەگەڵ یانەی ناسرییە مۆر کردووە، لە ئێستادا یانەکە کەمپێکی مەشق و ڕاهێنانی لە شاری هەولێر کردووەتەوە و یاریزانە کوردەکانیش لەو کەمپەندا بەشدارن و چاویان لەوەیە یانەکە بگەیەننە ڕیزی یانە گەورەکانی عێراق.



# وشکبوونی پێستی دەموچاو



وشکبوونی پێستی دەموچاو لەوانەیە کە نیشانە بێت بۆ ئەکزیما، یان بەکارهێنانی سابوون و پاککەرەوەی بەهێز، یان گۆڕانی پلەی گەرمی و ڕێژەی شێداریی هەوا. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، وشکبوونی پێستی دەموچاو بە ئاسانی بە چەند هەنگاو و ئاوێتەیەکی پێست کۆنترۆڵ دەکرێت. هۆکارەکان: کەشی سارد، هەوای وشك، زیاد شووشتنی دەموچاو، نەخۆشیی شەکرە، سستبوونی گلاندی دەرەقی، جگەرەکێشان، زیاد بەرکەوتن بە تیشکی خۆر، نەخۆشیی سەدەف، هەروەها هەوکردنی پێست لە ئەنجامی بەرکەوتن بە ماددەی کیمیایی. چارەسەرکردن: ڕۆژانە بەکارهێنانی ئاوێتەیەکی شێدارکەرەوە Moisturizers، بەکارهێنانی سابوونی سووك بۆ شووشتنی دەموچاو کە ڕەنگ و بۆن لەخۆنەگرێت، ڕنینی پێست Exfoliation بەمەبەستی لابردنی خانە مردووەکانی پێستی وشکبوو و هاندانی نوێبوونەوەی خانەکان بە بەکارهێنانی ئامێر و فڵچەی تایبەت یان ئاوێتەی کیمیایی تایبەت، دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ئاوی گەرم لەکاتی وەرگرتنی دوش هاوکات لەگەڵ مانەوە بۆ ماوەی تەنیا ٥-١٠ خولەك لە ژووری گەرماودا، بەکارهێنانی ئامێری شێدارکەرەوە Humidifier لەناوماڵدا، هەروەها بەکارهێنانی مەرهەم یان کرێمی تایبەتی پێست بە ڕێنمایی دکتۆر.

# نیشانەکانی نەخۆشیی شەکرەی کۆنترۆڵ نەکراو

تا ئێستا چارەسەرێکی یەکجارەکی بۆ نەخۆشیی شەکرە نییە، بەڵکو پێویستە کە بە دەرمان و جۆری خۆراك کۆنترۆڵ بکرێت تا تووشبوو لە ژیاندا مابێت. نەخۆشیی شەکرە ئەگەر بەباشی کۆنترۆڵ نەکرێت چەند نیشانەیەك پەیدادەکات کە پێویستە لەسەر هەموو تووشبووان پێیانەوە ئاشنا بن بەمەبەستی گۆڕینی ستایلی ژیان، جۆری خۆراك یان دەرمان بە ڕێنمایی دکتۆر. نیشانەکانی نەخۆشیی شەکرەی کۆنترۆڵ نەکراو: دابەزینی ئاستی شەکری خوێن، گرفت لە بینیندا، زیادبوونی کەرەتەکانی میزکردن، زیاد تێنووبوون، هەستکردنی بەردەوام بە برسیبوون، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی توند، گرفتەکانی پێست وەکو وشکبوون و خورشت یان قڵیشانی پێست، گرفت لە پێیەکاندا بە شێوەی هەوکردن بە کەروو یان برین و کولبوون کە هەستی پێناکرێت، کەمبوونەوەی کێشی لەش، گرفتەکانی بیستن لەبەر گرفت لە دەمار و بۆڕییەکانی خوێن لە گوێیەکاندا، گرفتەکانی سووڕی خوێن بە شێوەی دواکەوتنی چاکبوونەوەی برین، هەروەها زیادبوونی ترشە کیتۆنییەکان Ketoacidosis لە لەشدا کە نیشانەکانی بریتین لە: خێرابوونی هەناسە، سووربوونەوەی دەموچاو، ئازاری ماسولکەکان، لەگەڵ هێڵنج و ڕشانەوە.



# ئایا زیاد خواردنەوەی قاوە و چای پەستانی خوێن بەرزدەکاتەوە؟

قاوە و چای بە رێژەی جیاواز سەرچاوەن بۆ ماددەی کافائین Caffeine، هەروەها کۆلا، بیبسی، لەگەڵ خواردنەوە وزەبەخشەکان Energy drinks.
ماددەی کافائین لە کۆئەندامی هەرسدا بە ئاسانی هەڵدەمژرێت، کاریگەرییەکانی پاش خواردنەوە بە ٥-٣٠ خولەك دەردەکەون بە شێوەی زیادبوونی رێژەی هەناسە، زیادبوونی لێدانەکانی دڵ، زیادبوونی ئاگایی مێشك و وزەی فیزیکی کە لەوانەیە تا ١٢ کاتژمێر بەردەوام بن.
زیانەکانی زیاد خواردنەوەی کافائین: خەوزڕان، هەستکردن بە نارەحەتی، هێڵنج، سەرئێشە، زیادبوونی ترشێتیی گەدە، پەستی، تەنکبوون یان پووکانەوەی ئێسك Osteoporosis، هەروەها ئازاری سینگ.
لێکۆڵینەوەکان جەخت دەکەنەوە کە بەردەوام خواردنەوەی رێژەی بەرزتر لە ٤٠٠ ملگم کافائین لە رۆژێکدا گرفت بۆ کۆئەندامی دڵ و سووڕان پەیدادەکات واتە زیاتر لە ٤ کوپ قاوە یان ٨ کوپ چای رەش، یان ٢ قووتوو خواردنەوەی وزەبەخش. بڕی زیاد و بەردەوامی قاوە یان چای بەلای کەم هەفتانە ٥ جار بۆ ماوەی یەك ساڵ، هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و زیادبوونی لێدانەکانی دڵ.





# کتێبخوێنی ئەلکترۆنی و ژیریی دەستکرد

رۆژێك دادێت کتێبخوێنە ئەلکترۆنییەکان شوێنی کتێبخانەی ئاسایی دەگرنەوە. کتێبخوێنی دیجیتالی شوێنی کەمدەگرێ و کتێبێکی زۆر لەخۆیدا هەڵدەگرێ. لەم دواییەدا یەکێك لە باشترین کتێبخوێنە دیجیتالییەکان بەرهەم هات کە لەگەڵ ژیریی دەستکرد پەیوەند دراوە. کتێبخوێن یا تەبلێتی جۆری _ تەبلێتێکی کتێب خوێندنەوەیە. شاشەکەی زیاتر لە دە ئینجە. لە حیبری ئەلکترۆنی سوود وەردەگرێت. ڕامەکەی ٤ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ١٢٨ گیگابایتە شوێنی هەڵگرتنی بیست هەزار کتێب دەبێت.

تەبلێتی کتێب خوێندنەوەی ئاماژە پێدراو، پشتیوانی زیرەکیی دەستکرد دەکات، دەکرێت هەر لەو کاتەدا کە کتێبێك دەخوێنەوە، لە ژیریی دەستکرد زانیاری زیاتر لەسەر کتێبەکە وەربگری، یان شوێنێك کە بۆت نامۆیە بۆت شی بکاتەوە. دەتوانێت هەموو کتێبەکەت بە دەنگ بۆ بخوێنێتەوە.

دەکرێت وەك دەفتەری هەڵگرتنەوەی یادداشتیش سوودی لێوەربگری و دەکرێ بکرێت بە دەفتەری کێشانەوەی هێڵکاری وێنەکێشانیش. دەستخەتی بەکارهێنەر دەکاتە خەتی دیجیتالی. بارستاییەکەی ٤,٥ ملمە. کێشی ٣٧٠ گرامە. لەبەر تیشکی خۆر و ڕووناکی زۆریش دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت. قەڵەمی تایبەت بە خۆی لەگەڵدایە.

## مەترسی و کێشەکانی ژیریی دەس



لە ماوەی تەنیا یەك ساڵدا ژیریی دەستکرد زۆر لە ژیریی مرۆیی نزیکتر بۆتەوە، بە جۆرێك لە زۆر شوێندا و لە زۆر ئەرکدا کەسانی شارەزا و پسپۆر نەبن ناتوانن لێکیان جودا بکەنەوە، جار هەیە بۆ ئەوانەی زۆریش پسپۆرن دژوارە لێکجیاکردنەوەیان. ئەو مەترسییانەی ژیریی دەستکرد دروستیان دەکا ژبەشێکیان ئەمانەن:

گۆڕینی دەنگ: ژیریی دەستکرد بە جۆرێك دەتوانێ دەنگ بگۆڕێت کە کەسانی شارەزا و پسپۆڕیش لێکی جودا ناکەنەوە. بۆیە هەرکاتێك پەیامێکی دەنگی یا ڤیدیۆی کەسێکی ناسراو نزیکتان بۆهات، زۆر لێیوردببنەوە و ئەگەر پەیامەکە گرنگ بوو پەیوەندی بەکەسەکەوە بگرن بۆ دڵنیابوون.

ئاگاداربوون لە ئیمێلە ناسراو و نەناسراوکان:



# کاتژمێرێک گیانی بەکارهێنەرەکەی ڕزگار دەکات

کاتژمێرە زیرەکەکان، لاوەکیترین ئەرکیان نیشاندانی کاتە. ئەگینا لە بواری تەندروستی و چاودێری بەکارهێنەرەکەی زۆر لە مۆبایل سوودمەندترە.

گوگڵ تایبەتمەندییەکی نوێی لە کاتژمێری ژێری جۆری pixel watch 3 زیاد کردووە. تایبەتمەندییە نوێیەکە وا دەکات گیانی بەکارهێنەرەکەی لەکاتی مەترسی و هەستیاردا ڕزگار بکات.

کاتژمێری ناوبراو لەو کاتەی کە هەست بەوە کات بەکارهێنەرەکەی دڵی لێنادات، دەستبەجێ دەزگاکانی فریاکەوتن ئاگادار دەکاتەوە، لەسەر شاشەکەش زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدات تا نەکا بە هەڵە شوێنە فریاگوزارییەکانی ئاگادار کردبێ. بەکارهێنەر دەتوانێت لەکاتی هۆشیاریدا ئەو ئاگادارکردنەوەیە ڕابگرێت. گوگڵ ڕای وایە زۆر جار کەسەکان کە تووشی ئەو حاڵەتە دەبن و ئەگەر بکرێت زوو شوێنی فریاکەوتن ئاگادار بکرێتەوە، کەسەکە لە مەرگ ڕزگاری دەبێت.



# پاوەربانکێکی بچووک بە قەد مەدالیایەک

پاوەربانکی جۆری TAU پاوەربانکێکی بچووکە، بەقەد مەدالیایەك دەبێت. لە پاوەربانکێکی بچووك ناکرێ چاوەڕوانی ئەرکی گەورە بکەین. بەڵام بۆ کاتە پێویستییەکان گرنگی خۆی هەیە. پاوەربانکەکە کێشی تەنیا ٤٠ گرامە. قەوارەی هەڵگرتنی وزەی ١٤٠٠ میلی ئامپێرە لە کاتژمێرێکدا. بۆ گشت ئەو ئامێرە بچووکانە دەبێت کە پێویستیان بە شەحنکردنەوە هەیە، وەك مۆبایل و کامێرا و هیدفۆن و کاتژمێر...تاد. بەڵام بۆ کاتە هەستیارییەکان دەبێت ئەو کاتانەی کە مۆبایلەکەت شەحنی تێدا نەماوە و پێویستیش دەکات پەیوەندی بکە. ئەگینا بۆ پڕکردنەوەی مۆبایلێك نابێت. چونکە پاوەربانکەکە هەڵگرتنی ئاسانە و بچووکە بۆ گەشت و گەڕان باشتر هەڵدەگیرێت. چەندین ڕەنگی جۆراوجۆری هەیە.

## ـــــــتکرد و ڕووبەڕووبوونەویان

**هەرکاتێك ئیمێلێکتان بۆهات تەنانە ئەگەر کەسێکی ناسراویش بوو، داوای کرد لینکێك بکەنەوە، مەیکەنەوە هەتا دڵنیا نەبن خودی کەسەکەیە، چونکە ژیریی دەستکرد بەشێکی زۆری زانیاری ئێوەی لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرتووە و دۆستان و کەسانی نزیکیشت دەناسێت.**

**دروستکردنی کەسایەتی درۆینە و وێنەی نەشیاو لەخۆت: ئەگەر وێنەیەکی نەشیاو لە خۆت یا نزیکانی خۆت بڵاوبوویەوە، دەستبەجێ بڕوا مەکە. بۆ سڕینەوەی وێنەی لەم شێوەیەش ماڵپەڕی تایبەت هەیە کە لە ماوەیەکی کەمدا وێنە نەشیاوەکانی نزیك و کەسەکانت دەسڕێتەوە. بەگشتی لە هەموو بوارێکدا ئاگاداری ژیریی دەستکرد بن.**




# فلاش میمۆرییەکی بەهێز لە بواری ئەمنییەوە

زانیارییە تاکەکەسییەکان پاراستنیان زۆر گرنگە. بۆ نموونە تۆ داتاکانی پەیوەندیدار بە دارایی یا نهێنی ئەمنییت لەلایە و لەسەر فلاش میمۆرییەك پاراستووتن، لەکاتی بزربوون یا دزرانی فلاش میمۆرییەکە بە ئاسانی زانیارییەکان ئاشکرا دەبن و دەستیان پێیان ڕادەگا.

فلاش میمۆری جۆری kingston Ironkey هەر ڕاست بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتووە. لەسەر فلاش میمۆرییەکە دوگمەکانی تایبەت بە دانانی پاسۆرد هەیە بەهۆیەوە دەتوانی دژوارترین پاسۆرد دابنێی و هەتا پاسۆردەکەش لێنەدریَ کەس ناتوانیَ دەستی بە زانیارییەکان ڕا بگا. لە بواری قەوارە و کێشەوە هەر بە قەد فلاش میمۆرییەکی ئاساییە. لەناو خودی فلاش میمۆرییەکە باترییەك هەیە بۆ ئەو کاتانەی بتهەویَ پاسۆردی فلاشەکە بکەیەوە. ئەگەر کەسێك دە جار بە هەڵە پاسۆردەکە لێبدەی ئیدی بەتەواوی زانیارییەکانی سەر فلاش میمۆرییەکە دەسڕێتەوە. فلاش میمۆرییەکە لە قەوارەی ٦٤ گیگابایتییەوە هەتا ٥١٢ گیگابایتی هەیە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت زۆر جاران لەکاتی کارکردندا کۆمپیوتەرەکەم ریستارت دەبێتەوە و شاشەکە شین هەڵدەگەڕێت، هۆکارەکەی چییە؟**

خوێنەری بەڕێز ئەو لاپەڕە شینە لاپەڕەی مەرگیشی پێدەگوترێت. ئەم لاپەڕە شینە لە سیستەمی ویندۆز ٨ هاتە ناو ویندۆز و دواتریش بە هەندێك گۆڕانکارییەوە لە ویندۆزەکانی دیکەش مایەوە. هۆکارەکەی بۆ کێشەی ئەپدیتی ویندوز، کێشە لە پرۆگرامە ئەپدیت نەکراوەکان. کێشە لە گەرم داهاتنی فەنی کۆمپیوتەر، کێشە لە رام و هاردی کۆمپیوتەر روو دەدات. بۆ چارەسەریش دەبیَ سەرەتا بزانی کێشەکە پەیوەندی بە هاردوێر یا سۆفتوێرەوە هەیە. بەڵام بە زۆری کێشە لە سیستەمی ویندۆزدایە و بە نوێکردنەوە یا جارێکی دانانەوەی ویندۆز چارەسەر دەبێت.

# ماوسێکی بچووکی ئەرگۆنۆمیک




وشەی ئۆرگۆنۆمیك بەو ئامێرانە دەگوترێت کە لەکاتی کارپێکردندا کێشە بۆ جەستەت دروست ناکەن و جەستە ماندوو ناکەن. ماوسی کۆمپیوتەر بەهۆی ئەوەی زۆر بەکار دێت لە درێژ مەودادا کێشە بۆ پەنجە دروست دەکات، ماوسی ئۆرگۆنۆمیك ناهێڵێت کێشە دروست بێت و پەنجەکانت ئازار نادات.

ماوسێکی بچکۆلەی ئەرگۆنۆمیك بە ناوی ProPoint بەرهەم هاتووە کە قەوارەکەی تەنیا ٦ سانت دەبێت و کێشی تەنیا ٨٠ گرامە. کارپێکردنی ئاسانە. جگە لەوەی وەك ماوس کار دەکات دەکرێت وەك قەڵەمێکی لەیزەریش سوودی لێببیندریَ. ماوسەکە وایەرلەیسە و سیستەمی بلوتوسی هەیە. ماوسەکە بۆ تەبلێت و مۆبایلیش دەگونجێت. بۆ گەشت و سەفەرکردن زۆر گونجاوە. بۆ کاری گرافیك و دیزاین باشە.

# پرۆگرامێکی زیرەکیی دەستکرد بۆ راگەیاندنکار و قوتابیان

ژیریی دەستکرد ئاسانکارییەکی زۆری کردووە لە هەموو بوارێکدا، بە هەزاران ماڵپەڕ و هەزاران پرۆگرامی تایبەت بەم بوارە بەرهەم هاتوون. پرۆگرامی otter کە زیاتر وەك ئەپێکی مۆبایل بەکاردێت و لە ژیریی دەستکرد سوود وەردەگرێت. ئەرکی ئەپلکەیشنەکە ئەوەیە کە دەنگ تۆمار دەکات و هەر لەو کاتەدا دەنگەکە دەکاتەوە دەق. پرۆگرامێکی وا بۆ ئەوانەی کاری راگەیاندن دەکەن یان قوتابیان و خوێندکاران زۆر بە سوودە. کاتێك راگەیاندنکارێك دیمانەیەك دەکات یا دەچێتە کۆڕێك و یا کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی، بەهۆی ئەو ئەپەوە دەنگەکە تۆمار دەکات و ئەپەکە دەنگەکە دەکاتەوە دەق و دەتوانێت کورتیشی بکاتەوە یا لێکدانەوە و شیکردنەوەی بابەتەکە بکات و زانیاری زیاتری لەسەر بدات. ئەپەکە بۆ خوێندکارانیش هەر بە سوودە، خوێندکارێك بەهۆی ئەو ئەپەوە وانەکان تۆمار دەکات و دەبێتەوە دەق و یا کورتی دەکاتەوە و بە زمانێکی سادەتر شی دەکاتەوە.





## ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد بە خێرایی وێنە دروست دەکات

ژیریی دەستکرد، لە ماوەی ساڵی رابردوودا لەلایەن کۆمپانیاکانی بواری تەکنەلۆژیای نوێ بایەخی زۆری پێدراوە، بە هەزاران ماڵپەڕی تایبەت بە زیرەکیی دەستکرد بەرهەم هاتوون. دروستکردنی وێنە لە ژیریی دەستکرددا لە ریزی یەکەمەکان دێت. ماڵپەڕی krea.ai یەکێکە لەو ماڵپەڕانەی تایبەتە بە وێنە دروستکردن، بەڵام چۆنییەتی کارکردن و وێنە دروستکردنەکەی زۆر جیاوازە. ماڵپەڕەکە لەیەك چرکەدا وێنە دەگۆڕدێت. بۆ نموونە بڵێی وێنەی «ئەسبێکی رەشم بۆ دروست بکە کە کەسێك سواری ببێت و جلی کوردی لەبەردابێت» ماڵپەڕەکە لەگەڵ نووسینی ئەسب وێنەی ئەسب دەکێشێت و کە باسی رەنگی رەش دەکات، ئەسبەکە دەبێتە رەش و هەر کە نووسیت سوار یەکسەر کەسەکە دروست دەکات. واتە لەگەڵ نووسین دەست دەکات بە دروستکردن.

## ئەڵقەیەک ریمۆت کۆنترۆڵی ئامێرەکان



ئەڵقەی زیرەکی جۆری arcX زۆر تایبەتە. هەم ستایلەکەی جیاوازە و هەم ڕەنگەکانی جیاوازن.

ئەڵقەکە بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل و کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی دیکە پەیوەند دەدرێت. زیاتر بۆ وەرزشکارانی پیشەیی دەگونجێت. چاوەدێری جوڵە وەرزشییەکان دەکات، تەنانەت ئەو کاتەی ئەسب سواری و پایسکل لێخورین و مەلەوانی دەکات. دەبێتە ریمۆت کۆنترۆڵی لاپتۆپ و تیڤی و چاویلکەی زیرەك کامێرا...تاد. دوگمەیەکی تایبەتی بەشێوەی بەرجەستە لەسەر ئەڵقەکە هەیە و لەکاتی هەبوونی کێشەیەکی ئەمنی بۆ بەکارهێنەر، یا لە کاتی تەنگانە و فریارەسیدا بەکارهێنەر دوگمە دادەگرێت، بە داگرتنی دوگمەکە پەیامێك بۆ ئەو کەسانەی پێشووتر لەکاتی فریارەسیدا تۆمار کراون دەنێرێت هەروەها نەخشە و شوێنی بەکارهێنەرەکەش.

ئەڵقەی arcX هیچ شاشەیەکی نییە کاتێك شەحن دەکرێتەوە هەتا ٢٠ ڕۆژ شەحنی دانابەزێت. بە کەوتنە ناو ئاو و ژێر بەفریش تێکناچێت.





# باشترین گیراوەی سروشتی بۆ قژی تەندروست و بریقەدار

یەکێک لە شێوازە بەناوبانگەکانی چاودێریکردنی قژ بەکارهێنانی ماسکە، کە پێش دوشکردن لێی دەدرێت. ئەم ماسکانە هەنگاوێکی سەرەکین بۆ باشترکردنی تەندروستی و جوانیی قژ، بەو پێیەی خۆراکی هەمەلایەنە بۆ قژ لە ڕەگەوە تا کۆتاییەکانی دابین دەکەن.

لەم بابەتەدا باس لە چەمکی ماسکی قژ پێش دووش و سوودەکانی و چۆنیەتیی بەکارهێنانی کاریگەرانە دەکەین، بۆ بەدەستهێنانی باشترین ئەنجام.

ماسکی مۆز و هەنگوین بۆ قژی وشک:

**شێوازی ئامادەکردنی:**

١-سەرەتا مۆزی پێگەیشتوو لەگەڵ یەك کەوچکی چێشت هەنگوین، دواتر مۆزەکە ورد بکە تاوەکو یەك دەگرێت.

٢- مۆزە وردکراوەکە بکوڵێنە و لەگەڵ هەنگوین تێکەڵی بکە.

٣- با قژت تەڕ بێت و دواتر تێکەڵەکەی لێ بدە، زیاتر گرنگی بە سەری تاڵەکان بدە.

٤- ماسکەکە بۆ ماوەی ٢٠-٣٠ خولەك بەجێ بهێڵە، پاشان بە ئاوی گەرم بیشۆ.

سوودەکانی مۆز: ڤیتامین و کانزاکانی تێدایە کە قژ شێدار دەکاتەوە و شێوە لاستیکییەکەی بەرز دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا هەنگوین شێداری و بریقەدارییەکەی زیاد دەکات.

ئامادەکردنی: شیلان عەلی





# هەنگاو و شێوازی ئاسان بۆ پاککردنەوە و تەعقیمکردنی سینکی چێشتخانە

بەسوودە بزانیت چۆن سینکی چێشتخانە پاك بکەیتەوە بۆ ئەوەی بە پاکوخاوێنی بمێنێتەوە، بەتایبەتی کە سینك لە چێشتخانەدا یەکێکە لەو شوێنانەی کە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە بە درێژایی کاتەکان. بۆ ئەوەی سینکی چێشتخانەکە لە باشترین دۆخدا بمێنێتەوە، باشترە هەندێك هەنگاو پەیڕەو بکەیت بۆ تەعقیمکردنی.

- سەرەتا ئاو لەسەر سینکەکە بپرژێنە، پاشان دەست بکە بە ڕشتنی نزیکەی نیو کووپ سۆدەی نان لەسەر ڕووی تەڕی سینکەکە بکە.
- زاهیی قاپشوردن و ئاوی گەرم بخەرە ناو ئیسفەنجێکەوە و بە جووڵەیەکی بازنەیی سینکەکە بشۆ، بەپێی ئاراستە سرووشتییەکەی لە سەرەوە و لە لایەکانەوە بۆ خوارەوە دەست پێ بکە.

بەپێی پێویست زاهی و ئاوی زیاتر بخەرە ناو ئیسفەنجەکەوە و بەردەوامبە لە پاککردنەوەی تا سینکەکە پاك دەبێتەوە.



# بۆنی ڤانێلا بۆ پاییز

هاتنی پاییز کاتێکی گونجاوە بۆ وەرگرتنی بۆنەکانی خانمان بەو بۆنە گەرم و ئاسوودەبەخشانەی کە کۆمەڵێك براندی بۆنی لوکس لەم وەرزەدا دەیخەنە ڕوو، لە پاییزی ساڵی ٢٠٢٤، جیهانی بۆنەکان کۆمەڵێك بۆنی پێشکەش دەکەن کە تیشك دەخاتە سەر ڤانێلا بە هەموو شکۆمەندییە لوکسەکەیەوە.

ئەگەر هەواداری ڤانێلا بیت، ئەم بۆنە بۆ تۆیە. وەشانێکی پێگەیشتووتر و پاڵاوتەترە لەو بۆنی ئەو شیرینی و شەکرۆکانەی کە لە منداڵیدا چێژت لێ وەرگرتووە.

ئەم بۆنە نوێیانە بەجۆێکن کە سەرەتا کمێك توند و قورسن، بەڵام بە تەواوی هاوسەنگ دەبن لەگەڵ بۆنی ناوازەی میسك و عەنبەر، دوای چەند کاتژمێرێك لە بڵاو بوونەوەی، بۆنی بەهێزی ڤانێلا کەمێك سووکتر دەبێت و لە ئەنجامدا بۆنێکی سەرنجڕاکێش و ناوازەت دەست دەکەوێت کە دەوروبەت سەرسام دەکات.



# دەنگ و قسەکردنی مەیموونەکان





مەیموونەکانی مارمۆسێت دەنگی تایبەت بەکاردەهێنن بۆ بانگکردنی یەکتر کە پێی دەوترێت phee-calls بۆ ناسینەوە و پەیوەندی کردن لەگەڵ یەکتردا. ئەم توانایە بۆ ناولێنانی دەنگ بە تاکەکانی تر تا ئێستا تەنها لە مرۆڤ و دۆلفین و فیلدا بینراوە. توێژەران بۆیان دەرکەوتووە کە مەیموونەکانی مارمۆسێت marmoset monkeys بۆ بانگکردن دەنگی تایبەت بەکاردەهێنن کە پێی دەگوترێت phee-calls بۆ ناساندن و پەیوەندی کردن لەگەڵ ئەندامانی گروپە کۆمەڵایەتییەکەیان. ئەم دۆزینەوەیە یەکەم جارە کە نیشانەی دەنگی ، هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆز دەردەخات کە پێشتر لە پرایمەیتە نامرۆڤیەکانی تر unhuman primates جگە لە مرۆڤ، لە دۆلفین و فیلدا بەدی دەکرا. توێژینەوەکە هەروەها دەریخستووە کە خێزانەکانی مەیموونی مارمۆسێت نیشانەی دەنگی هاوشێوە بەکاردەهێنن، کە ئاماژە بە جۆرێك لە سیستەمی ناولێنان دەکات کە هاوشێوەی ناو و شێوەزارەکانی مرۆڤە. لەوانەیە ئەم پەیوەندییە دەنگییە پەرەی سەندبێت بۆ یارمەتیدانی مەیموونی مارمۆسێت بۆ پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ژینگەی دارستانە باراناوییەکان کە بینین تێیدا سنووردارە.



# واو سیگناڵ لێکدرایەوە

لە بەشی ئاگادارکردنەوەی هەڵە واو! سیگناڵ لە ١٥ ی ئابی ١٩٧٧ دۆزرایەوە، گواستنەوەیەکی ڕادیۆیی بەهێز بوو کە وەك شەپۆلێکی دەستکرد دەردەکەوت، ئەگەری پەیوەندیکردنی ژیانی دەرەکی بەزەوییەوە بەرز بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، توێژینەوەکانی ئەم دواییانە ئاماژە بەوە دەکەن کە لەوانەیە بەهۆی ڕووداوێکی سروشتی فیزیای ئەستێرەزانی بووبێت لە تەقینەوەی بڵێسەی مەگنێتار magnetar flare بووبێت کە لە هەورێکی هایدرۆجینی hydrogen cloud دەدات، بەدرێژایی ئەو ماوەیە هایدرۆجین بوو Universe Today لە ڕاپۆرتی : توێژینەوەیەکی نوێ دەریدەخات کە واو ! سیگناڵ ڕوونکردنەوەیەکی تەواو سروشتی هەیە.

توێژینەوەکەی Arecibo Wow!I: ڕوونکردنەوەیەکی فیزیایی ئەستێرەییە بۆ واو! سیگناڵ. دوایین تێبینیەکانمان کە لە نێوان مانگی شوبات و ئاباری ٢٠٢٠ ئەنجامدراوە، ئاماژەی کاتی هاوشێوە لە نزیك هێڵی هایدرۆجین دەرخستووە، هەرچەندە چڕی کەمترە لە Wow! سیگناڵ، Arecibo wow! نیشانەی هاوشێوەیە بەڵام لەگەڵ هەندێك جیاوازی.











## خێرایی فڕۆکەی کۆنکۆرد

ئەمە فڕۆکەی کۆنکۆردە بە ئاسمانەوە کە بەخێرایی (٢١٧٢) کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا دەفڕێت، وێنەکە لە مانگی نیسانی ساڵی (١٩٨٥) لەلایەن ئەدریان مێریدیس لە فڕۆکەی جەنگی جۆری (تۆڕنادۆ) گیراوە، کە ماوەی چوار خولەك یاوەری فڕۆکەکەی کردووە. فڕۆکەی کۆنکۆرد لەلایەن هێڵی ئاسمانی فەرەنسی و بەریتانی و سەنگافورە بەکارهاتووە، بە یەکێك لە سەلامەتترین فڕۆکەکان لە جیهاندا دەستنیشانکرابوو، لە ماوەی (٢٥) ساڵدا تووشی هیچ ڕووداوێك نەهاتبوو، تا مانگی تەمموزی ساڵی (٢٠٠٠) دوای چەند خولەکێك لە فرینی لە فڕۆکەخانەی شارل دیگۆل، لە باڵی چەپی فڕۆکەکە ئاگر کەوتەوە و دواتر کەوتە خوارەوە، کە بەهۆیەوە (١١٣) کەس گیانیان لەدەستدا و دواتر دەرکەوت هۆکاری گڕگرتنەکە، پارچەیەك ئاسن بووە کە لەکاتی ڕۆیشتنی فڕۆکەکە بەر تایەکەی کەوتووە و دواتر بەر تانکی سووتەمەنی فڕۆکەکە کەوتووە و ئەو ڕووداوەی لێکەوتەوە.

## گەشتیارانی جیهان سەرسامن بە کوردستان

جوانی و سەنگینی و قەشەنگیی شاری هەولێر، وای کردووە نەوەك گەشتیارانی وڵاتانی دەوروبەر، بەڵکو گەشتیاران لە کیشوەرەکانی دیکەی جیهانیش سەردانی ئەو شارە دڵگیرە بکەن، کە مێژووی بۆ زیاتر لە ٦٠٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە، یەکێك لەوانە ئەستێرەی پلاتفۆرمەکان (لوك دامانت)، لە گەشتێکی بۆ هەرێمی کوردستان و شاری هەولێر، لە یەکێك لە ڤیدیۆکانی هێندە بە جۆش و خرۆشەوە باسی قەڵای هەولێر و شارەکە دەکات، لوك تەمەنی ٢٧ ساڵە و خەڵکی وڵاتی ئوستراڵیایە، تا ئێستا زیاتر لە ٥٠ وڵاتی جیهان گەڕاوە بۆ کاری گەشتیاری و وێنەگرتنی شوێنە جوان و دڵڕفێنەکانی ئەو شوێنانەی گەشتی بۆ دەکات، لوك دەربارەی هەولێر دەڵێ: شارێکی خۆش و خەڵکێکی سادە و مرۆڤ دۆستن، کاتێك سەردانم کرد ئەوەی پێی دەگەیشتم بەخێرهاتنی دەکردم و دەبوون بە ڕێبەری گەشتیاری بۆم، دەربارەی قەڵای هەولێریش دەڵێ: پێویستە ئەو قەڵایە بکرێتە شوێنێکی گەشتیاری لە ئاستێکی بەرز، تا گەشتیاران و خەڵکی جیهان دەربارەی ئەو قەڵا دێرینە شارەزا و ئاشنا بن، جگە لە لوك، گەشتیاران و میوانانی دیکەی بیانی وەك: مەنسورا، هەروەها گرووپی (We Are Adventure Riders)، (mywindowseat)، Frugal Travellers لەبەردەم قەڵا و شوێنە دێرین و جوانەکانی هەولێر وێنە و ڤیدیۆ بۆ پلاتفۆرمەکان و یادگاری خۆیانەوە دەگرن، هەروەها گەشتەکانیان تەنیا بۆ هەولێر نییە، بەڵکو دوای پایتەخت سەردانی شار و شارۆچکەکانی دیکە دەکەن.









## دەریاچەی گۆگرد

ماددەی گۆگرد، یەکێکە لەو ماددە ترسناك و بەهێزانەی کە مرۆڤ و گیاندارانیش خۆیان لێی دەپارێزن، بە هۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە گاز و توخمەکانی بەهێز کە ئازاری جەستە و کۆئەندامی هەناسەدان دەدەن، بۆیە ئەو ماددەیە دوای چێکردن بۆ چەند لایەنێکی بەسوود و بە وریاییەوە بەکاردەهێنرێت، ئەمەش بریتییە لە: دەریاچەی گەورەی گۆگردە لە وڵاتی چین و بە ڕەنگی زەرد خۆی دەنوێنێت ، لێرەدا و بە درێژایی سەد کیلۆمەتر هیچ گژوگیایەکی لێ نییە و ئاژەڵی لێناژیت، بە دەریاچەی گۆگرد ناسراوە و بەپێی وەرزەکان و کەشوهەوا ڕەنگیشی دەگۆڕێت.

## یاسا



**بەکرێ دانەوەی خانوو**

چارەنووسی ئەو گرێبەستە چییە ئەگەر کرێچی دووبارە بەکرێگیراوەکەی دایەوە بەکرێ؟

لێرەدا جیاوازی دەکەین لەنێوان دوو یاسادا:


١- ئەگەر بەکرێگیراوەکە یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی بەسەردا جێبەجێبکرێ ، ئەوە گرێبەستەکە پووچەڵە.

٢- -ئەگەر بەکرێگیراوەکە یاسای شارستانی بەسەردا جێبەجێبکرێ ئەوا گرێبەستەکە دروستە ، بەڵام ئەگەر لەنێوان بەکرێدەر و کرێچی مەرجێك هەبوو لەناو گرێبەستی بەکرێدانەکە قەدەغەی بەکرێدانەوەی کردبوو ، ئەوا لێرەشدا گرێبەست بە پووچەڵ دادەنرێ. ماددە(١١) بڕگەی (١) لە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە. ماددە(٧٧٥) بڕگەی (١) و (٢) لە یاسای شارستانی.



## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا باس لە قوربانیدانی پیاو (باوك)، تا خێزانەکەی لە ژیانێکی خۆشدا بژین، کە بە ڕێگادا دەڕوات، جەستەی بەش بەش لە دوای خۆی جێدەمێنێت.



## دیمەنە سەیرەکان

**وێنەیەکی زۆر ڕونی خۆر**

لەلایەن ئەندرو مکارسی، فەلەکناس و فۆتۆگرافەری ئەمریکی گیراوە بە بەکارهێنانی تێلیسکۆپ لەناوماڵەکەی خۆیدا.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە ڕووی کارەوە ڕۆژەکەت ئاڵۆز دەبێت، پێویستە زیاتر کاربکەیت بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر، بە هاوکاریی کەسە نزیکەکانت کێشەکانت چارەسەر دەکەیت، هەست بە باشییەکی زۆر دەکەیت، ڕۆژەکەت لە ڕووی داراییەوە ئاسایی دەبێت، دەرفەتت دەبێت گەشتێك بکەیت بۆ شوێنی دڵخوازت، پەیوەندیت لەگەڵ هاوبەشی ژیانت باشتر دەبێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

پێویستە لە شوێنی کارەکەتدا زۆر چالاك بیت، ئەگەری ئەوە هەیە ئەمڕۆ لەناکاو بەرپرسیارێتییەکی زۆر لە ئەستۆ بگرێت، ژیانی خێزانیت ئارام و بەختەوەر دەبێت، ئەگەری باشتربوونی دۆخی داراییت هەیە، سەرچاوەی نوێی داهاتت دەست دەکەوێت، تا زیاتر کار بکەیت ئەنجامی باشتر بەدەست دەهێنیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەگەر دەست بە هەر کارێکی نوێ دەکەیت، ئەوا پێویستە بە ژیرانە و بە ئارامییەوە مامەڵە بکەیت، ئەگەر نا ڕەنگە ڕووبەڕووی چەند کێشەیەك ببیتەوە، سۆز و پشتیوانیی هاوبەشی ژیانت بەدەست دەهێنیت، هەروەها خۆشەویستیی نێوانتان قووڵتر دەبێتەوە، لە ڕووی داراییەوە ڕۆژەکەت باشتر دەبێت، خەرجییەکانت کەمتر دەبنەوە، دەتوانیت زیاتر پاشەکەوت بکەیت، دۆخی تەندروستیت باش دەبێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەمڕۆ هەموو کارەکانت بە ئاسانی تەواو دەبن، هەروەها متمانە بەخۆبوونت زیاتر دەبێت، بەڵام ئامۆژگاری دەکرێت ئەگەر بیر لە ئەنجامدانی کارێکی گەورە دەکەیتەوە، ئەوا پێویستە بە وردی بیر بکەیتەوە، لەوانەیە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی گەورە ببیتەوە، پێویستە کۆنترۆڵی توڕەیی خۆت بکەیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

پێویستە ئەمڕۆ گرنگی بە قسەکردن و ڕەفتارەکانت بدەیت، ڕەنگە پێویست بکات بۆ کارکردن ڕێگەی دوور ببڕیت، باری داراییت باش دەبێت، دەتوانیت دیارییەك بۆ کەسێکی نزیکیشت بکڕیت، کەشوهەوای ماڵەوەت ئارام دەبێت، پەیوەندیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەتدا باشتر دەبێت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە ماندووبوونت ئەنجامی باش بەدەست دەهێنیت، ئەگەری بەهێزی هەیە قازانجی دارایی گەورە بەدەست بهێنیت، پاڵپشتی ئەندامانی خێزانەکەت بەدەست دەهێنیت، سەرکەتوو دەبیت بیت لە تەواوکردنی هەموو کارەکانت لە کاتی خۆیدا، دۆخی تەندروستیت باش دەبێت.

بۆ زانیاریت

# دیواری گەورەی چین هێمایەکی مێژوویی و داهێنەری چینە

ئەم پێکهاتە زەبەلاحە کە زیاتر لە ١٣٠٠٠ میل درێژ دەبێتەوە و یەکێکە لە سەرنجڕاکێشترین کارە تەلارسازییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. دیواری گەورە لە ماوەی چەندین سەدەدا دروستکراوە، یەك پرۆژە نەبووە بەڵکو زنجیرەیەك دیوار و قەڵا بووە کە لەلایەن شانشینە جیاوازەکانی چینەوە دروستکراون، بەناوبانگترین بەشەکانی لە سەردەمی شانشینی مینگ (١٣٦٨-١٦٤٤) دروستکراون. ئامانجی سەرەکیی پاراستنی چین بوو لە داگیرکارییەکانی هۆزە کۆچەرییەکان لە باکوورەوە، وەك مەغۆلەکان. دروستکردنی دیوارەکە بڕێکی سەرسوڕهێنەری کار و سەرچاوەی تێدابوو. بە شێوەیەکی تایبەت لە زەوی و دار و بەرد دروستکرابوو و لە هەندێك ناوچەدا تەنانەت بەربەستی سروشتی وەك گرد و ڕووبارەکانی تێدابوو. تاوەری چاودێری و قەڵاکان بە شێوەیەکی ستراتیژی بە درێژایی دیوارەکە دانرابوون، خاڵی پەیوەندی و بەرگریی بنەڕەتییان دابین دەکرد، لە کاتێکدا دیواری گەورە بە مەبەستی بەرگری بەناوبانگە، بەڵام ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ئاسانکاریی بازرگانی و کولتوور و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان بەدرێژایی ڕێگای ئاوریشم.



فیلم




فیلمێکی سەرنجڕاکێش و سەرکێشی و مێژووییە، باس لە داهێنانی یەکەمین بۆمبی ئەتۆم لەلایەن ئەمریکاوە لەسەر دەستی زانای فیزیایی ڕۆبێرت جەی ئۆپینهایمەر دەکات، کە زانایەکی ئەڵمانی بوو دوای ئەوەی لە ئەڵمانیا دەچێتە ئەمریکا، ماوەی فیلمەکە (٣) کاتژمێرە، یەکێکە لە سەرنجڕاکێشترین فیلمەکان، لە دەرهێنانی کریستۆڤەر نۆلان، لە نووسینی هۆتی ڤان هۆتیما، بودجەی فیلمەکە ٩٧٧ ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی چەندین ئەستێرەی دیاری هۆلیوود و وڵاتانی جیهان لەوانە: سیلیان مۆرفی، فلۆرێنس بوگ، ئیمیڵی بلۆنت، جۆش هارتنێت، جاگ کواید، ڕۆبێرت داونی، مات دەیمۆن، کەیسی ئەفلیك.



## پەند و وتە

مارگریت گێرماین ماری دنادیۆ، ناسراو بە مارگرێت دوراس، ڕۆماننووسی فەڕەنسی و دەرهێنەر، لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری گیادین، لە ساڵی ١٩٩٦ لە پاریسی فەڕەنسا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی چۆن ژیان بەڕێ دەکەین دەڵێ: لە تەواوی ژیانماندا، لە بەدیهێنانی ئاواتەکانمدا، تەنیا چاوەڕوانی بووە لەبەردەم دەرگا داخراوەکاندا.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو کەس هەن، کە شێوە و قەبارەیان وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی وایە، کەچی لە وێنەکەدا یەکێکیان زەبەلاحە و ئەویش دیکەش بچووکە، ئەمەش بە فێڵکاری کراوە، هەوڵدە فێڵەکە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا بدۆزیتەوە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

تا زیاتر کاری قورس بکەیت، ئەنجامێکی باشترت دەست دەکەوێت، پەیوەندیت لەگەڵ هاوبەشی ژیانت باشتر دەبێت، هەست بە وزە و دڵخۆشییەکی زۆر دەکەیت، ڕەنگە چەند هەواڵێکی خۆشت دەست بکەوێت، دۆخی تەندروستیت باش دەبێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەمڕۆ ڕۆژێکی ئاڵۆز دەبێت بۆت، ئەرکەکانی کارکردنت زیاتر دەبێت، باشترە ئەگەر هەوڵ بدەیت بە زووترین کات تەواویان بکەیت، لە ڕووی داراییەوە ڕۆژەکەت ئاسایی دەبێت، هەوڵ بدە خەرجییەکانت کەمتر بکەیتەوە، خۆت بەدوور بگرە لە دەمەقاڵە لەگەڵ هاوسەرەکەت لەسەر بابەتە بچووکەکان.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆش دەبێت بۆت، ئەگەر کار لەسەر پرۆژەیەکی گەورە دەکەیت، ئەوا ڕەنگە دەرفەتت پێ بدرێت کە سەرکردایەتیی تیمەکەت بکەیت، هەماهەنگیت لەگەڵ هاوبەشی ژیانت باشتر دەبێت، لە دۆخێکی وادا هەست بە ئاسوودەییەکی زۆر دەکەیت، ئامۆژگاری دەکرێت ئاگاداری دۆخی تەندروستیت بیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


ئەمڕۆ لە ڕووی داراییەوە ڕۆژێکی باش دەبێت بۆت، سوودی دارایی گەورە بەدەست دەهێنیت، پاڵپشتی ئەندامانی خێزانەکەت بەدەست دەهێنیت، ئامۆژگاری دەکرێیت ئاگاداری دۆخی تەندروستیت بیت، ڕەنگە لەگەڵ هاوبەشی ژیانتدا گەشتێك بکەیت بۆ شوێنی دڵخوازت.


### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەمڕۆ کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوبەشی ژیانت بەسەر دەبەیت، باری داراییت باش نابێت، ئامۆژگاری دەکرێت خەرجییەکانت کەمبکیتەوە، ئەگەرنا لەوانەیە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی گەورە ببیتەوە، بەڵام لە ماندووبوونت سەرکەوتوو دەبێت و بەم زووانە ئەنجامێکی باشت دەست دەکەوێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەمڕۆ هەست بە وزەیەکی زۆر دەکەیت، هەموو ئەرکەکانت لە کاتی خۆیدا تەواو دەکەیت، باری داراییت باش دەبێت، سۆز و پشتیوانیی هاوبەشی ژیانت بەدەست دەهێنیت، بەڵام ئامۆژگاری دەکرێت ئەگەر تووشی کێشەیەکی بچووکیش بوویت کە پەیوەندی بە تەندروستییەوە هەبوو، ئەوا پشتگوێی مەخە و ڕاوێژ بە پزیشکێکی باش بکە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly November 16, 2024 Issue,No.1430

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و رێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی –٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاورێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq

